# هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر

## سامان سەلاح لەتیف

## ماستەرنامە

******


**کەناڵی**

**(سەرچاوەی زمان و ئەدەب و ڕێگەکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)**

☟

**https://t.me/Sercawe**

لەم کەناڵەی تیلیگرامدا، ئەم سەرچاوانە هەیە:

١-زمانی کوردی

٢-ئەدەبی کوردی

٣-پەوەردە/ ڕێگەکانی وانەوتنەوە/ بوارەکانی دەروونزانی بە زمانی کوردی

٤- فەرهەنگی کوردی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی بەغدا
کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی زمانی کوردی / خوێندنی باڵا - ماستەر

# هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر

نامەیەکە
( سامان سەلاح لەتیف)

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغدای کردووە بەشێکە لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەری پەروەردە لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردیدا .

بە سەرپەرشتی
پرۆفیسۆر
عەلی داوود جوامێر

سەرماوەزی ( ٢٧٢١ )ی کوردی زولحەججەی ( ١٤٤٣ )ی کۆچی تشرینی دووەمی ( ٢٠٢١ )ی زاینی

بسم الله الرحمن الرحيم

لقد خلقنا الإنسان في أحسن تقويم

**صدق الله العظيم**

**( سورة طه ، الآية ١١٤ )**

## بڕیاری سەرپەرشت

گەواهی دەدەم کە ئەم نامەیە بە ناونیشانی ( هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر ) فێرخواز (سامان سەلاح لەتیف) بە سەرپەرشتی من لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغدا ئامادەی کردووە ، بەشێکە لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەری پەروەردە لە ( ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی )دا.

سەرپەرشت

واژۆ:

ناو و ناسناو : پ . عەلی داوود جوامێر

ڕێکەوت: ٢١ / ١١ / ٢٠٢١

بە پێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشت ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ. عەلی داوود جوامێر

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

٢١ / ١١ / ٢٠٢١

## بڕیاری شارەزای زمانەوانی

گەواهی دەدەم کە ئەم نامەیە بە ناونیشانی ( هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر ) فێرخواز (سامان سەلاح لەتیف). لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغدا ئامادەی کردووە ، بەشێکە لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەری پەروەردە لە ( ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی )دا ، بینیم لە لایەنی زمانەوانی و دەربڕینەوە گونجاوە بۆ تاوتوێکردن ، لەبەر ئەوە واژۆم کردووە .

شارەزای زمانەوانی

واژۆ:

ناو و ناسناو : پ . د . سەباح موسا عەلی

زانکۆ و کولێژ: کەرکوك - پەروەردە

ڕێکەوت: ٨ / ٩ / ٢٠٢١

**بڕیاری شارەزای زانستی**

گەواهی دەدەم کە ئەم نامەیە بە ناونیشانی ( هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر ) فێرخواز (سامان سەلاح لەتیف) لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغدا ئامادەی کردووە ، بەشێکە لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەری پەروەردە لە ( ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی )دا ، بینیم لە لایەنی زانستییەوە گونجاوە بۆ تاوتوێکردن ، لەبەر ئەوە واژۆم کردووە .

شارەزای زانستی

واژۆ:

ناو و ناسناو : پ . ی . عومەر عادل عەباس

زانکۆ و کولێژ: گەرمیان – پەروەردەی بنەڕەتی

ڕێکەوت: ١٦ / ٩ / ٢٠٢١

شارەزای زانستی

واژۆ:

ناو و ناسناو : پ.ی.د .کەریم ئەحمەد عەزیز

زانکۆ و کولێژ: گەرمیان - پەروەردەی بنەڕەتی

ڕێکەوت: ٢١ / ٩ / ٢٠٢١

**بڕیاری شارەزای ئامار**

گەواهی دەدەم کە ئەم نامەیە بە ناونیشانی ( هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر ) فێرخواز (سامان سەلاح لەتیف) لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغدا ئامادەی کردووە ، بەشێکە لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەری پەروەردە لە ( ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی )دا ، بینیم لە لایەنی ئامارییەوە گونجاوە بۆ تاوتوێکردن ، لەبەر ئەوە واژۆم کردووە .

شارەزای زانستی

واژۆ:

ناو و ناسناو : پ . ی . د . رزگار مەغدید ئەحمەد

زانکۆ و کولێژ: سەڵاحەدین - هەولێر / کارگێڕی و ئابووری

ڕێکەوت: ٢٨ / ٩ / ٢٠٢١

**بڕیاری لیژنەی تاوتوێکردن**

ئێمە سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان خوێندەوە ، کە بە ناونیشانی ( هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر ) و لەگەڵ قوتابییەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا ، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماستەری پەروەردەی لە ( رێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی )دا پێبدرێت .

| | |
|---|---|
| واژۆ/ | واژۆ/ |
| ناو و ناسناو/ پ. ی . د صباح جليل خليل | ناو و ناسناو/ پ. ی . د. مناضل عباس قاسم |
| ئەندام | ئەندام |
| رێکەوت: ٢٠ / ١٢ / ٢٠٢١ | رێکەوت: ٢٠ / ١٢ / ٢٠٢١ |
| واژۆ/ | واژۆ/ |
| ناو و ناسناو/ پ. علي داود جوامير | ناو و ناسناو/ پ. د. مهاباد عبدالكريم احمد |
| ئەندام و سەرپەرشت | سەرۆکی لیژنە |
| رێکەوت: ٢٠ / ١٢ / ٢٠٢١ | رێکەوت: ٢٠ / ١٢ / ٢٠٢١ |

لە لایەن ئەنجومەنی ( کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان – زانکۆی بەغدا )ەوە پەسەندکرا.

**پ. د علاوي سادر جازع**
**ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد**
**بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان**
**ڕێکەوت:   /   /   ٢٠٢**

## پێشکەشە بە

- باوك و دایكم كە هەمیشە مامۆستا و ئامۆژگارم بوونە ، وەكو مۆم توانەوە بۆ ڕووناككردنەوەی ڕێگای ژیانم.
- هاوژینی خۆشەویستم هاوبەشی خۆشی و ژانم ، كوڕە شیرینەكام ، كچە ئازیزەكەم.
- خوشكەكانم ، براكانم خەمخۆر و دڵسۆزەكانم.
- ئەوانەی ڕێگەی زانستیان بۆ ڕۆشنكردمەوە ، مامۆستاكانم.
- هەموو زانستخوازێك ، ئاشتیخوازێك ، نیشتیمانپەروەرێك.

**ئەم هەوڵە بابەتییە بە شانازییەوە پێشكەش دەكەم.**

**لێكۆڵەر**

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم بۆ مامۆستا و سەرپەرشت (پ . عەلی داوود جوامێر ) بۆ هەوڵ و ماندووبوون و دڵسۆزی بەڕێزی لە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەنگاوەکانی نووسینەوەی ئەم نامەیە. هەروەها سوپاسی بێپایانم بۆ بەڕێزان لە ئەندامانی لیژنەی سیمینار بە ڕاوبۆچوونە ناوازەکانیان توانیان کاریگەرییەکی گەورەیان هەبێت هەر لە دەستنیشانکردنی ناونیشانی نامەکە و دیاریکردن و ریکخستنی هەنگاوەکان ، سوپاسی تایبەتیم بۆ بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد لە زانکۆی بەغدا ، سوپاسم هەیە بۆ شارەزایانی زمانەوانی و زانستی کە نامەکەیان بە تێبینییەکانیان بەهێزتر کرد.

جوانترین دەستەواژەی سوپاس و پێزانین بۆ ئەو بەڕێزانەی کە لە ڕووی پەروەردەیی وزانستی و بابەتییەوە یارمەتیدەرم بوون ، هەروەها سوپاس بۆ مامۆستایان و هاوڕێیانی ئازیزم لە خوێندنی باڵا و هەموو ئەوانەی کە پرس و ڕام پێکردوون. سوپاسم هەیە بۆ کتێبخانەکانی ( زانکۆی بەغداد ، زانکۆی سلێمانی ، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر ، زانکۆی چەرموو ، زانکۆی هەڵەبجە ، زانکۆی گەرمیان ، زانکۆی کۆیە ، زانکۆی کەرکوك ) ، سوپاس و پێزانینی تەواوم هەیە بۆ سەرجەم ئەو بەڕێزانەی کە لە بەئەنجام گەیاندنی ئەم نامەیەدا هاوکارم بوون.

**لێکۆڵەر**

## پێڕستی ناوەڕۆک


| بابەت | | لاپەڕە |
|---|---|---|
| قورئانی پیرۆز | | II |
| بڕیاری سەرپەرشت | | III |
| بڕیاری شارەزای زمانەوانی | | IV |
| بڕیاری شارەزای زانستی | | V |
| بڕیاری شارەزای ئامار | | VI |
| بڕیاری لیژنەی تاوتوێکردن | | VII |
| پێشکەشکردن | | VIII |
| سوپاس و پێزانین | | IX |
| پێڕستی ناوەڕۆک | | X - XI |
| پێڕستی خشتەکان | | XII |
| پێرستی پاشکۆکان | | XIII |
| پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی کوردی | | XIV - XVI |
| **بەشی یەکەم/ ناساندنی لێکۆڵینەوەکە** | | ١ |
| ١-١ کێشەی لێکۆڵینەوەکە | | 3-٢ |
| ١-٢ گرنگی لێکۆڵینەوەکە | | ٤ - ٥ |
| ١-٣ ئامانجی لێکۆڵینەوەکە | | ٥ |
| ١-٤ سنووری لێکۆڵینەوەکە | | ٦ |
| ١-٥ دیاریکردنی زاراوەکان | | ٦ - ٩ |
| **بەشی دووەم/** | | |
| ٢ – ١ | لایەنی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو | ١٠ |
| ٢ – ١ - ١ | هەڵسەنگاندن | ١١ |
| ٢ - ١ - ٢ | چەمکی هەڵسەنگاندن. | ١١ |
| ٢ - ١ - ٣ | جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندن | ١٢ |
| ٢ - ١ - ٤ | هەنگاوەکانی هەڵسەنگاندن | ١٢ - ١٣ |
| ٢ - ١ - ٥ | جۆرەکانی هەڵسەنگاندن | ١٣ - ١٧ |
| ٢ - ١ - ٦ | بوارەکانی هەڵسەنگاندن | ١٧ – ١٩ |
| ٢ - ١ - ٧ | تایبەتمەندییەکانی هەڵسەنگاندن | ١٩ - ٢١ |
| ٢ - ٢ | هەڵسەنگاندنی مامۆستا | ٢٢ |
| ٢ - ٢ - ١ | چەمکی هەڵسەنگاندنی مامۆستا | ٢٢ - ٢٣ |
| ٢ - ٢ - ٢ | سەرچاوە ی هەڵسەنگاندنی مامۆستا | ٢٣ - ٢٤ |
| ٢ - ٢ – ٣ | ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستا | ٢٤ - ٢٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢ - ٢ - ٤ | كێشەكانی هەڵسەنگاندنی مامۆستا | ٢٩ ـ ٣٢ |
| ٢ - ٢ - ٥ | لایەنەكانی هەڵسەنگاندنی مامۆستا | ٣٢ |
| ٢ - ٣ | بابەتی زمان و ئەدەبی كوردی | ٣٢ ـ ٣٤ |
| ٢ ــ ٤ | كوالێتی گشتگیر | ٣٥ |
| ٢ ــ ٤ ــ ١ | چەمكی كوالێتی گشتگیر | ٣٥ ـ ٣٧ |
| ٢ ــ ٤ ــ ٢ | بنەما و پێوەرەكانی كوالیتی گشتگیر | ٣٧ ـ ٤٠ |
| ٢ - ٤ - ٣ | گرەنتی كوالێتی لە كارڕایی مامۆستایاندا | ٤١ ـ ٤٣ |
| ٢ - ٥ | لێكۆڵینەوەكانی پێشوو | ٤٣ |
| ٢ - ٥ - ١ | لێكۆڵینەوەكان بە زمانی عەرەبی | ٤٣ ـ ٥١ |
| ٢ ــ ٥ - ٢ | لێكۆڵینەوەكان بە زمانی بیانی | ٥١ ـ ٥٣ |
| ٢ - ٥ - ٣ | هاوسەنگی لە نێوان ئەم لێكۆڵینەوەیە و لێكۆڵینەوەكانی پێشوودا. | ٥٣ ـ ٥٧ |
| ٢ - ٥- ٤ | لایەنی سوودبەخشین لە لێكۆڵینەوەكانی پێشوودا. | ٥٨ |
| بەشی سێیەم | | ٦٠ |
| ٣-١ | پرۆگرامی توێژینەوە و ڕێكارەكانی | ٦٠ |
| ٣-٢ | كۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەكە | ٦٠ |
| ٣-٣ | ئامرازی توێژینەوەكە | ٦١ |
| ٣-٣-١ | ئامادەكردنی ئامراز | ٦١ |
| ٣-٣-٢ | ڕا وەرگرتنی سەرەتایی | ٦١ ـ ٦٢ |
| ٣-٣-٣ | ڕاستی و دروستی ئامراز | ٦٣ ـ ٦٤ |
| ٣-٣-٤ | نەگۆڕی ئامراز | ٦٤ |
| ٣-٣-٥ | جێبەجێكردنی ئامراز | ٦٥ |
| ٣-٤ | ئامرازەكانی ئاماركردن | ٦٥ ـ ٦٦ |
| بەشی چوارەم | | ٦٧ |
| | خستنەڕوو و شیكردنەوەی ئەنجامەكان | ٦٨ ـ ٨٥ |
| بەشی پێنجەم | | ٨٦ |
| ٥-١ | دەرئەنجامەكان | ٨٦ ـ ٨٧ |
| ٥-٢ | ڕاسپاردەكان | ٨٧ ـ ٨٨ |
| ٥-٣ | پێشنیارەكان | ٨٨ ـ ٨٩ |
| سەرچاوەكان | | ٩٠ ـ ١٠٠ |
| پاشكۆكانی توێژینەوەكە | | ١٠١-١٢٠ |
| پوختەی لێكۆڵینەوەكە بە زمانی عەرەبی | | ١٢١-١٢٢ |
| پوختەی لێكۆڵینەوەكە بە زمانی ئینگلیزی | | A – B - C |

# پێڕستی خشتەکان


| ژ | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٣-١ | خوێندنگە بنەڕەتییەکانی سەر بە بەشی خوێندنی کوردی لە سنووری شاری کەرکووک | ٦٠ |
| ٣-٢ | ژمارەی بڕگە و ڕەهەندەکانی فۆڕمی ڕاپرسی | ٦٢ |
| ٤-١ | ڕەهەندی ئامانجەکان | ٧٠-٧١ |
| ٤-٢ | ڕەهەندی کەسێتی | ٧٢-٧٣ |
| ٤-٣ | ڕەهەندی هەڵسەنگاندن | ٧٤-٧٦ |
| ٤-٤ | ڕەهەندی هۆکارەکانی فێرکردن | ٧٧-٧٨ |
| ٤-٥ | ڕەهەندی نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی وانەکە | ٧٩-٨٠ |
| ٤-٦ | ڕەهەندی پەرەپێدانی لێهاتوویی و بەها و ئاراستەکان | ٨٢-٨٣ |
| ٤-٧ | ڕەهەندی بەڕێوەبردنی پۆل و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان | ٨٤-٨٥ |

# پێڕستی پاشكۆكان


| ژ | ناونیشانی پاشكۆكان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | فۆڕمی ڕاوەرگرتنی سەرەتایی | ١٠٢-١٠٥ |
| ٢ | فۆڕمی ڕاپرسی بە شێوازی سەرەتایی | ١٠٦-١١٠ |
| ٣ | ناوی ئەندامانی لیژنەی بڕیاردان | ١١١ |
| ٤ | فۆڕمی ڕاپرسی كۆتایی | ١١٢-١١٦ |
| ٥ | ناوی قوتابخانەكانی سنووری لێكۆڵینەوەكە | ١١٧-١١٩ |

**پوختەی لێکۆڵینەوەکە:**

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر ، لە ڕێگەی زانینی ئاستی کارڕاییان و دیاریکردنی خاڵی لاواز و بەهێزی مامۆستایان لە قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتیدا لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا. لێکۆڵەر ڕێبازی وەسفی بەکارهێناوە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا و هەستاوە بە ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی کارڕایی مامۆستایان وەکو ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە.

لێکۆڵەر لیستێکی بۆ پێوەرەکانی وانەوتنەوە ئامادە کردووە ئەمەش بە پشتبەستن بە ڕاپرسی سەرەتایی و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو. لە دوای دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی و جێگیری ئامرازەکە لێکۆڵەر فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی کۆتایی ئامادەکردووە کە لە ( ١٠٧ ) بڕگە پێکهاتووە دابەشکراون بەسەر ( ٧ ) ڕەهەنددا کە ئەمانەن ( ئامانجەکان ، کەسێتی ، هەڵسەنگاندن ، هۆکارەکانی فێرکردن ، نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی وانەکە ، پەرەپێدانی لێهاتوویی و بەها و ئاراستەکان ، بەڕێوەبردنی پۆل و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان ).

نموونەی لێکۆڵینەوەکە بریتین لە مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سەر بە بەشی خوێندنی کوردی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکووك ، لێکۆڵەر ئامرازەکانی بەسەر تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکەدا جێبەجێکرد کە کۆی گشتیان ( ٦٣ ) مامۆستایە لە هەردوو ڕەگەزی نێرومێ لە وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠ - ٢٠٢١ هەروەها لێکۆڵەر کۆمەڵێك جۆرەکانی ئامارکردنی بەکارهێناوە لە لێکۆڵینەوەکاندا وەکو ( هاوکێشەی بەیەکەوە بەستنەوەی پێرسۆن ، ناوەندی شیاو ، کێشی سەدی ).

**لێکۆڵەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا بە کۆمەڵێك ئەنجام گەیشتووە:**

١- بەشێوەیەکی گشتی نواندنی کارڕاییەکانی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا لە ئاستێکی بەهێزدایە ، ئەمەش بە بەراوردکردنی تێکڕای گشتی ناوەندی شیاوی سەرجەم ڕەهەندەکان لەگەڵ پێوەری دیاریکراوی لێکۆڵینەوەکەدا ، چونکە لە کۆی حەوت ڕەهەند کە بریتین لە ( ئامانجەکان ، کەسێتی ، هەڵسەنگاندن ، هۆکارەکانی فێرکردن ، نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی وانەکە ، پەرەپێدانی لێهاتوویی و بەها و ئاراستەکان ، بەڕێوەبردنی پۆل و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان ) ، شەش ڕەهەندیان ئاستی بەهێزیان نواندووە .

٢- ئاستی نواندنی کارڕاییەکانی ڕەهەندەکانی ( ئامانجەکان ، کەسێتی ، هەڵسەنگاندن ، هۆکارەکانی فێرکردن ، پەرەپێدانی لێهاتوویی و بەها و ئاراستەکان ، بەڕێوەبردنی پۆل و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان ) لای مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا ، ئاستێکی بەهێز و پەسەندیان هەیە ، چونکە بەشێوەیەکی گشتی ناوەندی شیاوی زۆرینەی بڕگەکان لە پلەی دوو تێپەڕی کردووە.

٣- ڕەهەندی ( نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی وانەکە ) ئاستێکی لاوازی نواندووە ، چونکە بەشێوەیەکی گشتی ناوەندی شیاوی زۆرینەی بڕگەکان لە پلەی دوو تێپەڕی نەکردووە .

٤- هەندێك بڕگەکان لە سەرجەم ڕەهەندەکاندا دەکەونە پلەی یەکەمەوە ، ئەمەش بە هۆی بایەخدانی مامۆستایانەوە بەم بڕگانە لە وانەوتنەوەدا ، وەکو:
- بەکارهێنانی پەرتووکی قوتابخانە لە داڕشتنی ئامانجە فێرکارییەکاندا.
- ڕێزگرتن لە ڕاوبۆچوونی فێرخوازان.

لە لایەکی دیکەوە هەندێك بڕگەکان لە سەرجەم ڕەهەندەکاندا ، دەکەونە پلەی کۆتاییەوە و ئاستیان نزمە ، ئەمەش بە هۆی بایەخنەدانی مامۆستایان بەم بڕگانە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا ، کە ئەمانەن:

- داڕشتنی ئامانجە فێرکارییەکان بەشێوەیەك ، توانای پێوانەی هەبێت بە پێی ڕێنماییەکان.
- بەکارهێنانی شێوازی جیاواز لە هەڵسوکەوت بە پێی ئاست و لێهاتوویی فێرخوازان .

لێکۆڵەر لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە ڕوو:

١- چاوپێداخشاندنەوە و گرنگیدانی زیاتر بە بابەتەکانی ناو پرۆگرامی ناو کۆلێژەکانی پەروەردە ، سەبارەت بە پێگەیاندن و ئامادەکردن و ڕاهێنانی فێرخوازانی ئەم کۆلێژانە ، بە تایبەت لە بوارەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و کارڕاییەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی ، چونکە دواتر فێرخوازانی ئەم کۆلێژانەن وەکو مامۆستا لە قوتابخانەکاندا وانە دەڵێنەوە.

٢- سوود وەرگرتن و پشتبەستن بە لیستی پێوەرەکان کە لێکۆڵەر لە هەڵسەنگاندنی کارڕاییەکانی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی پێیگەیشتووە.

٣- ئەنجامدانی خولی بەردەوام بۆ مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە سەر ڕێگاکانی وانەوتنەوە و هۆکارەکانی فێرکردن ، بە تایبەتی خولی شیاندن و ڕاهێنان و بەهێزکردن و جەختکردنەوە لەسەر لێهاتووییەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی ، بە تایبەتیش ئەو کارڕاییانەی کە مامۆستایان ئاستێکی لاوازیان نواندووە ، وەك کارڕاییەکانی ڕەهەندی نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی وانەکە.

دوای ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ، لێکۆڵەر لە میانەی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە ، پێشنیازی ئەنجامدانی چەند لێکۆڵینەوەیەك دەخاتەڕوو:

١- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی هاوشێوە بەڵام لەسەر ئاستی سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بێت ، ئەمەش بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و دەرخستنی وێنەیەکی گەورەتر و ڕونتری ئاستی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا.
٢- هەڵسەنگاندنی ئاستی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە سەر ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکاندا لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا.
٣- هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغی دواناوەندیدا لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا.

# بەشی یەکەم

## ناساندنی لێکۆڵینەوەکە

١ ـ ١  کێشەی لێکۆڵینەوەکە

١ ـ ٢  گرنگی لێکۆڵینەوەکە

١ ـ ٣  ئامانجی لێکۆڵینەوەکە

١ ـ ٤  سنووری لێکۆڵینەوەکە

١ ـ ٥  دیاریکردنی زاراوەکان

**١ - ١ کێشەی لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵەر تێبینی ئەوەی کردووە کە زۆربەی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی پێویستی زۆریان بە شارەزایی و زانیاری فراوان هەیە لەسەر کارڕایی و لاوازی و سستی لەم بوارەدا بەدیکرد ئەمەش بە هۆی ئەوەی لێکۆڵەر ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەیەکی تایبەتە بە بواری پەروەردە و فێرکردن لە کەناڵی ئاسمانی کەرکووك و سەردانی مەیدانی هەبووە پێشتر بۆ زۆربەی قوتابخانەکانی بەشی خوێندنی کوردی لە کەرکوك ، لە لایەکی ترەوە لێکۆڵەر فۆرمێکی ڕاپرسی کراوەی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی مامۆستایان خستوەتە بەردەست ژمارەیەك لە مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتییدا لە هەندێك لە قوتابخانەکانی سەر بە خوێندنی کوردی لە شاری کەرکوکدا ، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە لاوازی هەیە لە هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایاندا .

هەروەها هەرچەندە بەرنامە و پڕۆگرامی تایبەت هەیە بە هەڵسەنگاندنی مامۆستایان ، بەڵام تاکو ئێستا نەتوانراوە لەگەڵ سروشتی سەردەم و گۆڕانکارییە خێراکانی ژیان یەکبگرنەوە یان ئامراز و هۆکارەکانی بەکارهاتوو لە هەڵسەنگاندنی مامۆستایاندا سەردەمیانە نین و لە ئاست پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی بواری پەروەردە و فێرکردندانین ، چونکە مامۆستا داینەمۆی پرۆسەکە و هێنانەدی ئامانجەکانی بوارەکەیە.

بە مەبەستی سەلماندنی لە ڕاستی و دروستی بوونی کێشەی لێکۆڵینەوەکە پێویستە ئاماژە بکەین بە کۆمەڵێك لە سیمینار و کۆڕ و کۆنگرە و توێژینەوە و ڕاپرسیەکانی تایبەت بەم بوارە کە ئەنجامی هەموویان ئەوە دەسەلمێنن کە بە گشتی باس لە بەرزکردنەوەی ئاستی کارڕایی مامۆستایان دەکەن بە تایبەتیش مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لەو پێناوەشدا بۆ چارەسەرکردنی خاڵە لاوازەکانیان کۆمەڵێك ڕاسپاردە و پێشنیارکراوە و کۆنگرە و سیمینارەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و ناوخۆیی عێراق سازدراون.

وەزارەتی پەروەردەی عێراق گرنگییەکی تایبەتی بە بواری هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان داوە و لە سەرجەم کۆنگرە و کۆنفرانسەکاندا جەخت کراوەتەوە لەسەر ئەوەی کە ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان کاتێك بەدی دێن کە مامۆستایان خاوەن توانا و کارڕایی و ئاست و لێهاتوویی و بەسبوونی تەواوبن. بۆ نموونە لە بەرنامەی کاری فێرکردنی دواناوەندییەکاندا لە ساڵی ١٩٨٠.
( عدس ، ٢٠٠٥ ، ل ٧٣ )

کۆنگرەی یازدەیەمی پەروەردە و فێرکردن کە لە شاری بەغداد لە ساڵی (٢٠٠٥) بەستراوە جەخت دەکاتەوە لەسەر لاوازی توانا و لێهاتوویی و کارڕایی مامۆستایان و پێشنیاری پەرەپێدانی پڕۆگرامی خوێندن وەك گەشەپێدانی ئامانجەکان و ناوەڕۆکی فێرکاری و ڕێگا و ئامرازەکانی وانەوتنەوە دەکات ، پاشان ڕاپۆرتی ڕێکخراوی یونسکۆ تایبەت بە عێراق ئاماژە دەکات بە نزمی ئاستی کارڕایی مامۆستایان و نەبوونی لێهاتوویی و بەسبوونی وانەوتنەوە بە گشتی. ( وەزارەتی پەروەردە ، ٢٠٠٧ ، ل ٤٧ )

کۆنگرەی سێیەمی پەروەردەیش کە لە ساڵی ( ٢٠٠٥ ) لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە باس لەوە دەکات کە کارڕایی مامۆستایان لە ئاستێکی بەرزدا نییە و ئەمەش پێویستی بە کردنەوەی خولی زانستی و بەهێزکردن هەیە بۆ بەرزکردنەوەی توانا و کارڕایی وانەوتنەوە.

لە کۆنگرەی جیهانی بۆ خوێندنی باڵا لە هەولێر لە ساڵی (٢٠٠٧) لە توێژینەوە ئامادەکراوەکانیدا ئاماژە بەوەدەکات کە لاوازی ئاستی وانەوتنەوە و کۆنی شێوازی وانەوتنەوە لە لای مامۆستایانەوە بە ڕوونی دیار و ئاشکرایە ، هەروەها پێشنیازی کردنەوەی خولی شیاندن بۆ مامۆستایان دەکات بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاست و کارڕایی مامۆستایان. ( قەرەچەتانی ، ٢٠٠٩ ، ل ٦٢ )

لێرەوە لێکۆڵەر هەستی بە بوونی ئەم کێشەیە کردووە ، کە ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردی زانستی هەیە ، هەر بۆیە لێکۆڵەر دەیەوێت هەڵسەنگاندنێك بۆ کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی سەر بە خوێندنی کوردی لە شاری کەرکوك ئەنجام بدات ، بۆ ئەم مەبەستە دەپرسێت:

١. ئایە کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتییدا لە چ ئاستێکدایە؟
٢. خاڵی لاوازی کارڕایی مامۆستایان چییە؟ چارەسەرەکان کامانەن؟.

**١ - ٢ گرنگی لێکۆڵینەوەکە:**

پرۆسەی پەروەردە بریتییە لە پرۆسەیەکی درێژ خایەن و گشتگیر و هەمەلایەن ، ئەمپرۆسەیە خۆی لە ئاشناکردنی تاك بە برێك لە زانیاری و شارەزایی و زانست و رۆشنبیری دەبینێتەوە پەروەردە هەر لە دێر زەمانەوە بە شێوازی جۆراوجۆر بوونی هەبووە و کاریگەری خۆی لەسەر بوار و کایە گرنگەکانی کۆمەڵگە بەجێهێشتووە. پەروەردە مەبەست و ئامانجی ئەوەیە کۆمەڵگە گەشە بکات و پێش بکەوێت لە رێگەی پێگەیاندنی تاکەکانییەوە ، ئەم پرۆسەیە پێویستی بە هەردوو لایەنی مرۆیی و ماددی هەیە ، لایەنی مرۆیی لە پرۆسەی پەروەردەدا خۆی لەو کەسانەدا دەبینێتەوە کە ئەرك و رۆڵ دەگێڕن لە بەردەوامیدان و بەرە وپێشبردنی ئەم پرۆسەیەدا ، هەرچی لایەنی ماددیە بریتییە لە کەل و پەل و پێداویستی و بینا و هەتا دوایی.

سەبارەت بە زمانیش بریتییە لە هۆیەك بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیر و ڕاو بۆچوونەکان و تێگەیشتنی تاکەکان لە یەکتر ، زمان لە پرۆسەی پەروەردەدا رۆڵێکی زۆر دەبینێت بە هۆی هۆکاری گەیاندنی پەیامەکانی ئەو بوارەیە ، بە بێ بوونی زمان کۆمەڵگەی مرۆڤایەوتی بەشێوەیەکی سەرەتایی دەمایەوە ، دروستبوونی زمان لە سەرەتادا بە شێوەی ئاماژە و دواتر دەنگی جۆراو جۆر و پاشان پەیدابوونی پیت و وشەکان و تێگەیشتن لە یەکتری . ( سالی ، ١٩٩٧ ، ص ١٩٥ )

زمانی کوردی وەك یەکێك لە زمانە گرنگ و ڕەسەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی و جیهان بە گشتی بریتییە لەو زمانەی کە خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژە لە ئێستادا لەسەر ئاستی جیهانی پێگە و جێگەیەکی دیار و بەرچاوی هەیە زیاتر لە چل ملیۆن کەس ئاخافتنی پێ دەکەن ، زمانی کوردی خاوەن ڕێزمان و ئەدەبێکی فراوان و دێرینە دەیان پیسپۆڕ و شارەزا و سەدان لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی بواری زمانەوانی لەسەر زمانی کوردی ئەنجام دراوە. ( عەزیز ، ٢٠١٢ ، لا ١٢٨ )

پرۆسەی فێرکاری وەك یەکێك لە پرۆسە گرنگەکانی خاوەن هێزێکی کاریگەر بۆ دروستبوونی گۆڕانکاری لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا دەژمێردرێت ، یەکێك لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم پرۆسەیە مامۆستایە ، مامۆستاش بۆ ئەوەی پێگە و سەنگی خۆی بنوێنێت پێویستە چالاك و کارا بێت ، بێگومان هەڵسەنگاندنی مامۆستا بە فاکتەرێکی سەرەکی چاکبوون و نوێبوونەوەی دادەنرێت و پەیوەندییەکی پتەو و بەهێز هەیە لە نێوان هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستا و

نـــوێبوونـــەوە و گەشەکردنـــی مامـــۆستا لە سـەرجـــەم بوارەکـــاندا.
( دندش ، ٢٠٠٢ ، ص ١٠٩ )

دەتوانین گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم چەند خاڵەی لای خوارەوە دیاری بکەین:

١. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵئەدات بۆ دیاریکردنی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی ، چونکە دەتوانرێت خاڵە بەهێزەکان زۆرتر و باشتر بکرێت و دیاریکردنی خاڵە لاوازەکانیش لەم پرۆسەیەدا هەنگاوی یەکەمە بۆ چاککردنیان و بەدیهێنانی پرۆسەی گەشەکردن.
٢. ئەم لێکۆڵینەویە مەبەستی ئەوەیە ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان زۆرتر و فراوانتر بکات وەك هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان لە لایەن هاوڕێکانیانەوە یان دایك و باوکی فێرخوازانەوە.
٣. ئەم لێکۆڵینەوە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ بەهێزکردنی مامۆستایان ئەمەش لە رێگەی ئەنجامدانی پڕۆگرام و خوولی ڕاهێنانی مامۆستایان و پێدانی زانیاری نوێ و فراوان بە مامۆستایان لەسەر بابەتی هەڵسەنگاندن.
٤. لە داهاتوودا ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ سوود بەخشین بەو کەسانەی کە مەبەستیانە لەسەر هەمان بابەت یان نزیك لەم بابەتەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن ، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە.
٥. سوودی دەبێت بۆ ئەو بنکە و زانکۆ و پەیمانگا و ناوەندانەی کە تایبەتن بە ئامادەکردن و بەهێزکردنی مامۆستایانی زمانی کوردی ئەمەش لە پاش دیاریکردنی لایەنی لاوازی لێکۆڵینەوەکە و هەوڵدان بۆ باشترکردن و بەهێزکردنی لێکۆڵینەوەکە.

### ١-٣ ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە:

هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتـی گشتگیر لە قوتابخانەکانی بەشی خوێندنی کوردی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکووك لە شاری کەرکووك .

**١-٤ سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

**١- سنووری کاتی:**

لێکۆڵینەوەکە لە ڕووی کاتەوە لە وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٠ – ٢٠٢١ ) ئەنجامدرا.

**٢- سنووری شوێنی:**

قوتابخانە حکومییە بنەڕەتییەکانی بەشی خوێندنی کوردی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکووك لە شاری کەرکووك گرتوەتەوە.

**٣- سنووری مرۆڤایەتی:**

مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی بەشی خوێندنی کوردی لە شاری کەرکووك بەشدارییان کرد.

**١-٥ دیاریکردنی زاراوەکان:**

**١- هەڵسەنگاندنی کارڕایی:**

- مطاوي ( ١٩٨٢ ) پێناسەی کردووە:-

پرۆسەی پێوانەی بابەتییە ( بۆ قەبارە و ئاست ) ئەوەی بەدەستهێناوە بە بەراوردکردنی کە بەوەی مەبەستە (لە بڕ و چۆنێتی). ( مطاوی ، ١٩٨٢ ، ص ٧٧ ).

- ابو صعليك ( ١٩٩٧ ) پێناسەی کردووە:-

پرۆسەیەکە کە دەتوانرێت بە هۆیەوە تواناو ئاستی هەوڵدانی کارمەندان دیاری بکرێت لە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە پێیان سپێردراوە ، هەروەها بڕیاردان لەسەر شێوازی تاك لە میانەی هەڵس و کەوتی لە کاتی کارکردندا. ( ابو صعليك ، ١٩٩٧ ، ص ٣٥ )

- زەیتون ( ٢٠٠٦ ) پێناسەی کردووە:-

بریتییە لە بەدەستهێنانی ڕاستی و داتای دیاریکراو کە بە هۆیەوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کارڕایی تاك بۆ کارەکەی لە کاتێکی دیاریکراودا و دیاریکردنی ئاستی توانای زانستی و هونەری بۆ پەرەپێدانی بەرپرسیارێتی و ئەرکەکان لە ئێستا و داهاتوودا.
(زەیتون ، ٢٠٠٦ ، ص ٨ )

- لێكۆڵەر پێناسەی ڕێكاری كردووە :

بریتییە لە پرۆسەی دیاریكردنی ئاستی بەجێهێنانی ئەركی وانەوتنەوەی مامۆستایان ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی توانای پێویست لە وانەوتنەوە بۆ ئەم مەبەستە.

**٢- مامۆستایان:**

- مصطفی ( ٢٠٠٢ ) پێناسەی كردووە:-

مامۆستا لایەنی گیانی و ژیری و جەستەیی و لێهاتوویی و ویژدانی فێرخوازان بەشێوەیەكی دروست گەشە پێدەدات ، جگە لە ئاوێتەبوون لەگەڵ ژینگە و خزمەتی كۆمەڵگە ، مامۆستا بە واتای نوێ بریتییە لە نمونە و ڕووی شارستانیەت چونكە نەوەی داهاتوو لە ئەستۆی مامۆستادایە. ( مصطفی ، ٢٠٠٢ ، ص ٨٥ )

- دعمس ( ٢٠٠٧ ) پێناسەی كردووە:-

مامۆستا ئەو كەسەیە كە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی كردەوەی فێركاری و پەروەردەكردنی فێرخوازان ئەمەش لە ڕێگەی گواستنەوە و ئاراستەكردنی كۆمەڵێك شارەزایی و زانیاری بۆ فێرخوازان بە ڕێگە و ئامرازی گونجاو و سادە بۆ ئەوەی فێرخوازان بە ئاسانی زانیاری و شارەزاییەكانی وەربگرن. (دعمس ، ٢٠٠٧ ، ص ٧٩ )

- الدوسری ( ٢٠١٥ ) پێناسەی كردووە:-

مامۆستا بەو كەسانە دەوترێت كە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی پرۆسەی پەروەردە و فێركردن لە ناوەندەكانی خوێندندا بە مەبەستی پێگەیاندنی نەوەكان و ئامادەكردنیان بۆ داهاتوو ، یان مامۆستا ئەو كەسەیە كە بەرپرسە لە دابەشكردن و پێدانی زانیاری بە فێرخوازان ، مامۆستا لە یەك كاتدا فێركار و ڕاهێنەریشە چونكە ئەركی فێربوون و فێركردن و بەشداری كردنی چالاكی و وشیاركردنەوە و گەشەكردنێكی تەواو بۆ تاك فەراهەم دەكات. ( الدوسری ، ٢٠١٥ ، ص ٩٦)

- لێكۆڵەر پێناسەی ڕێكاری كردووە :

مامۆستا بنەمای سەرەكی پرۆسەی فێركردنە و سەركردە و ڕابەری كۆمەڵگەیە ، مامۆستا ئەو كەسەیە كە وەكو مۆم دەتوێتەوە لە پێناو ڕۆشنكردنەوەی بیر و هۆشی فێرخوازان و پێگەیاندنیان بە زانست و پەروەردە.

### ٣- پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی:

بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بریتییە لە بەشێك لە پڕۆگرامەکانی خوێندن لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی بەشی خوێندنی کوردی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکووك لە شاری کەرکووك ، ئەم پەرتووکە لە چەندین بەش و بابەت و تەوەر پێکهاتووە وەك ( ڕێزمان ، ڕێنووس ، ئەدەب ، خوێندنەوە ) بە هەردوو زاراوە سەرەکییەکە بابەتەکان دانراون.

### ٤- پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی:-

یەکێکە لە پۆلەکانی قۆناغی بنەڕەتی لە ناوەندەکانی خوێندندا ، خوێندکارانی ئەم پۆلە سەرجەم بابەتەکان دەخوێنن وەك زمانەکان و زانستەکان و هەتا دوایی تەمەنیان لە قۆناغی هەرزەکاریدایە

### ٥- کوالێتی گشتگیر:

- الشیخ ( ١٩٨٧ ) پێناسەی کردووە:-

بریتییە لە شێوەیەکی هاریکاری بۆ بەجێهێنانی کارەکان ئەمەش بە جوڵاندنی توانا و لێهاتوویی لە لای کارمەندان و کارگێڕی بۆ باشترکردنی ئەنجامەکان. ( الشیخ ، ١٩٨٧ ، ص ١٥١ )

- فضل ( ١٩٩١ ) پێناسەی کردووە:-

شێوازێکە بۆ چاککردنی جووڵە و ئەنجامدان ، نەرمی لە کارکردندا بە شێوەیەکی گشتی ، ڕێگەیەکە بۆ ڕێکخستن کە هەموو دەزگاکە یان دامەزراوەکە بگرێتەوە لەمەشدا هەموو بەشی چالاکی و کارمەندان لە هەموو ئاستەکاندا . ( فضل ، ١٩٩١ ، ص ٢٢٥ )

- لێکۆڵەر پێناسەی ڕێکاری کردووە:-

سیستمێکە بایەخ ئەدات بە داڕشتنی ئاستێکی دیاریکراو لە خزمەتگوزاری ، بە شێوەیەك کە ئاستی پێشبینییەکان تێدەپەڕێنێت.

### ٦- هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان:-

- بهاء الدین ( ١٩٩٩ ) پێناسەی کردووە:-

پرۆسەیەکە کە تاك یان کۆمەڵە کەسێك ئەنجامی ئەدەن بۆ زانینی ئاستی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتن لە بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکاندا کە لە پڕۆگرامەکاندا دیاری کراون ، هەروەها خاڵی لاواز و بەهێزی دەستنیشان

دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت ئامانجەکان بە باشترین شێوە بەدیبهێنرێت ، کەواتە هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی گشتگیرە. ( بهاء الدین ، ١٩٩٩، ص ١٠٨)

- علام ( ٢٠٠٣ ) پێناسەی کردووە:-

هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان پێناسە دەکرێت بەوەی بریتییە لە : کۆمەڵێك ڕووداو و بەجێهێنان کە بە هۆیەوە دەتوانرێت زانیاری و داتای تایبەت کۆبکرێتەوە لەسەر کەسێکی دیاریکراو ، لێکۆڵینەوەی داتاکان بە شێوازێکی زانستی بۆ دڵنیابوون لە مەودای بەدیهاتنی ئامانجە دیاریکراوەکان بە مەبەستی دەرکردنی بڕیارەکان. ( علام ، ٢٠٠٣ ، ص ٦٦)

- لێکۆڵەر پێناسەی ڕێکاری کردووە:-

هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان دەبێتە بەشێك لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن ، بریتییە لە پرۆسەی دەرکردنی بڕیار لەسەر ئاست و مەودای بەسبوونی مامۆستایان لە جێبەجێکردنی کارەکانیاندا بۆ بەدیهاتنی ئامانجە پەروەردەییەکان.

## بەشی دووەم
## لایەنی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو


٢ ــ ١ لایەنی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو
٢ ــ ١ - ١ هەڵسەنگاندن
٢ - ١ - ٢ چەمکی هەڵسەنگاندن.
٢ - ١ - ٣ جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندن
٢ - ١ - ٤ هەنگاوەکانی هەڵسەنگاندن
٢ - ١ - ٥ جۆرەکانی هەڵسەنگاندن
٢ - ١ - ٦ بوارەکانی هەڵسەنگاندن
٢ - ١ - ٧ تایبەتمەندێکانی هەڵسەنگاندن
٢ - ٢ هەڵسەنگاندنی مامۆستا
٢ - ٢ - ١ چەمکی هەڵسەنگاندنی مامۆستا
٢ - ٢ - ٢ سەرچاوە ی هەڵسەنگاندنی مامۆستا
٢ - ٢ ــ ٣ ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستا
٢ - ٢ - ٤ کێشەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستا
٢ - ٢ - ٥ لایەنەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستا
٢ - ٣ بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی
٢ ــ ٤ کوالێتی گشتگیر
٢ ــ ٤ ــ ١ چەمکی کوالێتی گشتگیر
٢ ــ ٤ ــ ٢ بنەما و پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر
٢ - ٤ - ٣ گرەنتی کوالێتی لە کارڕایی مامۆستایاندا
٢ - ٥ لێکۆڵینەوەکانی پێشوو
٢ - ٥ - ١ لێکۆڵینەوەکان بە زمانی عەرەبی
٢ - ٥ - ٢ لێکۆڵینەوەکان بە زمانی بیانی
٢ - ٥ - ٣ هاوسەنگی لە نێوان ئەم لێکۆڵینەوەیە و لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا.
٢ - ٥- ٤ لایەنی سوودبەخشین لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا.


٢ - ٣ بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی
٢ ــ ٤ کوالێتی گشتگیر
٢ ــ ٤ ــ ١ چەمکی کوالێتی گشتگیر
٢ ــ ٤ ــ ٢ بنەما و پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر
٢ - ٤ - ٣ گرەنتی کوالێتی لە کارڕایی مامۆستایاندا
٢ - ٥ لێکۆڵینەوەکانی پێشوو
٢ - ٥ - ١ لێکۆڵینەوەکان بە زمانی عەرەبی
٢ ــ ٥ - ٢ لێکۆڵینەوەکان بە زمانی بیانی
٢ - ٥ - ٣ هاوسەنگی لە نێوان ئەم لێکۆڵینەوەیە و لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا.
٢ - ٥- ٤ لایەنی سوودبەخشین لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا.

## ٢-١-١ هەڵسەنگاندن

## ٢ - ١ - ٢ چەمکی هەڵسەنگاندن

هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی بەردەوامە هەڵسەنگاندنی ئامانجەکانی وانەوتنەوە و ڕێگاکان و پڕۆگرامەکان و ئامرازە بەکارهاتووەکانی ناو وانەوتنەوەیە لە پێناو زانینی پلەی کارڕاییان ( Remmers, 1965 , p10 ).

پرۆسەیەکە کە تیایدا زانیاریەکان لە ڕێگەی پێوەرەکانەوە یاخود لە ڕێگەی چەندین ئامرازی ترەوە کۆدەکرێنەوە لە پێناو بەکارهێنانیان وەك سەرچاوەیەك بۆ بڕیاردان لە بارەی کەسێك ، یان شوێنێك ، یان هەر شتێکی تاقیکراوە و پشکنراو ( Neagly, 1969: p74 )

دەرکردنی بڕیارێکە لەسەر بەهای بیرەکان، کارەکان، ڕێگاکان، کەرەستەکان ... هتد ، کە بەکارهێنانی پێوەرەکان ( Criteria )، ئاستەکان ( Standard ) و پێوەرەکان ( المعايير ) ( Norms ) لە خۆدەگرێت بۆ زانینی ئاست و ڕادەی توانایی شتەکان و کاراییان ( جابر، ٢٠١١ ، ص ٣٨٩ )

پرۆسەیەکی دەستنیشانکەرە، ئامانج لێی دیاریکردنی لایەنی لاواز و بەهێزی بابەتێکە، هاوکات پرۆسەیەکی چارەسەرکاریشە کە لایەنی بەهێز بەهێزتر دەکات و لایەنی لاواز چارەدەکات، ئەمەش لە ژێر ئەو ئامانجە دیاریکراوانەی کە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی تێدا ئەنجامدەدرێت" ( الزيود ، ٢٠٠٥، ص ١٣).

بریتییە لە پرۆسەیەکی میتۆدی و ڕێکخراو و پلان بۆ داڕێژراو، دەرکردنی بڕیار لەسەر رەفتار یان واقیعێکی پێوراو لەخۆدەگرێت، ئەمەش پاش پێوانی تایبەتمەندییەکان و زانیارییەکان لەسەر ئەو رەفتارە ( یان ئەو واقیعە ) کە بە ڕێگەی پێوانەکردن و پێوەرەکان بە ڕوونی و وردی بەدەستهاتوون، لەبەر ئەوە پرۆسەی هەڵسەنگاندن ئەنجامدانی چەند کردەیەکە لە پێوانەکاری بە مەبەستی دەرکردنی بڕیارێك لەسەر رەفتارێك لەبەر رۆشنایی پێوەرەکان ، یان ئامانجە دیاریکراوەکان" ( الحيلە، ٢٠٠٨ ، ص ٣٤٦ ).

## ٢ ــ ١ ــ ٣ جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندن:

هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی ئاوێتەی گرنگە ، ژمارەیەك لە پرۆسە و ئەرکی لاوەکی پەیوەندیدار و تەواوکەری یەکتر لەخۆ دەگرێت وەکو:

١- دیاریکردنی پێوەرەکان بۆ ئەو پرۆسەیەی یان ئەو شتەی کە هەڵسەنگاندن بۆ دەکرێت.
٢- دیاریکردنی ئامراز و هۆکاری پێویست یان ئامادەکردنیان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتای گونجاو کە پەیوەندییان بە لایەنی ئامانجدارەوە هەیە و ڕوونکردنەوەی چۆنێتی بەکارهێنانی هەریەکەیان.
٣- کۆکردنەوەی زانیارییەکان بە هۆی ئامرازی گونجاوەوە ، یان بە هۆی کەسانی ڕاهێنراو و پسپۆڕەوە.
٤- شیکردنەوەی داتا بەکارنەهاتووەکان بە ڕێگەیەك کە گەیشتن بە وێنەیەکی ڕوون و بابەتی لەسەر هەڵوێستەکان مسۆگەر دەکات ، یان لەسەر ئەو لایەنەی کە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.
٥- شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەنجامەکان کە بەدەستهاتوون لە ئەنجامی شیکردنەوەی بابەتی داتاکان لەبەر ڕۆشنایی پێوەرە دیاریکراوەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن. ( اللقانی ، ١٩٩٥ ، ص ١٣٠ )
٦- دەرکردنی بڕیاری نرخدار لەسەر مەودای وەك یەکبوون یان وەك یەك نەبوونی راستی یان هەڵوێست کە هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکان یان لادان لەو پێوەرانە.
٧- دەرکردنی بڕیاری پێویست بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری ، ڕاستکردنەوە ، گەشەپێدان ، یان زۆرێك لە پرۆسەکانی هەڵسەنگاندن. ( الرشید ، ١٩٨٦ ، ص ١٥٩ )

## ٢ ـ ١ ـ ٤ هەنگاوەکانی هەڵسەنگاندن:

١- دیاریکردنی ئامانجەکان پێش دەستپێکردن بە پرۆسەی هەڵسەنگاندن بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان.
٢- هەنگاوی دووەمی پرۆسەی هەڵسەنگاندن بریتییە لە دیاریکردنی بوار و هەڵوێستەکان بە مەبەستی هەڵسەنگاندن ، کە پرۆسەی بەدەستهاتنی زانیاری پەیوەست بە ئامانجەکانەوە ئاسان دەکات . ( حیارینی ، ١٩٨٥ ، ص ١٢٢ )
٣- یەکێکی دیکە لە هەنگاوەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن کۆکردنەوە و دیاریکردنی زانیاری گونجاوە لەسەر ئەو بابەتەی کە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.

٤- دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی ئەو زانیاریانەی کە کۆکراونەتەوە ، ئەمەش بە پێی پێوەر و بنەمای گونجاو.
٥- ئامادەکردن و فەراهەمکردنی هۆکار و ئامرازی گونجاو کە بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی هەڵسەنگاندن پێویستن.
٦- دەرکردنی بڕیاری کۆتایی بەشێوەیەك کە گونجاو بێت و لە ڕێگەیەوە ئامانجە دیاریکراوەکان بەدیبێت. ( الغريب ، ١٩٧٧ ، ص ٥٧ )
٧- دیاریکردنی بڕ و قەبارەی گۆڕانکارییەکان ، کە دوای پرۆسەی هەڵسەنگاندن بەدیهاتووە ، دواتر ڕاستکردنەوە و گۆڕانکاری پرۆگرام و بەرنامەکان لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکان کە لە میانەی پرۆسەی هەڵسەنگاندندا بەدەستهاتوون. ( عبدالرضا ، ١٩٨٩ ، ص ٣٣ )

## ٢ – ١ – ٥ جۆرەکانی هەڵسەنگاندن:

### ١- هەڵسەنگاندنی سەرەتایی:

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لە پێش دەسپێکردنی وانەوتنەوە لە لایەن مامۆستاوە ئەنجام ئەدرێت ، چونکە پرۆسەی وانەوتنەوە بە ڕێگەی هەڕەمەکی یان ناڕێکخراو ئەنجام نادرێت بەڵکو بە پێی ئامانجەکان پێویستە بە ڕێکی ئەنجام بدرێت. ( طموس ، ٢٠٠٢ ، ص ١٣٩ )

هەڵسەنگاندنی سەرەتایی یان پێشەکی ئامانجی بریتییە لە زانینی ئاست و توانا و پێداویستی فێرخوازان ، هەروەها دیاریکردنی لایەنی لاواز و بەهێزیان ، وروژاندنی پاڵنەری فێربوون لە لایان. ( ابو هلال ، ١٩٨٣ ، ص ٤١ )

سوودێکی ئەم هەڵسەنگاندنە ئەوەیە مامۆستا پێداچوونەوە بە پلانەکەیدا دەکات و فێرخوازان پۆلێن دەکات و مامۆستا دەزانێت فێرخوازان پێداویستییەکانیان چییە هەر لە سەرەتای وانەکەوە پێش ئەوەی دەست بکات بە وانەوتنەوە. ( النمر ، ٢٠٠٨ ، ص ١٣٠ )

ئەم جۆرەی هەڵسەنگاندن پێش دەستپێکردنی پرۆسەی فێرکردن ئەنجام ئەدرێت ، گرنگی ئەم هەڵسەنگاندنە لەوەدایە کە بەهۆیەوە دەتوانرێ پاشخانی زانیاری و پێداویستییەکانی فێرخوازان دیاری بکات و ئامادەیان دەکات بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی فێربوون. ( النويسه ، ٢٠١٢ ، ص ٢٥ )

ئەم هەڵسەنگاندنە سوودی دەبێت بۆ پێداچوونەوە بە ئامانجە فێرکارییەکاندا کە پێشتر پرۆسەی فێرکردن لە هەوڵی بەدیهێنانیدایە ، هەڵسەنگاندنی سەرەتایی کۆمەڵێك ئامانجی هەیە وەکو:

- زانینی ئاستی ئامادەیی فێرخوازان بۆ پرۆسەی فێربوون.
- دەرخستنی لایەنی لاواز و بەهێزی فێرخوازان.
- دیاریکردنی ئاستەکانی فێرخوازان و دڵنیابوون لە بوونی ڕەگەزە پێویستەکان بۆ فێربوونی نوێ لای فێرخوازان. ( جاد ، ٢٠٠٣ ، ص ١٦٣ )

## ٢- هەڵسەنگاندنی بونیادی:

گرنگترین جۆرەکانی هەڵسەنگاندنە ، مامۆستا هەر دوای دەستکردن بە وانەوتنەوە تاکو پێش کۆتایی وانەکە ئەنجامی دەدات ، واتە لە ماوەی وانەکەدایە بۆ پاڵپشتیکردنی فێرخوازان و پێدانی فیدباك بە فێرخوازان و دیاریکردنی لایەنی بەهێز و لاوازیان. ( محمد ، ٢٠٠٥ ، ص ٥٩ )
ئەرکی مامۆستا لەم بوارەدا ئاسان نییە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەوەی پلانی بۆ داناوە بەدەستی بێنێت ، چونکە ئەم کارە پێویستی بە زانیاری و شارەزایی هەیە بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت جێبەجێی بکات ، هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی توانای فێرخوازان لەسەر فێربوون لە ڕێگەی فیدباکەوە لە ڕێگەی پرسیارەکانییەوە. ( مصطفی ، ٢٠١٠ ، ص ١٨٣ )

ئەم هەڵسەنگاندنە جەخت دەکاتەوە لەسەر هەڵسەنگاندنی فێرخوازان لە سەرجەم بوارەکانەوە ، هەروەها هەڵسەنگاندنی کاریگەری ڕێگەی وانەوتنەوە و ئامرازەکانی فێرکاری کە مامۆستا بەکاریان دێنێت بۆ گواستنەوەی بابەتەکە بۆ فێرخوازان . ( عبدالهادی ، ٢٠٠٢ ، ص ١٧١ )

هەڵسەنگاندنی بونیادی لە ماوەی پرۆسەی وانەوتنەوەدا زۆر ئەنجام ئەدرێت لای زۆربەی مامۆستایان و لە زۆربەی وانەکاندا ، هەروەها ئەمجۆرەی هەڵسەنگاندن لە ڕێگا و ئامرازەکانی وانەوتنەوە و لە کاتی چالاکییە فێرکارییە جیاوازەکاندا بەکاردێت وەکو ڕوونکردنەوە و گفتوگۆ و بەکارهێنانی لێهاتوویی و چاندنی بەها و ئاراستەکاندا ، هەڵسەنگاندنی بونیادی بەکاردەهێنرێت لە کرداری نووسینەکانی ناو پۆل و بەکارهێنانی نەخشە و ئامرازە فێرکارییەکانی دیکە. ( فتح الله ، ٢٠٠٧ ، ص ٢١١ )

لە ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی بونیادی وەکو: پرسیاری زارەکی (پۆل) ، تێبینی نافەرمی ، تاقیکردنەوەی کورت خایەن ، ئەرکەکان ، کاغەزی کارکردن. هەروەها بەڵگە بە مامۆستایان دەدات لەسەر گرانی و بەربەستەکانی فێرکردنی فێرخوازان لە کاتی فێرکردنیان بە بابەتێکی دیاریکراو.

( طافش ، ٢٠٠٦ ، ص ١٣٢ )

## ئامانجەکانی هەڵسەنگاندنی بونیادی:

- پێشبینیکردن بە ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی کۆتایی.
- یارمەتیدانی فێرخوازان لەسەر پارێزگاریکردن بە زانیارییەکانەوە لە کاتی ڕاهێناندا.
- دیاریکردنی ئاست و بەرەوپێشچوونی فێرخوازان روە و ئامانجە پەروەردەییەکان. ( ربیع ، ٢٠١٠ ، ص ٦٨ )
- دەرخستنی زاراوە و ڕەگەزەکانی ناوەڕۆکی فێرکاری کە فێرخوازان وەك پێویست فێری نەبوونە.
- بەرزکردنەوەی ئاستی پاڵنەر لای فێرخوازان بۆ فێربوون.
- پێشکەشکردنی فیدباك بە مامۆستا لەسەر ڕەوتی فێربوونی فێرخوازان و وانەوتنەوە بە شێوەیەکی گشتی. ( الخوری ، ٢٠٠٨ : ١١٣ )

هەڵسەنگاندنی کۆتایی ئاست و مەودای بەدیهاتنی ئامانجەکان دیاری دەکات ، لەگەڵ ئەو ئاستانەی کە پەیوەستن بە بابەتەکەوە. ( النعیمی ، ١٩٨٢ ، ص ٩٥ )

## ٣- هەڵسەنگاندنی بەدوای یەکداهاتن:

دوای کۆتایی هاتنی هەڵسەنگاندنی کۆتایی ، ئەرکی هەڵسەنگاندنی بەدوای یەکداهاتندا دێت بە بێ وەستاندن ، بە مەبەستی زانینی کێشەکانی پرۆگرامی دوور مەودا بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بە هۆی دۆزینەوەی ڕێگەی جۆراوجۆر بۆ چارەسەرکردن و هەوڵدان بۆ پەرەپێدان بەرەو پێشبردنیان. ( جبر ، ١٩٨٧ ، ص ٣٩ )

ئەم هەڵسەنگاندنە رۆڵێکی گەورەی لە ناسینی پرۆگرام هەیە لە پێدانی شارەزایی بە دەرچووان ، ئەمجۆرەی هەڵسەنگاندن هەڵدەستێت بە دیاریکردنی کێشەکانی پرۆگرامەکان ، ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی بەدوای یەکداهاتن کارێکی گرانە و پێویستی بە کات و هەوڵ و تێچووی مادی زۆرە ، بەڵام ئەنجامدانی

پێویستە چونکە ئەنجامی زۆر باشی هەیە وەکو چارەسەرکردنی کێشەکانی پرۆگرام و ئاستەنگەکانی بەردەم دەرچووان لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیاندا. ( جرادات ، ۱۹۹۰ ، ص ۱۷۹ )

هەڵسەنگاندنی بەدوای یەکدا هاتن بە پێی مەبەست و ئامانج ئەنجام ئەدرێت ، بۆ نموونە ئەگەر مەبەست زانینی ئاستی فێرخوازان بێت ئەوا لە رێگەی هەڵسەنگاندنی پێشەکییەوە دەبێت ، بەڵام ئەگەر لە پێناو باشترکردن و پەرەپێدان بێت ئەوا پێویستە لە رێگەی هەڵسەنگاندنی بونیادییەوە بێت ، ئەگەریش مەبەست بریاردانی کۆتایی بێت لەسەر بابەتە خوێندراوەکانی پێشوو پێویستە لەسەر مامۆستا هەڵسەنگاندنی کۆتایی ئەنجام بدات ، لە کۆتاییدا بۆ زانینی مەودای کاریگەری پرۆگرام و چەمك و زاراوەکان بێت ئەوا هەڵسەنگاندنی بەدوای یەکداهاتن ئەنجام ئەدرێت. ( الزاملی ، ۱۹۸۹ ، ص ١٦٩ )

## ٤- هەڵسەنگاندنی کۆتایی:

بەشێکی گرنگ و بنەڕەتییە لە پرۆسەی فێرکارییدا ، دەبێتە تەواوکەری هەڵسەنگاندنی پێشەکی و بونیادی ، واتا جۆری یەکەم و دووەم دەبنە هۆی ئەنجامدانی جۆری سێیەم و گرنگی زۆری هەیە. ( احمد ، ١٩٦٠ ، ص ١٢٠ )

ئەم هەڵسەنگاندنە لە کۆتایی ساڵ یان کۆتایی وەرزی خوێندن ئەنجام ئەدرێت ، بە مەبەستی زانینی ئاستی تێگەیشتنی فێرخوازان و توانای مامۆستا لە گەیاندنی زانیارییەکاندا ، واتە بۆ زانینی مەودای بەدیهاتنی ئامانجەکان چونکە مامۆستا کۆمەڵێك ئامانجی هەیە کە پێشتر دیاریکردووە و هەوڵی گەیاندنی دەدات بە فێرخوازان بە شێوەیەکی دروست. ( الشیخ ، ۱۹۸۱ ، ص ۸۸ )

لە ئامانجەکانی هەڵسەنگاندنی کۆتایی دەرخستنی توانای مامۆستایان لە رووی توانا و لێهاتوویی و شارەزاییەوە ، هەروەها دەرخستنی ئاستی پرۆگرامەکان لە ڕووی دابینکردنی پێداویستی فێرخوازانەوە لێرەوە دەردەکەوێت کە هەڵسەنگاندنی کۆتایی تەنها تایبەت نییە بە فێرخوازان بەڵکو مامۆستا و پرۆگرامەکانیش دەگرێتەوە. ( عبیس ، ۱۹۸۸ ، ص ۱۳۰ )

### ئامانجەکانی هەڵسەنگاندنی کۆتایی:

- بەخشینی بڕوانامە یان مۆڵەت بەوەی فێرخوازان ئامانجەکانیان بەدیهێناوە.
- خەملاندنی ئاستی دەستکەوت و بەسبوونی فێرخوازان لە کۆتایی پرۆسەی فێرکاریدا.
- فەراهەمکردنی زانیاری کە یارمەتیدەرە بۆ زانینی ئاستی شیاوی پرۆگرامەکان.
- دروستکردنی داتا و بیرۆکەکان کە بەکاردەهێنرێت بۆ راستکردنەوەی پرۆگرامەکان ئەگەر پێویست بوو. ( البیاتی ، ١٩٨٥ ، ص ١٣٤ )

هەڵسەنگاندنی کۆتایی سیفەتی گشتگیری هەیە و هەموو بابەتی خوێندن دەگرێتەوە و تاقیکردنەوەی نووسینەکی و زارەکی لەخۆدەگرێت ، ئەم هەڵسەنگاندنە بیرۆکەیەك لەسەر چالاکبوونی وانەوتنەوە دەدات بە مامۆستایان. ( احمد ، ١٩٨٩ ، ص ١٠٥ )

### ٢-١-٦ بوارەکانی هەڵسەنگاندن:

#### ١- ناوەڕۆکی فێرکاری:

پێویستە ناوەڕۆکی فێرکاری بە پێی پێوەرە دیاریکراوەکان دابنرێت بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت بە فێرخوازانی بگەیەنێت چونکە ناوەڕۆکی فێرکاری گرنگییەکی زۆری هەیە کە بەهۆیەوە فێرخوازان لێهاتوویی و زانیاری فێردەبن. ( الشیخ ، ١٩٨١ ، ص ٦٩ )

ناوەڕۆکی فێرکاری پێویستە پشت بە ئامانجە پەروەردەییەکان ببەستێت ، هەروەها بایەخ بە کلتور و داب و نەریتی کوردەواری بدات و جۆرێك لە هاوسەنگی لە نێوان لایەنی تیۆری و کردارەکی ئەنجام بدات. ( قەرەداغی ، ١٩٩٩ ، ل ١٥٢ )

هەروەها ناوەڕۆکی فێرکاری پێویستە ڕەگەزەکانی دروست و روون بن ، بە جۆرێك کە ناوەڕۆکی پرۆگرامە جیاوازەکان پێکەوە ببەستێت بۆ نموونە لە نێوان مێژوو و جوگرافیا ، زمانەکان و کۆمەڵایەتی لە ناوەڕۆکی فێرکارییدا ڕەچاوی ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆژیای فێرخوازان بکرێت و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر توانای ژیری و هەڵچوونی و حەزو ئامادەیی

فێرخوازان ، هەموو ئەمانە پێویستە بەشێوەیەکی زانستی لە ناوەڕۆکی فێرکاری ڕەنگ بداتەوە و بایەخی تەواویان پێبدرێت. ( قەرەچەتانی ، ٢٠١٤ ، ل ٧٥ )

## ٢- ڕێگاکانی وانەوتنەوە:

یەکێکی دیکە لە بوارەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن بریتییە لە ڕێگاکانی وانەوتنەوە کە گرنگترین ڕەگەزەکانی ناوەڕۆکی فێرکارییە ، ڕێگاکانی وانەوتنەوە وەکو سەرچاوەیەك بۆ ئامانج و ناوەڕۆکی فێرکاری هەر بۆیە لە پەروەردەی هاوچەرخدا ڕێگاکانی وانەوتنەوە دەبێتە جێی بایەخێکی گەورە . ( میهر ئارا ، ٢٠٠٥ ، ل ١٤١ )

## ٣- هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەکان:

تاقیکردنەوەکان دەبنە بوارێکی دیکە کە پێویستە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت ئەمەش بەواتای ئەوەی کە سەرجەم ئامراز و هۆکارەکانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان پێویستە لە لایەن هەڵسەنگێنەرەوە بخرێتە ژێر پرۆسەی هەڵسەنگاندنەوە بۆ ئەوەی مەودای سەرکەوتن یان سەرنەکەوتن و چارەسەریشی دیاری بکرێت ، بۆیە پێویستە پرسیارەکان روون و ئاشکرابن لە ڕووی مەبەستەوە و گرێ و ئاڵۆزی تیا نەبێت. ( الفتلاوی ، ٢٠٠٠ ، ص ١٢٦ )

هەروەها پرسیارەکان گشتگیر و هەمەلایەن بێت و وا بکات فێرخوازان بکەونە بیرکردنەوە و تێڕامانەوە ، پرسیارەکان ئاست جیاوازبن و لایەنی دەروونی و توانای ژیری و لێهاتوویی فێرخوازانی تێدا ڕەنگبداتەوە. ( عدس ، ١٩٩٤ ، ص ٥٩ )

## ٤- ئامانجە پەروەردەییەکان:

دیاریکردنی ئامانجەکان بۆ هەر کارێك و لەهەر بوارێکدا بێت گرنگ و پێویستە ، بەبێ بوونی ئامانج ناتوانرێت هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی هەر کارێك بنرێت ، لە بواری پەروەردە و فێرکردنیشدا ئامانجەکان دەبنە کۆڵەکەیەکی گرنگ چونکە یارمەتی مامۆستایان دەدات لەسەر چۆنێتی وانەوتنەوە و جێبەجێکردن. ( حسن ، ٢٠٠٧ ، ص ١٧٧ )

یەکێك لە بوارە گرنگەکانی هەڵسەنگاندن بریتییە لە هەڵسەنگاندنی ئامانجە پەروەردەییەکان چونکە بە هۆی ئامانجەکانەوە مامۆستا دەزانێت کە پێویستە چی فێری فێرخوازان بکات ، هەروەها پێویستە لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی

ئامانجەکاندا ڕەچاوی گونجاوی ئامانجەکان لەگەڵ توانای ژیری و دەروونی فێرخوازاندا بکات. ( خطاب ، ٢٠٠٧ ، ص ١٦٢ )

دارشتنی ئامانجە پەروەردەییەکان پێویستە بەشێوەیەکی ورد و ڕوون بێت و هیچ ئاڵۆزییەکی تێدا نەبێت ، بۆ ئەوەی فێرخوازان ئەرکی خۆیان بە باشی بزانن و بتوانن جێبەجێیان بکەن لە رووی رەفتار و دەستکەوتەوە.(ابو صويج،٢٠٠٢، ص ٤٩)

کاتێك هەڵسەنگاندن بۆ ڕێگاکانی وانەوتنەوە دەکرێت لە کۆمەڵێك لایەنەوە دەبێت وەکو زانینی مەودای گونجاوی رێگاکانی وانەوتنەوە لەگەڵ ئامانجە پەروەردەییەکان و لەگەڵ توانا و ئامادەیی و حەز و خولیای فێرخوازاندا ، هەروەها پێویستە زیاتر لە ڕێگەیەك لە لایەن مامۆستاوە بگیرێتە بەر بۆ ڕونکردنەوەی بابەت و وانەکان و نابێت مامۆستا تەنها پابەندبێت بە یەك رێگای وانەوتنەوە و ڕێگا و شێوازەکانی دیکە فەرامۆش بکات ، چونکە بۆ هەر بابەتێك دەکرێت رێگەیەکی تایبەت لە لایەن مامۆستاوە بەکاربهێنرێت. ( عواظه ، ٢٠٠٨ ، ص ٢٥٣ )

## ٢ ـــ ١ ـــ ٧ تایبەتمەندییەکانی هەڵسەنگاندن:

### ١- ڕوونی ئامانجەکان:

دیاریکردنی ئامانجەکان ڕەگەزێکی گرنگە پێش دەستپێکردنی هەر کار و پرۆسەیەك بەڵام گرنگتر ئەوەیە ئامانجەکان ڕوون بن ، چونکە مامۆستا ناتوانێت هەڵسەنگاندن ئەنجام بدات پێشتر نەزانێت مەبەست چییە لە هەڵسەنگاندنەکە ، بە زانینی ئامانجەکان مامۆستا دەتوانێت ڕێگا و ئامراز و هۆکاری گونجاو هەڵبژێرێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی هەڵسەنگاندن و لە ڕێگەیەوە بە کەمترین کات و ماندوبوون دەگاتە ئامانجە دیاریکراوەکان.(البوهی، ٢٠١٠ ، ص ١٣٣)

### ٢- بابەتی بوون:

گرنگترین ڕەگەزە لە تایبەتمەندییەکانی هەڵسەنگاندن ، لە پرۆسەی فێرکاریدا ئەوەیە کە ، هەڵسەنگاندن بە هەموو پێکهاتەکانییەوە پێویستە دوور بێت لە بیروبۆچوونی تایبەتی و کەسی کە بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری هەیە لەسەر ئەنجامی ئەم پرۆسەیە ، پێویستی بە وردی و جەختکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە هۆکار و ئامرازی گونجاو دیاری بکرێت بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی هەڵسەنگاندنێکی راست و سەرکەوتوو. ( ابو رياش ، ٢٠٠٧ ، ص ٢١٣ )

هەڵسەنگاندنی بابەتی ئەو هەڵسەنگاندنەیە کە هەمان ئەنجامی دەبێت ئەگەر چەند کەسێکیش دووبارەی بکاتەوە ، بۆیە پێویستە فێرخوازان بگەنە ئەو بڕوایەی کە ئەو پلە و نمرەیەی کە بەدەستیهێناوە دروست و بابەتییە. ( جابر ، ١٩٩٢ ، ص ١٧٨ )

**٣- گشتگیری:**

ئەرکی مامۆستایە کە زانیاری تەواو و دروست لەسەر فێرخوازان کۆبکاتەوە لە لایەنی زانیاری و ویژدانی و لێهاتووییەوە ، بۆ ئەوەی بڕیاری دروست بدات ، پرۆسەی هەڵسەنگاندن نابێت تەنها یەك لایەن بگرێتەوە ، چونکە بەوشێوەیە بڕیارێکی دروست و زانستی بوونی نابێت ، پێویستە هەڵسەنگاندن هەموو پرۆسەی فێرکاری بگرێتەوە لەوانەش پرۆگرام و مامۆستا و کارگێڕی و هتد. ( حمدان ، ١٩٨٥ ، ص ١٩٨ )

**٤- بەردەوامی:**

پرۆسەی هەڵسەنگاندن پێویستی بە بەردەوامی هەیە ، نابێت تەنها لە هەندێ کاتدا ئەنجامبدرێت ، چونکە پرۆسەیەکی بەردەوام و پێویستە بۆ پرۆسەی فێرکاری هەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی. بەردەوام بوونی هەڵسەنگاندن ئامرازێکی گرنگە بۆ مامۆستا چونکە بوار دەڕەخسێنێت بۆ زانینی بەربەستەکانی بەردەم پرۆگرام و رێگای وانەوەتنەوە و ئامراز و چالاکی و ئامانجەکان. ( الحیله ، ٢٠٠٨ ، ص ١٣٩ )

**٥- جۆراوجۆری:**

پێویستە مامۆستا زیاتر لە ئامرازێك بەکاربهێنێت بۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندنی فێرخوازان ، پابەندنەبێت بە یەك جۆرەوە ، لێرەدا کۆمەڵێك ئامراز هەیە بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن وەکو هەڵسەنگاندنی نووسینەکی و زارەکی و کردارەکی ، پێویستە مامۆستا شێوازی پرسیارەکانی بۆ فێرخوازان بگۆڕێت ، بۆ ئەوەی ئەنجامێکی باشتر و زیاتر بە دروستی بەدەستبهێنێت.(اللقانی ، ١٩٨٥، ص ٢١٧ )

**٦- ئابوریبوون:**

یەکێکی دیکە لە تایبەیبەتمەندییەکانی هەڵسەنگاندن بریتییە لەوەی کە مامۆستا پێویستە لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵسەنگاندندا ڕەچاوی کات بکات ، واتە ناکرێت مامۆستا کاتێکی زۆر بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە تەرخان بکات ، یان فێرخوازان ماندوو بکات بەزۆری پرسیارەکان یان دووبارەکردنەوەیان . هەروەها

لە ڕووی تێچونەوە پێویستە هەڵسەنگاندن کەمترین تێچوونی هەبێت. ( الرشید ، ١٩٨٦ ، ص ٢١٥ )

**٧- بنەمای زانستی:**

هەڵسەنگاندن لە هەر بوارێکدا پێویستە پشت بە دوو ئامرازی سەرەکی ببەستێت کە ڕاستی و جێگیرییە ، واتە پرۆسەی هەڵسەنگاندن ئەگەر دووبارە بکرێتەوە هەمان ئەنجام بەدیبهێنێت کە بەهەمان بنەما و یاساکانی پێشوو ئەنجام بدرێت ، لێرەدا پێویستە لەسەر مامۆستا کە وریا بێت لە هەڵبژاردنی هۆکار و ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن بە شێوەیەك کە وەك یەك بێت لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەت و ئامانجە دیاریکراوەکان. ( النمر ، ٢٠٠٨ ، ص ١١٩ )

**٨- هاوکاری:**

هەڵسەنگاندنی دروست و زانستی ئەوەیە کە پێویستە زیاتر لەیەك کەس و لایەن تێدا بەشداربێت بۆ ئەوەی بڕیاری تاکی تێدا نەبێت. (مصطفی ،٢٠١٠، ص ٤١)

**٩- پەیوەستبوون بە ئامانجەکانەوە:**

پێویستە پرۆسەی هەڵسەنگاندن بگونجێت لەگەڵ ئامانجەکانی بابەتەکەدا کە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. ( الخوری ، ٢٠٠٨ ، ص ٦٨ )

**١٠- هاوسەنگی :**

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی هەڵسەنگاندن ئەوەیە کە پێویستە هەموو ڕەگەزەکانی پڕۆگرامەکە بگرێتەوە بەبێ ئەوەی ڕەگەزێك بە باشتر بزانرێت لە ڕەگەزێکی دیکە ، واتە لێرەدا پێویستە هاوسەنگییەك هەبێت لە جەختکردن لەسەر هەموو ڕەگەزەکان ، وەکو ئامانجەکان و ناوەڕۆك و هەڵسەنگاندن ...هتد. ( سعد ، ٢٠٠٢ ، ص ١٥١ )

**١١- پێویستە هەڵسەنگاندنی دیاریکردن و چارەسەرکردن بێت:**

واتە هەڵسەنگاندن لایەنی لاواز و بەهێز دیاری بکات ، ئەمەش پێویستی بە ریزبەندکردن هەیە بۆ ڕێکخستن و شیکردنەوەی ئەنجامەکان بە شێوەیەکی زانستی ، و بە هۆی ئەم شیکردنەوەوە بگەینە هەندێك بنەما بۆ دەرکردنی بڕیاری دروست.

( الشیخ ، ١٩٨٧ ، ص ١٧٠ )

## ٢-٢ هەڵسەنگاندنی مامۆستا:

### ٢-٢-١ چەمکی هەڵسەنگاندنی مامۆستا:

چەمکی هەڵسەنگاندنی مامۆستا هەر لە سەردەمێکی کۆنەوە بوەتە جێی بایەخ و گرنگپێدانی کەسانی شارەزا و پسپۆڕی بواری پەروەردە و فێرکردن ، چونکە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان دەبێتە یەکێك لە کارە هەرە گرنگەکانی دام و دەزگاکانی پەروەردە. ( جویلی ، ٢٠٠٢ ، ص ١٣٥ )

مامۆستا کارەکتەرێکی زۆر گرنگە لە بواری پەروەردەدا و دەبێتە ڕەگەزێکی تەواو پێویست لەم بوارەدا ، پرۆگرامەکان ئەگەر لە لایەن مامۆستایەکی سەرکەوتووە و جێبەجێ بکرێت ئەوا ئامانجەکانی بواری پەروەردە زووتر و باشتر بەدیدەهێنێت ، بە پێچەوانەشەوە هەرکات مامۆستایەکی بێ توانا بابەتەکان پێشکەش بە فێرخوازان بکات ئەنجامەکەی پێچەوانە دەبێتەوە. ( مدنی ، ٢٠٠٤ ، ص ٩٩ )

پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستا بە مەبەستی باشترکردنی خاڵی لاواز و برەودان بە خاڵە باشەکان دەبێتە هۆی باشترکردنی پرۆسەی فێرکاری و زووتر هاتنەدی ئامانجەکان ، دیاریکردنی سیفەتە کەسی و پیشەییەکانی مامۆستا وادەکات بتوانین باشتر کەسانێك هەڵبژێردرێت لەسەر ئەنجامدانی ئەم پیشەیە هەر بۆیە یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانی پەروەردەی نوێ. (عدس ، ١٩٩٤ ، ص ١٣١)

مێژووی هەڵسەنگاندنی مامۆستا بۆ سەردەمێکی کۆن دەگەڕێتەوە بەڵام تاکو ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو بەشێوەیەکی ئەکادیمی ئەنجام نەدراوە ، بەرئەنجامی ئەم کارەش لە بواری فێربوون و فێرکردندا بە ڕوونی دیاردەبێت ، مامۆستا وەك ڕەگەزێکی سەرەکی لەم بوارەدا ڕۆڵ و پێگەیەکی بەهێزی هەیە لە پرۆسەی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی فێرخوازاندا ، بۆیە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان هەڵسەنگاندنی مامۆستا و باشترکردنی کارڕایی لە وانەوتنەوە و پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەمانەش بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکانە بەشێوەیەکی زانستی و پەروەردەیی.

(الفتلاوی ، ٢٠٠٠ ، ص ٧٨ )

هەڵسەنگاندنی مامۆستا پرۆسەیەکی گرنگ و بەردەوامە ، مەبەست لێی نرخاندنی ئامانجە بەدیهاتووەکانە ، پرۆسەی بڕیاردانە لەسەر بەهای شتێك لەسەر بنەمای بەراوردکاری داکەوتی ئەو شتە یان ڕووکەشیەکەی لەگەڵ ئەو پێوەرەی دیاری دەکرێت بۆ بڕیاردان لە سەری ، یان هەڵسەنگاندن بریتییە لە کۆکردنەوەی

زانیاری و بەکارهێنانی بۆ بڕیاردانێکی تایبەت کە پەیوەندی بە بەرنامە و بواری پەروەردەییەوە هەبێت ، واتە هەڵسەنگاندن پرۆسیسێکی دیاریکردن و چارەسەرکردنە ، پێکهاتووە لە پرۆسەکانی پێوانە و نرخاندن و فیدباك لە یەك کاتدا. ( عەزیز ، ٢٠١٤ ، ص ١٣)

**٢-٢-٢ سەرچاوەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستا:**

پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان کۆمەڵێك سەرچاوەی هەیە گرنگترینیان:

١. هەڵسەنگاندنی چالاکبوونی کارڕایی مامۆستایان و کوالێتی فێرکردنی پۆل بە هۆی دۆسییەی کارەکانی مامۆستاوە. ( عیسان ، ٢٠٠٧ ، ص ١٠٥ )
٢. هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بە هۆی بونیادنانی ئامانجە فێرکارییەکانەوە.
٣. هەڵسەنگاندنی مامۆستایان لە رێگەی ژینگەی فێرکاری و فێربوونەوە کە پشت بە بنەماکانی کارڕایی مامۆستایان دەبەستێت. (الشرقاوی ، ٢٠٠٣ ، ص ١٧٠ )
٤. هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بە هۆی کارڕایی فێرخوازانەوە.
٥. هەڵسەنگاندنی مامۆستایان لە ڕێگەی ڕاپۆرتی فێرخوازانەوە لەسەر مامۆستایان. ( النبهان ، ٢٠٠٤ ، ص ٨٥ )
٦. هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بە هۆی پێداچوونەوەی هاوڕێ مامۆستاکان بە بابەتە فێرکارییەکانی مامۆستایانەوە.
٧. یەکێکی دیکە لە سەرچاوەکانی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان بریتییە لە هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بە هۆی دەسکەوتی فێرخوازانەوە.
٨. هەڵسەنگاندنی مامۆستایان لەبەر ڕۆشنایی تاقیکردنەوەکانەوە.
٩. هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بەهۆی ڕاپۆرتی دایك و باوکی فێرخوازانەوە.
١٠. تێبینی پۆلی رێکخراو و ڕۆڵی لە هەڵسەنگاندنی مامۆستایاندا و بڕیاردان لەسەر کارڕایی مامۆستایان. ( دندش ، ٢٠٠٢ ، ص ١٤٢ )

کەواتە سەرچاوەکانی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان جۆراوجۆر و فرەلایەنن ئەمەش وا دەکات چەندین لایەن بەشداربن لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنەکەدا ، هەر بۆیە لە کۆتاییدا هەندێك ئەنجام بەدیدێت کە جیاوازن ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە جۆری ئامراز و هۆکاری ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنەکەوە هەیە. (ڕەسول ، ٢٠١٤ ، ل ٢٣٥ )

سەرچاوەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان دەکرێت وەکو بنەمایەکی گرنگ دابنرێت بەوەی هەر سەرچاوەیەك دەتوانێت چەندین لایەنی جۆراوجۆری کارڕایی مامۆستایان هەڵبسەنگێنێت و بڕیاری لێبدات ، هەر بۆیە پێکەوە سەرچاوەکان دەتوانن وێنەیەکی گشتگیر و فراوان لەسەر توانا و لێهاتوویی و بەسبوونی مامۆستایان پیشانبدەن چ بە لایەنی ئەرێنی ( خاڵی بەهێز ) یان بە لایەنی نەرێنی ( خاڵی لاواز )ەوە بێت ، دواتریش چارەسەری دروست و گونجاو بۆ خاڵە لاوازەکان دەستنیشان بکرێت ، چونکە مەبەستی سەرەکی لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایاندا بەرەوپێشبردنی لێهاتوویی و توانای مامۆستایان لە بوارە جیاوازەکانی وانە وتنەوەدا. ( احمد ، ٢٠٠٣ ، ص ١٩٦ )

**٢ ـ ٢ ـ ٣ ئامرازەکانی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان:**

**١- جانتای کارەکانی مامۆستا:**

جانتای مامۆستا کە بریتییە لە کۆی کار و چالاکی و دەستکەوتەکانی مامۆستا بە یەکێك لەو هۆکار و ئامرازانە دادەنرێت کە بە سوود و گرنگە بۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان. جانتای کارەکانی مامۆستا نموونەی کار و دەستکەوتی مامۆستا لە وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندنی فێرخوازان و دەستکەوتی خوێندن و هەموو ئەوانەی کە پەیوەندییان بە فێرخواز و هاوڕێ مامۆستاکانەوە هەیە لەخۆ دەگرێت.

( منصور ، ١٩٨٩ ، ص ١٥٢ )

**جانتای کارەکانی مامۆستا ئەمانەی لای خوارەوە لەخۆدەگرێت:**

- نموونەیەك لەو هۆکارە فێرکارییانەی کە درووستیکردوون و پەرەی پێداون.
- پێشەکییەکی کورت لەسەر ناوەڕۆکی جانتاکە.
- کورتەیەك لە ژیان و پێناسەی مامۆستا.
- نموونەیەك لە پلانی وانەکان.
- نموونەیەك لە تاقیکردنەوەکان و ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی فێرخوازان.
- زانیاری لەسەر کەسایەتی کاریگەرەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن لە جیهاندا.
- نموونەیەك لە هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەر ، سەرپەرشتیار ، دایك و باوکی فێرخوازان.

- نموونەیەك لە بڕوانامەی ڕێزلێنان و ڕێز و سوپاس.
- کارە داهێنەرەکانی مامۆستا لە بواری پەروەردە و فێرکردندا.
- نموونەیەك لەو پەرتووك و باس و بابەتانەی کە خوێندوێتییەوە لە بوارەکەدا.
- نموونەیەك لە شریتی بینراو و بیستراو و چالاکییەکانی خۆی. ( سالی ، ١٩٩٧ ، ص ١٧٠ )

**٢- هەڵسەنگاندنی مامۆستا لە لایەن فێرخوازانەوە:**

هەڵسەنگاندنی مامۆستا لە لایەن فێرخوازانەوە هەندێك تێبینی لەسەرە وەکو هەندێك فێرخوازی بێ توانا و ئاست نزم ناتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ مامۆستا بکات ، ئەگەرچی فێرخوازی ژیر و وریا دەتوانێت تێبینی و سەرەنجی خۆی لەسەر مامۆستا دەربڕێت و هەندێ جار ئەو فێرخوازانەی نمرە و ئاستی باشیان لە بابەتەکەی مامۆستادا هەیە بێگومان بۆچوونی باشیان دەبێت لە هەڵسەنگاندنیدا و پێچەوانەکەیشی ڕاستە و فێرخوازانی تەمەن کەم و مناڵ ناتوانن بە دروستی هەڵسەنگاندن بۆ کارڕایی مامۆستایان ئەنجام بدەن ، پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخوازان بەهۆی ئەم جۆرەی هەڵسەنگاندنەوە هەندێك جار تووشی گرفت و ئاستەنگ دەبێتەوە و هەڵسەنگاندنی مامۆستا لە لایەن فێرخوازانەوە دەکرێت دوو لایەنی دروست و نادروستی لێ بەئەنجام بگات. ( مطاوی ، ١٩٨٢ ، ص ٩٨ )

**٣- هەڵسەنگاندنی خودی:**

یەکێك لە ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بریتییە لە هەڵسەنگاندنی خودی مامۆستایان ، ئەم شێوازە مامۆستا خودی خۆی ئەنجامی ئەدات ، چاودێری خۆی دەکات لە دۆخێکی پەروەردەیی دیاریکراودا ، چونکە هەندێك جار هەڵسەنگاندن پەرچەکرداری بۆ بەرامبەر دەبێت ، بەڵام لە خود هەڵسەنگاندن ئەمە ڕوونادات و مامۆستا خۆی ڕەفتار و شێواز و ڕەوشتی خۆی ڕاستدەکاتەوە و مامۆستا خۆی لە خۆی دەپرسێتەوە. ( کراجە ، ١٩٩٧ ، ص ٣١٣ )

خودهەڵسەنگاندنی مامۆستا دەبێتە هۆی دیاریکردنی هەڵەکان لە لایەن خودی مامۆستاوە و پلاندانان بۆ کارێکی باشتر ، بەڵام ئەم جۆرەی هەڵسەنگاندن پێویستی بە پێگەیشتنی ژیری و دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە ، مامۆستا پێویستی بە توانا و لێهاتووییەکی گەورە هەیە بۆ ئەوەی خۆی بۆ خۆی هەڵسەنگاندن ئەنجام بدات. ( اللقانی ، ١٩٨٥ ، ص ١٥٠ )

دەرئەنجامی خود هەڵسەنگاندن کاریگەرییەکی گەورە دەکاتە سەر ئاستی مامۆستا و ئەنجامی بەهێزی هەیە ، چونکە لەم جۆرەی هەڵسەنگاندنەدا مامۆستا زیاتر هەست بە دڵنیایی دەکات و فیدباك بە مامۆستا دەبەخشێت ، خود هەڵسەنگاندن سیفەتی دڵنیایی و دڵسۆزی و بابەتی بوونی هەیە لە دەرکردنی بڕیارەکان لەسەر خودی خۆی و کاریگەری فراوانی دەبێت لە سەر کەسێتی و ئاست و توانای مامۆستایان بەشێوەیەکی گشتی. ( الشیخ ، ١٩٨٧ ، ص ١٦٢)

**٤- دەستکەوتی فێرخوازان:**

هەڵسەنگاندنی مامۆستایان لە ڕێگەی فێرخوازانەوە لە لایەن کۆمەڵێك لە پسپۆڕانی بواری پەروەردە و فێرکردنەوە بە دروست و باشی دەزانن ، بەڵام بەشێکی دیکە یان بە هەڵسەنگاندنێکی ناتەواوی دەزانن ، چونکە توانای ژیری فێرخوازان و ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پاڵنەریان بۆ فێربوون کاریگەری بەرچاویان دەبێت لەسەر ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە. (الحیله ، ٢٠٠٨ ، ص ٢١٣ )

**٥- تاقیکردنەوەی مامۆستایان:**

ئەمەش بریتییە لە هەڵسەنگاندنی زانیارییەکانی مامۆستا لە بابەتی فێرکاریدا کە بە فێرخوازانی دەڵێتەوە ، بەشێکی دیکەی بریتییە لە پێوانەکردنی مەودای ئاشنابوونی مامۆستا بە ڕێگاکانی وانەوتنەوە و قوتابخانە و کێشەکانی پیشەکەی و پەرەپێدانی مرۆیی و پەیوەندیکردن و دەزگای قوتابخانە و یاساکان و ڕۆڵی مامۆستا لە کۆمەڵگەدا. ( جویلی ، ٢٠٠٢ ، ص ١٣٩ )

ئەم هەڵسەنگاندنەی مامۆستا بە هۆی کۆمەڵێك پرسیارەوە دەبێت لە جۆری پرسیاری فرە لایەن و لە دوو لایەنەوە مامۆستا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت وەك لێهاتوویی مامۆستا و تاقیکردنەوەی مامۆستا و بەراوردکردنی بە پێوەرەکانی کۆمەڵگە لە بواری وانەوتنەوەدا. ( سعد ، ٢٠٠٠ ، ص ٢٩ )

**٦- هەڵسەنگاندنی مامۆستایان لە لایەن هاوڕێکانیانەوە:**

پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان پرۆسەیەکی فراوان و گشتگیرە ، فرە ئامراز و هۆکارە ، یەکێکی دیکە لە ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان بریتییە لە هەڵسەنگاندنی کارڕایی لە لایەن هاوڕێ مامۆستاکانەوە ، بەشێوەیەك کە مامۆستا هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی کارڕایی هاوڕێ و

هاوپیشەیەکی خۆی لە ڕووی پلانی وانەوتنەوە و چاودێریکردنی لێهاتوویی و توانای وانەوتنەوە. ( مدنی ، ٢٠٠٤ ، ص ٧٦)

کۆمەڵێك بیانووی زانستی و کردارەکی هەیە بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی مامۆستا ، بۆ گەیشتن بە فێرکردنێکی کوالێتی گشتگیری بەرز بۆ فێرخوازان ، هەروەها بۆ پاراستنی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی لە مامۆستای بێ توانا لە فێرکردنی پۆلدا و لە گرنگترین ئەو بیانووانە:

١- باشترکردن و پەرەپێدانی فێرکردنی پۆل لەبەر ڕۆشنایی چەسپاندنی بنەمای گەشەپێدانی خودی مامۆستا و هاوکاریکردنی لە لایەن هاوڕێ مامۆستاکانییەوە.
٢- گەشەپێدانی چالاکی دەستەی فێرکاری لە قوتابخانەدا لە ڕێگەی دیاریکردنی ئاستی کارڕاییانەوە.
٣- زیاترکردنی ئاستی دروستی و ڕاستی لە پرۆسەی گەشەپێدانی مامۆستایان لە پیشەی وانەوتنەوەدا.
٤- یەکێکی دیکە لە بیانووەکانی بەکارهێنانی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان بریتییە لەوەی هەڵسەنگاندن دەبێتە بازنەیەکی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابخانە ( سەرپەرشتیار ، بەڕێوەبەر ، مامۆستایانی یکە ) لە لایەك و دایك و باوکی فێرخوازان و کۆمەڵگەی خۆجێی لە لایەکی دیکەوە. ( احمد ، ٢٠٠٣ ، ص ١٨٥ )
٥- پاڵپشتی کردنی بڕیارەکانی پەیوەست بە پرۆسەکانی پارێزگاریکردن لە مانەوەی مامۆستای بەتوانا و پلە بەرزکردنەوەی ، یان بۆ گواستنەوەی مامۆستای بێ توانا بۆ قوتابخانەیەکی دیکە کە دەتوانرێت لەبەر ڕۆشناییان پرۆسەی هەڵسەنگاندن ئەنجام بدرێت وەکو سیستمێکی تەواوکاری لە بەش و پرۆسەکانیدا.

بیانوویەکی دیکەی بەکارهێنانی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان بۆ پاراستن و پارێزگاریکردنە لە فێرخوازان لە مامۆستای ئاست نزم ، ئەمەش لە ڕێگەی پاڵپشتی کردنی مامۆستای لاواز لە ڕێگەی خولی بەهێزکردنەوە. ( سالی ، ١٩٩٧ ، ص ١٨٠)

کۆمەڵێك ئاراستە و ئامانج و لایەنی جۆراوجۆر هەیە کە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایاندا جەختی لەسەر دەکرێتەوە گرنگترینیان ئەم خاڵانەیە:

١- لێکۆڵینەوە لە ئەنجامی فێرکردن بەوەی کە هێمایەکی گرنگە لە دیاریکردنی بەسبوونی مامۆستا.
٢- توێژینەوە لە لێهاتوویی بەڕێوەبردنی پۆلدا ، وەکو لێهاتوویی ڕێکخستنی پۆل ، لێهاتوویی کۆنترۆڵکردنی پۆل ، لێهاتوویی تێکەڵاوبوون و ئاوێتە بوون لە پۆلدا.
٣- لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندی مامۆستایان وەکو پێوەرێك بۆ بەسبوونی وانەوتنەوە ئیتر تایبەتمەندی کەسی بێت یان رۆشنبیری یان پیشەیی.
٤- دیاریکردنی لێهاتوویی هەڵسەنگاندن کە لێهاتوویی نەخشەکێشان و داڕشتن و ئامادەکردنی ئامرازەکان و بەرنامەی هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندن و رێکخستن و شیکردنەوە و کورتکردنەوەی ئەنجامەکان دەگرێتەوە.
٥- لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی وانەوتنەوە بەوەی پرۆسەیەکی پەیوەندیکردن و تێکەڵاوبوونە لە نێوان مامۆستا و فێرخوازاندا.(عواطە ، ٢٠٠٨ ، ص ٧٩)
٦- پێشخستن و پەرەپێدانی پرۆسەی وانەوتنەوە لە رێگەی گەشەی خودی مامۆستاوە.
٧- بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان قوتابخانە و مامۆستایان کە بەسوودی فێرخوازان دێتەوە.
٨- زانینی ئاستی مامۆستایان و پەرەپێدانی چالاکی پیشەیی.
٩- یارمەتیدان بۆ پارێزگاریکردن لە فێرخوازان لە مامۆستای بێ توانا.
١٠- بەشداری کردنی زیاتر لە لایەن و کەسێك لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستایاندا.
١١- دیاریکردنی هۆکاری ئاشکرا و بەهێز بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستایان.

بەکارهێنانی زیاتر لە سەرچاوەیەك بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن بە مەبەستی چەسپاندنی بنەمای دروستی و جێگیری ئەنجامەکان. ( مصطفی ، ٢٠٠٢ ، ص ٥١ )

لە لایەکی دیکەوە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایاندا هەندێك ئاراستەی نوێ هەیە کە دەبێتە جێی بایەخدان لە لایەن هەڵسەنگێنەرەوە پێش ئەوەی دەست بە ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە بکات وەکو :

١- چەسپاندنی ئەرکی بنەڕەتی هەڵسەنگاندنی مامۆستا.
٢- دیاریکردنی هۆکاری بەهێز و ئاشکرا بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستا.

٣- دانانی مامۆستا لە ناوەندەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندنەکان و چالاکییەکانیدا.
٤- بەشدارپێکردنی زیاتر لە لایەنێك ، کەسێك لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستا و بڕیاردان لەسەر کوالێتی کارڕایی. ( النجار ، ٢٠٠٢ ، ص ٤٠ )
٥- کەمکردنەوە و بەرتەسکردنەوەی چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی کارگێڕی قوتابخانە لە هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایاندا.
٦- بەکارهێنانی سەرچاوەی داتای جۆراوجۆر بۆ پاڵپشتی کردنی بڕیارەکانی پەیوەست بە پرسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان.
٧- دەوڵەمەندکردنی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بە داتای ڕاست و دروست لەسەر دەسکەوتی فێرخوازان. ( ابو لبده ، ١٩٨٧ ، ص ١٣٥ )
٨- بەکارهێنانی سەرچاوەی داتای جۆراوجۆر بۆ پاڵپشتی کردنی بڕیارەکانی پەیوەست بە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان.
٩- ئاراستەکردنی کات و کەلوپەلی پێویست بۆ دەرخستنی فێرکردنی پۆل بەشێوەیەکی باش.
١٠- بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بەشێوەیەکی دروست.
١١- گرنگی دان بە زانستی کۆمەڵناسی پەیوەست بە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان.
١٢- بەکارهێنانی ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان لە چەسپاندن و ڕاستاندنی سەرکەوتن و بەسبوونی مامۆستایان و خستنەڕووی بەشێوەیەکی دروست. ( دعمس ، ٢٠٠٧ ، ص ٧٦ )

## ٢-٢-٤ کێشەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستا:

- یەکێك لە کێشەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان بریتییە لە لایەنی دروستی و جێگیری لە هەڵسەنگاندنی مامۆستادا ئەمەش لە ڕێگەی زانینی پێداویستی و مەبەستی هەڵسەنگاندنەوە دەبێت ، لە ڕووی ڕاستی هەڵسەنگاندنەوە مامۆستا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ڕەخنە دەبێتەوە ، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە هەڵسەنگاندنەکە بە ئامراز و هۆکاری زانستی ئەنجام بدرێت نەك تەنها یەك جۆر ئامرازی هەڵسەنگاندن. ( دعمس ، ٢٠٠٨ ، ص ١٩٠)

- لایەنی دووەم لە کێشەکان بەشداریکردنی زیاتر لە کەس و لایەنێکە لە ئەنجامدانی پرۆسەکەدا ، بۆ نموونە بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیار و هتد ، ئەم فرە لایەنییە وادەکات ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندن جیاوازیان هەبێت بەشێوەیەك هەر کەس یان لایەنێك پەنا دەباتە بەر جۆرێك لە هۆکار یان ئامرازی هەڵسەنگاندن ، ئەمەش لە کۆتاییدا وەکو کێشەیەك دەژمێردرێت. ( عبدالسلام ، ١٩٩٢ ، ص ٨١ )
- کێشەی هونەری لە هەڵسەنگاندنی مامۆستادا ، کێشەی بوونی چەندین لایەن کە بەرژەوەندی و پشك و بەشی لەم هەڵسەنگاندنەدا هەیە ، ئەم لایەنانە لەسەر کوالێتی مامۆستا بۆچوونیان جیاوازە و پرسیاری هەڵسەنگاندن لایان جۆراوجۆرە ، بۆ نموونە هەڵسەنگاندنی فێرخواز بۆ مامۆستا جیاوازە لە هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەر بۆ مامۆستا لە ڕووی سروشت و قوڵایی و جۆر و مەودای هەڵسەنگاندنەکەوە . هەروەها هەڵسەنگاندنی دایك و باوکی فێرخوازان و هاوڕێ مامۆستاکان جیاوازە ، هەروەها ڕازیبوون و چالاکبوونی مامۆستا لە وانەوتنەوەدا وادەکات زیاتر فیدباکی دەست بکەوێت لەسەر کارەکەی بۆیە پێویستە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستادا دەربچین لە بازنەی تەسك کە لە دەوری ئەم پرۆسەیە بەوەی تەنها پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستا تەنها لە دەستی بەڕێوەبەری قوتابخانە و هاوڕێ مامۆستاکاندا قەتیس بکرێتەوە ، کەواتە کێشەی یەکەمی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستا بریتییە لە فرە لایەنی لە پرۆسەکەدا. ( شحاته ، ٢٠٠٣ ، ص ٩٠ )
- سروشتی زانیاری و داتاکان کە پێویستن بۆ هەڵسەنگاندن دەبێتە ئاریشەیەکی دیکەی هەڵسەنگاندن ، بۆ نموونە هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەر جیاوازە لە هەڵسەنگاندنی مەیدانی یان ڕاپۆرت یان تۆمار و سەرچاوەکان ، بە تایبەتی ئەگەر هەڵسەنگاندنەکە پێویستی بە داتای ورد هەبێت چونکە هەڵسەنگاندن لە هەر بارودۆخ و لە لایەن هەر کەس و لایەنێکەوە ئەنجام بدرێت پێویستی بە داتا و زانیاری دروست و ورد هەیە ، چونکە لە کۆتاییدا ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە سەلمێنراو نابێت ئەگەر پێشتر پشتی بە داتا و زانیاری و سەرچاوەی ڕاست و دروست نەبەستبێت. (حبیب، ١٩٩٦، ص ٩٣)
- کێشەیەکی دیکەی هەڵسەنگاندنی مامۆستا تایبەتە بە کاتی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنەکە چونکە هەڵسەنگاندنی مامۆستا تەنها لە چەند کاتێکی دیاریکراودا ئەنجامێکی ڕوون و دروستمان بۆ بەدەست ناهێنێ بە تایبەتی

لەم پرۆسەیەدا جەخت لەسەر هەڵسەنگاندنی زانستی دەکرێتەوە ، کە بەشێوەیەکی بەردەوام لە ماوەی پرۆسەی هەڵسەنگاندندا پەنای بۆ دەبرێت. ( احمد ، ۲۰۰۳ ، ص ۲۱۹ )

- بوونی پەیوەندییەکی ناتەندروست لە نێوان مامۆستا و ئەوانەی هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدەن.
- هەندێك مامۆستایان لە کاتی هەڵسەنگاندندا کارڕایی خۆیان دەگۆڕن و جوانی دەکەن.
- هەڵسەنگێنەر نایەوێت ڕووبەڕوی مامۆستا بێتەوە و کێشە بۆ خۆی دروست بکات بۆیە نمرەیەکی باشی بۆ دادەنێت. ( حمدان ، ۱۹۸۵ ، ص ۱٤۲ )
- بوونی زاراوەی زۆر تایبەت بە هەڵسەنگاندنی لە مامۆستادا وەك ڕەوشت ، ڕەفتار ، تایبەتمەندی ، لێهاتوویی ، بەسبوون ...هتد.
- بوونی ژمارەیەکی زۆر لە پێناسە بۆ چەمکی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان.
- بوونی گرفتی ئامانج و مەبەست لە هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان.
- کێشەی چاوپۆشیکردن و ئاسانکاری لە هەڵسەنگاندندا و پێدانی ئاستێکی باش بە ژمارەیەك مامۆستای ئاست جیاواز. ( سرایا ، ۲۰۰۷ ، ص ۸۰ )
- بوونی کێشەی هەڵس و کەوتی پڕ توند و تیژی بەرامبەر مامۆستایان لە پرۆسەی هەڵسەنگاندندا.
- بوونی ئایدۆلۆژیای جیاواز سەبارەت بە هەڵسەنگاندن ، بە تایبەت ئایدۆلۆژیای ئەو کەسانەی کە پرۆسەی هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدەن.
- هەڵسەنگێنەر هەندێ جار ئەگەر سیفەت و ڕەفتاری مامۆستا نزیك بوو لە خۆی ئاست و پلەی باشی پێ دەدات و بە پێچەوانەشەوە.
- هەڵسەنگاندنی مامۆستایان تەنها لە ماوەی یەك وانەدا ئەنجام ئەدرێت و کورت دەکرێتەوە لە کاتێکی دیاریکراودا. ( البیلاوی ، ۲۰۰٦ ، ص ۱۲۱ )
- سەرسوڕمانی هەڵسەنگێنەر بەیەك لایەن یان سیفەتی مامۆستا و پشتگوێ خستنی لایەنەکانی دیکە.
- کەمی شارەزایی و توانا و زانیاری لە لای ئەوانەی کە هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان ئەنجام دەدەن.
- کاریگەری هەڵسەنگاندنی پێشووتر لەسەر هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان.

- نەبوونی هاوکاری لە نێوان مامۆستا و فێرخوازاندا لە کاتی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن وەکو تۆڵەیەك لە مامۆستا دەکرێتەوە لە لایەن فێرخوازانەوە. ( الدریج ، ١٩٩٤ ، ص ١٠٢ )

**٢ ــ ٢ ــ ٥ لایەنەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستا:**

هەندێك کارەکتەر لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا هەیە کە پێویستە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت یەکێك لەو کارەکتەرە گرنگانە ( مامۆستایە ) چونکە ڕۆڵ و پێگەی مامۆستا لە پرۆسەی پەروەردەدا گەورەیە چەند لایەنێکی مامۆستا پێویستە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنجام بدرێت وەکو تێکەڵاوی و ئاوێتە بوون و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانی مامۆستا بەشێوەیەکی گشتی ، تا چەند مامۆستا توانیویەتی پەیوەندییەکی دروست لەگەڵ چواردەورەکەی خۆی دروست بکات لە ناو قوتابخانە یان دەرەوەی قوتابخانەدابێت چونکە بوونی ئەم پەیوەندییە هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنی مامۆستایە. ( الحمادی ، ٢٠٠٤ ، ص ١٢٩ )

کەسێتی مامۆستا دەبێتە لایەنێکی دیکەی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان ، چونکە کاتێك پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان ئەنجام ئەدرێت کەسێتی مامۆستا بەشێکی فراوان لەخۆ دەگرێت ، بەوەی هەڵسەنگێنەر لە پرۆسەکەدا بەشێکی ئەم کارە تایبەت دەکات بە لایەنەکانی کەسێتی مامۆستا ، تا چەند خاوەن کەسێتییەکی بەهێز و کاریگەرە ، چونکە فێرخوازان بە سروشت حەزیان بە لاساییکردنەوە هەیە بە تایبەت مامۆستا ، هەمیشە کەسێتی بەهێز و جوانی مامۆستا دەبێتە جێی سەرنج و تێڕامانی فێرخوازان و لاسایی دەکەنەوە. ( مدنی ، ٢٠٠٤ ، ص ٨٩)

**٢-٣ بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی:**

زمان بە گشتی دەروازەی چوونە ژوورەوەی جیهانی نەتەوەکانی دیکەیە ، زمانی کوردی بەشێکی جیانەکراوەی شوناس و فەرهەنگی خەڵکی کوردە و فاکتەری سەرەکی جیاکردنەوەیەتی لە نەتەوە و زمانەکانی دراوسێ و جیهان ، زمان وەك گرنگترین ئامراز و هۆی پەیوەندی و زانیاری وەرگرتن و زانیاری پێدان بەردەوام لە باری کۆژان و بزاڤ دایە ، ئەوەش ئاشکرایە کە زمان لەبەر پێویستی خەڵکی بۆ پەیوەندیکردن هاتوەتە ئاراوە لە ماوەی هەزاران ساڵدا ، ئەوەی لای زمانناسان و زانایان ڕوون بوەتەوە ئەوەیە کە هیچ یەك لە زمانەکانی زیندووی ئێستای دنیای مرۆڤ لە هەمبەر زمانگەلی دیکە بەرزتر و نێوەرۆکدارتر نییە واتە

جیاوازی نێوان زمانەکان هیچ پەیوەندی بە پڕبارتر و بوونی ئەو زمانە ، یان کاکڵە و پتەوی زمانەکانەوە نییە. (ئەلزەغلول ، ٢٠١٥ ، ل ١١٤ )

ڕێزمان لە هەموو زمانەکاندا دەبێتە تەوەر و لایەنێکی بنەڕەتی بۆ مانەوە و ناساندنی هەر زمانێك ، ڕێزمانی زمانەکانی جیهان ئەگەرچی لە هەندێ ڕووەوە لەیەك دەچن ، بەڵام جیاواز و لەیەك جودان ، زمانی کوردیش خاوەن ڕێزمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە چەندین بەش و تەوەر لەخۆ دەگرێت و سەدان پەرتوکی لەسەر نووسراوە و بەردەوام بابەت و شتی نوێی تێدا ئەنجام ئەدرێت و دەیان شارەزای هەیە. ( عەدەس ، ٢٠٠٥ ، ل ١٥٩ )

بەشێکی دیکەی ئەم بابەتە بریتییە لە ئەدەب ، وشەی ئەدەب کە وێژەیشی پێدەوترێت بریتییە لەو ئاخافتن و گوتراوە نایابانەی کە خۆشی و شادی دەخەنە دڵی گوێگر و خوێنەرانەوە جا گوتراوەکان هۆنراوە بن یان پەخشان ، هەڵبەستی نایاب و هۆزانی بەرز و چیرۆکی خۆشی و گوتاری ئامرازە و گەلەك بەشی دیکە دەکەونە ژێر پێناسینی ئەدەبەوە چونکە دێنە خوێندنەوە و گوێلێبوون ، چەشە و خۆشییەکی هونەریان لێدێتە وەرگرتن ، یان ئەدەب بریتییە لەو بەرهەمەی مێشکی مرۆڤ کە لە شێوەی ئاخافتندا خۆی دەنوێنێت و لە لاپەڕەی پەرتوکەکاندا دێتە نووسین. (میهر ئارا ، ٢٠٠٥ ، ل ١١٨)

هەروەها زمان و ئەدەبی کوردی خۆشنووس و جوان نووسین لەخۆ دەگرێت کە بریتییە لە نووسینی پیت و بڕگە و وشە و ڕستەکان بە شێوازێکی دروست و زانستی ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێك یاسای تایبەتەوە ئەنجام دەدرێت ، بەشێکی دیکەی بریتییە لە هۆنراوە و ڕێنووسکردن و هتد . (عەدەس ، ٢٠١٣ ، ل ١٥٣)

بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە پۆلەکانی حەوتەمی بنەڕەتییەوە بەشێوەیەکی فراوان دەست پێدەکات و فێرخوازان فێردەکرێن بە لایەنی ئەدەب و ڕێزمانەکەیان ، ئەگەرچی لە پۆل و قۆناغەکانی پێشتردا بوونی هەیە بەڵام بەشێوەیەکی کورت و پوختە ، لەم بابەتەدا لایەنی زمانەوانی بەشێوەیەکی زنجیرەیی و تەواوکاری داڕێژراون ، وەکو ئەوەی هەر بابەتێك لە قۆناغێکدا بە کورتی باسکراوە بۆ قۆناغی دواتر بە درێژتر تر و بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت ، هەرچی بەشی ئەدەب و وێژەیە لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردیدا هەر لە کۆنەوە تا سەردەمی ئەمڕۆ خراوەتە ڕوو. (قەرەداغی ، ١٩٩٩ ، ل ١٤٥ )

ئاشکرایە کە زمان وەك کۆمەڵگا و بە پێی پێشڕەوێتی کۆمەڵایەتی ، قۆناغەکانی ژیان تێپەڕ دەکات لەگەڵ ئەوەش تەواوی بەشەکانی زمان لەگەڵ تێپەڕبوونی کات

گەشە دەکات ، پەرەدەسێنێت و یان بەرە و نابووتی و مەرگ دەچێت ، دیارە هۆی ئەوەش ئەمەیە کە زمان وەکو سیستمێکی دینامیکی و هاوکات لە تەك بێژەرانی دەجوڵێتەوە و پتەوتر دەبێت ، وە یان بەرە و لاوازبوون هەنگاو دەنێتەوە ، ئەو دیاردەیەی کە بە زمانی فەرهەنگی فەلسەفی ، دینی و یان فەرمی ناودێر دەکرێت ، بە هیچ شێوەیەك زمانێکی پڕ بارتر و بایەخدار و دەوڵەمەندتر لە زمانەکانی دیکە نییە ، بەڵکو دەسەڵاتی سەنتەری و چڕکراوەیە کە بە ڕای خەڵك ، بۆ پێڕەوی و پەیڤین لەو زمانە هان دەدات ، یاخود ناچاریان دەکات. ( ناصر، ٢٠٠١، ص ٧٣ )

زمانی کوردیش ئەو زمانەیە کە کوردەکان هەنووکە قسەی پێ دەکەن ، زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە بە پێی ڕێسا دیاریکراوەکانی خۆی دەگۆڕێت ، پەرە دەسێنێ و لە ڕەوتی پەرەسەندندا خۆیدا کارتێکەری لەسەر زمانەکانی دیکە دەبێت و زمانەکانی دیکەیش کاریگەرییان لەسەر ئەو دەبێت جاری وا هەیە لەم بگرە و بێنەدا زمان دەمرێ و زمانی دایکیش لەم ڕێسایە بەدەر نییە و کارتێکەری وەرگرتووە و کاریگەری لەسەریان بووە. (سیوەیلی، ٢٠١٤ ، ص ٩٦ )

ئەدەبیاتی کوردی مێژوییەکی دوور و درێژی هەیە ، لەسەردەمانێکی پێش زاینییەوە سەریهەڵداوە و بە چەندین قۆناغ و وێستگەی جیاوازدا تێپەڕیوە نوێکردنەوەی زۆری بەسەردا هاتووە تاکو سەردەمی ئەمڕۆمان ، هەروەها ئەدەبیاتی کوردی چەندین ژانەری جیاواز لەخۆ دەگرێت کە بۆ هەر ژانەرێك چەندین شارەزا و پسپۆڕی گەورەی هەبووە ، هەروەها زمان و ئەدەبی کوردی لە سەردەمی ئێستاماندا لە ئاستێکی باشدایە ، ئەمەش بۆ بایەخدانی زۆر دێت لە لایەن کەسانی تایبەتمەندی ئەم بوارەوە . زمان و ئەدەبی کوردی وەکو وانە و بابەتێکی بنەڕەتی و گرنگ لە سەرجەم قۆناغ و پۆلەکانی خوێندندا بایەخی پێدراوە و دەخوێندرێت ، بە پێی قۆناغەکانی خوێندن گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ، ئەمەش بەشێوەیەك داڕێژراوە کە لەگەڵ ئاست و توانا و لێهاتوویی فێرخوازانی قۆناغەکەدا لە ڕووی ژیری و بیرکردنەوە و هزرەوە بگونجێت ، وتنەوەی ئەم بابەتە لە قۆناغەکانی خوێندندا دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵێك مامۆستای شارەزا و بەتوانا ، بەجۆرێك نەك تەنها ئەرکیان وتنەوەی وانەکە دەبێت بەڵکو رۆڵ و ماندوبونیان فراوانتر دەبێت و پەلدەهاوێژن بۆ دەرخستن و دۆزینەوەی فێرخوازانی خاوەن بەهرە و توانا لەم بوارەدا ، کەواتە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی وەکو بابەتێکی فەرمی و سەرەکی لە پرۆگرامەکانی خوێندنی فەرمیدا دەخوێندرێت.
( قەرەچەتانی ، ٢٠١٤ ، ل ١٢٨ )

## ٢-٤ کوالێتی گشتگیر:

### ٢-٤-١ چەمکی کوالێتی گشتگیر:

کوالێتی گشتگیر لە بواری فێرکردندا پێناسە دەکرێت بەوەی بریتییە لە کۆمەڵێك بەجێهێنان و پێوەر کە بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی بواری پەروەردە و فێرکردن پەیڕەو دەکرێت ، یان بریتییە لە کۆمەڵێك چالاکی و کردار و پرۆسە ، بە بەکارهێنانی ئامراز و هۆکاری جۆراوجۆر بەشێوەیەك کە یەکتری تەواو دەکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان لەم بوارەدا. ( احمد ، ٢٠٠٣ ، ص ١٨١ )

کوالێتی گشتگیر لە بواری فێرکردندا بریتییە لە گرتنەبەر و پەیڕەوکردنی شێوازی کارکردن بە شێوەی دروست و بەسوود بەجۆرێك کە پەنا ببرێتە بەر کۆمەڵێك پێوەری پەروەردەیی گرنگ بەگوێرەی دام و دەزگاکانی بواری فێرکاری هەموو ئەمانەش بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستەکانی دەزگاکانی فێرکردن و کوالێتی و پەرەپێدانیان بە کەمترین هەوڵ و تێچوون ، بەدیهێنانی هەموو ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و پاشان پڕکردنەوەی بازاڕی کارکردن لە کادر و خەڵکی ئامادەکراو و ڕاهێنراوی شیاو لە ڕووی زانستی و کارکردنەوە. ( نافع ، ١٩٩٦ ، ص ٢١٥ )

کوالێتی گشتگیر لە بواری پەروەردەدا هەوڵی پێگەیاندنی فێرخوازێك دەدات کە توانای هەڵکردن و بەردەوامبونیان هەبێت لەگەڵ پێشکەوتنی بەردەوام لە سەرجەم بوارەکاندا و تەنها گوێگر نەبن و هەوڵی نوێگەری بدەن ، چەمکی کوالێتی گشتگیر لە وڵاتی ژاپۆن بایەخی پێدرا و سەری هەڵدا دوای جەنگی جیهانی دووەم کە هەوڵیاندا پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە سەرجەم بوارەکاندا بچەسپێنن بە تایبەتیش لە بواری پەروەردە و فێرکردندا . ئەمەش بەهۆی کردنەوەی قوتابخانە و زانکۆی خاوەن ژێرخانی زانستی و مەعریفی و کلتوری باش و فەراهەمکردنی پسپۆڕی جیاواز بۆ فێرخوازانی زانکۆ بە پێوەری داواکراو لە پێناو دووبارە بونیادنانەوەی وڵات و فێرکردن و پەروەردە. ( مدنی ، ٢٠٠٤ ، ص١٩١ )

کوالێتی گشتگیر هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی فێرخوازان دەدات لە لایەنی جەستەیی و ژیرییەوە ، پاشان لایەنی کۆمەڵایەتی و گیانی و دەروونی و مامەڵەکردن لەسەر بنەمای متمانە و هاوکاری لە نێوان دام و دەزگاکانی فێرکاری و کۆمەڵگەدا ، پاشان هەوڵدان بۆ فەراهەمکردنی هاوکاری و لێکتێگەیشتن لە نێوان هەموو کارمەند و کادرانی دەزگاکانی بواری پەروەردە و فێرکردن ، هەروەها

زیاترکردنی هەست و پابەندبوون لای فێرخوازان و کۆمەڵگەش ڕووەوە دەزگاکانی فێرکاری و ڕۆڵی گەورەیان لە بونیادنانی کۆمەڵگەدا. (صالح ، ٢٠٠٨ ، ص ٧٠)

کوالێتی گشتگیر بە واتای کارکردن بە گیانی یەك تیمی لە نێوان هەموو کارمەندانی دەزگای فێرکاری و پەروەردەکردن لەسەر بنەمای تەواوکاری و پەیوەست بوون و کوالێتی گشتگیر دەبێتە هۆی بەخشینی دانان و بڕواپێکردن بە دەزگاکانی فێرکاری لە لایەن ناوخۆ و دەرەوەدا و گرنگیدان بە پەرەپێدانی مرۆیی و دورکەوتنەوە لە لایەنی تیۆری. ( سعد ، ٢٠٠٢ ، ص ٣٢ )

**پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر:**

- گرەنتی کوالێتی پرۆگرامە پێدراوەکان بە فێرخوازان.
- بونیادنانی پرۆسەی فێرکاری لەسەر بنەمای ژێرخانێکی خاوەن کوالێتی نایاب .
- فەراهەمکردن و ئامادەکردنی پسپۆڕی بواری پەروەردەیی و کارگێڕی خاوەن توانا و شارەزایی.
- بەئاگابوون لە کوالێتی دروستبوونی بنەڕەتی بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن. ( الشرقاوی ، ٢٠٠٣ ، ص ١٦٥ )
- بەکارهێنانی هەموو ئەوانەی لە ناو ژینگەی فێرکاریدا هەن لە توانا و هێزی مرۆیی و کەل و پەلی ماددی بەشێوەیەکی باش و سوودبەخشانە.
- بەردەوامبوون لە گەشەپێدان و چاککردن لە بواری فێرکاریدا.
- هەڵسەنگاندنی ئاستی سەرکەوتنی کوالێتی گشتگیر لە فێرکردندا ئەمەش لە ڕێگەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لەم بوارەدا. (درباس ، ١٩٩٤ ، ص ٨٢)
- چاککردنی بەردەوام لە پرۆگرامەکاندا بەشێوەیەکی ساڵانە ئەگەر پێویست بوو.
- کوالێتی پرۆگرامەکان و بڕیار لێدراوەکانی خوێندن چ لە ئاستی زانکۆ یان قوتابخانەدا.
- کوالێتی ژینگەی ژێرخان لە کەرتی فێرکردندا لە ئامادەکردنی قوتابخانە و زانکۆ بە تایبەتمەندی بەرز و باش.
- کوالێتی دروستبوونی بنەڕەتی و بەردەوام بۆ پرۆگرامە فێرکارییەکان.
- بەکارهێنانی سەرچاوەی مرۆیی و مادی بە باشترین شێوە. ( الخطیب ، ٢٠٠٣ ، ص ٩٨ )

**گرنگی کوالێتی گشتگیر لە بواری فێرکردندا:**

- فەراهەمکردنی ژینگەیەکی کارکردنی گونجاو و ڕۆشنبیرییەکی ڕێکخراو کە بگونجێت لەگەڵ پێداویستییەکانی دەزگاکانی فێرکاری و ئامانجەکانیدا.
- بایەخدان بە پێوانەکردنی کارڕایی و کوالێتی. (جویلی ، ٢٠٠٢، ص ٢١٦)
- خستنەگەڕی کارگێڕی کار بۆ هێزی مرۆیی تایبەت بە دەزگای فێرکاری .
- ئامادەکردنی تاکەکان لە ژینگەی فێرکاری لە ڕێگەی فێرکردنیان و ڕاهێنانیان .
- بەشدارپێکردنی هەموو کارمەندان لە خستنەگەڕی هەموو توانایان بە مەبەستی چاککردنی ئاستی کارڕاییان.
- دروستکردنی سیستمی زانیاری تایبەت بە بەڕێوەبردنی کوالێتی گشتگیر . ( مصطفى ، ٢٠٠٢ ، ص ١٣٢ )

**٢-٤-٢ بنەما و پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر:**

**بنەماکانی کوالێتی گشتگیر:**

١. پێویستە کارگێڕی و دەستەی مامۆستایان هەموویان هەوڵی جێبەجێکردنی کوالێتی بدەن .
٢. جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی پێویستە ڕێگری لە شکستی فێرخوازان بکرێت ، نەك لێکۆڵینەوە بکرێت لە هۆکارەکان دوای ڕوودانی شکستەکە.
٣. بەکارهێنانی کۆنترۆڵی ئاماری بە وردی بۆ باشترکردنی پرۆسەکانی کارگێڕی و پەیوەست بە فێرخوازان.
٤. ڕاهێنان زۆر گرنگە بۆ کوالێتی گشتگیر ، هەموو تاکەکانی دەزگا و دامەزراوەکان پێویستە ڕاهێنانیان پێبکرێت لە پێناو کوالێتیدا.
٥. پێویستی ڕێککەوتن لەسەر پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر و دیاریکردنیان بەشێوەیەکی وورد. ( الحريرى ، ٢٠١١ ، ص ٩٩ )

**ئامانجەکانی کوالێتی گشتگیر:**

١. وشیاری: یارمەتیدانی مامۆستایان لەسەر وەرگرتن و ئاشنابوونیان بە واتای کوالێتی گشتگیر و ناوەڕۆك و مەبەستەکانی ، وەك هەنگاوی یەکەم پێویستە هەموو مامۆستایان و فەرمانبەران تەواوی زانیاریان هەبێت لەسەر کوالێتی گشتگیر ئەمەش بە مەبەستی ئاسانکردنی جێبەجێکردنی لە پرۆسەکەدا.

٢. زانیاری: فەراهەمکردنی بوارێکی فراوانی فێرکاری بۆ فێرخوازان لە پێناوی وەرگرتن و دەستکەوتنی شارەزایی جۆراوجۆر ، پێدانی چەمکی بنەڕەتی و ناوەڕۆکی تەواو لەسەر بابەتەکان بە فێرخوازان. ( الخطیب ، ٢٠٠٢ ، ص ٦٢ )
٣. لێهاتوویی: یارمەتیدانی فێرخوازان لە وەرگرتنی لێهاتووییەکان ، ئەمەش لە پێناوی دیاریکردنی بەربەستەکانی پێگەیشتنی کوالێتی و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان .
٤. بەها و ئاراستەکان : فێرخوازان بواریان بۆ بڕەخسێت بۆ وەرگرتنی کۆمەڵێك بەها و ئاراستە و هەستی بایەخدان بە کوالێتی ، پەرەپێدانی پاڵنەری بەشداریکردنی ویستراو بۆ ڕۆچوون تیایدا.
٥. بەشداریکردن : فەراهەمکردنی هەل بۆ فێرخوازان بۆ بەشداریکردنی کارا و چالاك لە کاردا بۆ چارەسەرکردنی پێگەیشتنی کوالێتی لە سەرجەم ئاستەکاندا.
٦. توانای هەڵسەنگاندن : یارمەتیدانی فێرخوازان لەسەر هەڵسەنگاندنی پێوەرەکان و بەرنامەی پەروەردەیی بۆ کوالێتی لەبەر ڕۆشنایی هۆکارە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سروشتی و ڕۆشنبیری و دەروونی و هتد. ( نافع ، ١٩٩٦ ، ص ٤٣ )

**بیروبۆچوونی پەروەردەیی بنەڕەتی بۆ پێوەرەکانی کوالێتی لە کارڕایی مامۆستایاندا:**

١. سەرنجدان و تێڕوانین بۆ داهاتووی کۆمەڵگە ، کۆمەڵگە بە واتای ئەوەی دروستکەری پەروەردەیە .
٢. پێشبڕکێ و ململانێی ئەمڕۆ و داهاتووی جیهان لە فۆڕم و ناوەڕۆکدا بریتییە لە کێبڕکێیەکی فێرکاری ، کە شوێنی یەکلاکردنەوەی ئەم ململانێ و کێبڕکێیە دەزگا فێرکارییەکانە.
٣. سیستمی فێرکاری لە ئێستا و لە داهاتوودا ، هانی پسپۆڕان و شارەزایان دەدات بۆ دانانی نەخشە بۆ بەرنامەکانی و دیاریکردنی سیاسەتەکانی و چاودێریکردنی پرۆسەکانی لەسەر ئاراستەکردنی بەجێهێنانە فێرکارییەکان کە دامەزراوەکانی بونیادیان ناوە بۆ زیاتر کرانەوەیان ڕووە و ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر بنەمای زانستی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و داهێنانی تەکنەلۆژیا. ( مصطفى ، ٢٠٠٢ ، ص ٩٦ )

٤. گرەنتی چالاك بوون و كارابوونی هەر سیستمێكی فێركاری پێویستە لە جێبەجێكردنی بنەما و پێوەرەكانی كوالێتی گشتگیرەوە سەرچاوە بگرێت ، كە ڕەنگدانەوەی گیانی سەردەم و ئەوەی فەرمانڕەوایی دەكات لە شۆڕشەكان و گۆڕانكارییە جیاوازەكان ، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی درووستبوونی هێز و هۆكار كە ڕابەرایەتی و ئاراستەكاری ڕەوتی كۆمەڵگاكان دەكەن لەم سەردەمەدا. ( الشرقاوی ، ٢٠٠٣ ، ص ٧٥ )

٥. جەختكردنەوە و دڵنیابوونەوە لە كوالێتی سیستمی فێركاری بەندە بە سرووشتی كارڕایی مامۆستایان كە ئەم سیستمە پەنای بۆ بردووە ، بە جۆرێك كە گرەنتی كوالێتی كارڕایی ئەم مامۆستایانە بەندە بە بوونی پێوەرە دیاریكراوە ئاشكراكان پەیوەست بە كاری مامۆستایی و بەرزكردنەوەی ئاستی كارڕایی و بەجێهێنانی پیشەیی. ( مدنی ، ٢٠٠٤ ، ص ١٥١ )

**كارڕایی چاوەڕوانكراو لە مامۆستایان لە چوارچێوەی بنەما و پێوەرەكانی كوالێتی گشتگیردا لە بواری فێركردندا:**

مامۆستا وەك كارەكتەرێكی سەرەكی لە پرۆسەی پەروەردە و فێركردندا ڕۆڵێكی گەورە دەبینێت لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەكاندا ، لە چوارچێوەی بنەما و پێوەرەكانی كوالێتی گشتگیردا هەندێك كارڕایی لە مامۆستایان چاوەڕوان دەكرێت ، چونكە لە سەردەمی نوێدا كە بە چەرخی ڕەخنەگرتن ناودەبرێت لە سەرجەم بوارەكاندا ، بێگومان بواری پەروەردەیش بەدەر نابێت لەم ڕەخنە و شەن و كەوكردنە كە سەرجەم پرۆسەكانی بۆ ناوەوە و بۆ دەرەوەی پرۆسەی پەروەردە دەگرێتەوە ، وەك ئەوەی تێڕوانین بۆ پەروەردە و فێركردن بە واتای ئەوەی دەبێتە ڕزگاركەری كۆمەڵگەكان لە نەزانین و دواكەوتن و بەرەوپێشبردنی بەرەو پێشكەوتن و پەرەپێدانی سەرجەم بوارەكان. ( البیلاوی ، ٢٠٠٦ ، ص ١٧٠ )

لە ئەنجامدا پرۆسەیەكی گشتگیری پێداچوونەوە بە سیستمی فێركردن و كارڕایی مامۆستایان دەستپێكرد كە پێشتر بوونی نەبووە ، كە چەندین پرسیاری وروژاند كە سروشت و سنووری ڕۆڵی مامۆستا لە چوارچێوەی ژینگەی فێركردندا لەخۆدەگرێت ، لە گرنگترین ئەو پرسیارانە:

١. جۆری فێركردنی نوێ كامەیە كە پێویستە لەسەر سیستمی فێركاری هاوچەرخدا كە هەوڵئەدات پێشكەشی فێرخوازانی بكات لەبەر ڕۆشنایی ئاستەنگە نوێیەكانی كە بەسەر ئەم سیستەمەدا سەپێنراون؟ ( دعمس ، ٢٠٠٨، ص ١٤٩ )

٢. تا چ ڕادەیەك مامۆستا دەتوانێت ئەم جۆرە فێرکارییە پێشکەش بکات لە چوارچێوەی پارێزگاریکردن لە بەدیهێنانی کوالێتی ویستراو بۆ سیستمی فێرکاری و بەرزکردنەوەی ئاستی بەسبوونی لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئاڵنگاریانەدا؟ ( النجار ، ٢٠٠٢ ، ص ٦٢ )
٣. سروشتی ئەو ڕۆڵەی مامۆستا دەیبینێت لەم ڕووەوە چۆن دەبێت؟ پاشان سنووری ئەو ئازادییەی لەمبارەیەوە فەراهەم دەکرێت تاکو کوێ دەبێت؟
٤. ئەو پێوەرانە چین کە دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت لە بڕیاردان لە کارڕایی مامۆستایاندا بۆ ڕۆڵ و ئەرکی لە چوارچێوەی ژینگەی فێرکاری نوێ کە شۆڕشی زانستی و تەکنەلۆژی بەرهەمی هێناوە؟ ( احمد ، ٢٠٠٣ ، ص ١٦٢ )
٥. ئایە ئەو بۆچوونە دروستە کە دەڵێت ئەو پێشکەوتنە گەورە چاوەڕوانکراوانەی کە لە تەکنەلۆژیای فێرکردندا ڕوودەدەن دەکرێت بەبێ بوونی مامۆستا لە داهاتوودا ڕووبدات؟ ئایە ئەو تەکنەلۆژیایە دەکرێت بۆ نموونە مامۆستایەکی ڕۆبۆت شوێنی مامۆستای مرۆیی بگرێتەوە؟
٦. یان ئەم گەشەکردن و پێشکەوتنانە تەنها دەبنە مایەی ڕاستکردنەوە و گۆڕانی ڕۆڵی مامۆستا و بەرپرسیارێتی پیشەیی ، بۆ ئەوەی توانای وەڵامدانەوەی لۆژیکی و پێداویستییەکانی ئەم پێشکەوتنانەی هەبێت ، ئەم گۆڕانکارییانە روو لە کام ئاراستە دەبن؟
٧. ئەگەر بابەتەکە وابێت ئەوا ڕۆڵی مامۆستا لە داهاتوودا چییە؟ ئەو گۆڕانکارییانە چییە کە لە سیستمی هەڵبژاردنی مامۆستا و بەرنامە و پلانی ئامادەکردنی پێشوەختە و پەرەپێدانی پیشەیی دوای دامەزراندنی؟ ( صالح ، ٢٠٠٨ ، ص ١٨٨ )
٨. یان ئەوەتا مامۆستا لە داهاتووشدا هەمان شوێن و پێگەی دەبێت لە قوتابخانەدا و لە ناو کۆمەڵگەدا لە چەرخی بیست و یەکەمدا یان ئەو شوێن و پێگەیە دەگۆڕێت؟

چەندین پرسیاری دیکە کە تاکو ئێستا زاڵە بەسەر بۆچوونی پەروەردەیی پەیوەست بە مامۆستاوە ئەمەش بە دۆخێکی سرووشتی دادەنرێت کە هەندێك پرسیار و بۆچوونەکان وەکو یەکبن یان دژی یەکبن. ( ابو صعیلیك ، ٢٠٠٨ ، ص ١٩٦ )

### ٢-٤-٣ گرەنتی کوالێتی لە کارڕایی مامۆستادا:

#### بنەماکانی جێبەجێکردنی کوالێتی کارڕایی مامۆستایان:

پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان پڕۆگرام و بەرنامەی ئامادەکردنی مامۆستایان و کوالێتی لە کارڕایی و توانا و لێهاتوویی مامۆستایان ، ئەنجامی چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا ئەوەیان دەرخستووە کە کۆمەڵێك بنەمای گرنگی هەیە بۆ جێبەجێکردنی کوالێتی کارڕایی مامۆستایان وەکو:

- پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و پتەو هەیە لە نێوان ئاستی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەك لەگەڵ بواری جێبەجێکردنی مەرج و بنەماکانی کوالێتی گشتگیر لە فێرکردندا بە مەبەستی وەرگرتنی توانا و لێهاتوویی واتە هەر کات کۆمەڵگە خاوەن بنەماکانی کوالێتی گشتگیر بوو لە پەروەردە و فێرکردندا ڕاستەوخۆ گەشەکردن سەرجەم بوارەکانی دیکەی دەگرێتەوە. ( الحریری ، ٢٠١١ ، ص ١١٠ )
- زۆربوونی داواکاری کۆمەڵایەتی چاوەڕواننەکراو لەسەر فێربوون ئەمەش بە هۆی زۆربوونی وشیاری تاك و کۆمەڵگە لەسەر نرخ و بەهای فێرکردن ، کەواتە پێوەرەکانی بڕیاردان لەسەر قوتابخانەکان لە داهاتوودا بریتییە لە مەودای سەرکەوتنیان لە دابینکردنی داوای فێربووندا.
- ئەم جۆرە نوێیە لە فێرکردن پێداویستی و داواکاری زۆری هەیە بە بەراورد بە سیستمی کۆنی فێرکردن. ( الخطیب ، ٢٠٠٢ ، ص ٦٨ )
- مامۆستای چالاك خاوەن زانیارییەکی فراوان و قوڵە تەنها ئەم دەتوانێت فێربوون بە کوالێتی لە زانین و زانیارییە جۆراوجۆرەکان فەراهەم بکات.
- فێربوون بە شێوازی کوالێتی گشتگیر کۆمەڵێك ئەرك و بەرپرسیارێتی نوێ دەخاتە ئەستۆی مامۆستاوە ، بەشێوەیەك کە مامۆستا پێویستە ئەرکی ئەمڕۆی جیاواز بێت لە دوێنێ و بەردەوام هەوڵی گۆڕانکاری و نوێبوونەوە بدات. ( نافع ، ١٩٩٦ ، ص ٤٩٤ )
- ئەنجامدانی ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی نوێ لە مامۆستا پێویستی بە کۆمەڵێك لە بەسبوون و توانا و لێهاتوویی هەیە کە جیاوازن لە هی ئەمڕۆ ، ئەمەش واتا پێویستە نوێکردنەوە و گەشەپێدانی بەرنامەی ئامادەکردنی مامۆستایان بکرێتە بنەمای ئامادەکردن و جێبەجێکردنی ئەم شێوازە لە فێرکردن.
- لە ئەنجامی پێداچوونەوەی لێکۆڵینەوەکاندا لە بواری فێرکردندا ئەوە دروست دەرنەچووە کە پێی وایە مامۆستای چالاك لەدایك دەبێت نەك ئامادە

دەکرێت ، ئێستا هەر تاکێك ئەتوانێت ببێتە مامۆستایەکی سەرکەوتوو بە مەرجێك هەوڵ و ماندووبوونی هەبێت لە کۆنترۆڵکردنی بابەتی زانستی و رێگای وانەوتنەوە و خۆی پڕ چەك بکات بە سیفەتەکان و تایبەتمەندی و زانیاری نوێ لەسەر مامۆستاکە پەروەردەی نوێ پەسەندی دەکات. ( درباس ، ١٩٩٤ ، ص ١٩٠ )

**پێوەرەکانی کوالێتی بۆ کارڕایی مامۆستای چالاك:**

پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە بواری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بۆ هەندێك وڵات نوێیە ، لە لایەکی دیکەوە لە هەندێك وڵاتدا دەزگاکانی سەربەخۆ بوونی نییە لە هەڵسەنگاندنی بەرنامە و سیستمی چۆنیەتی ئامادەکردنی مامۆستایان ، شیکردنەوەی شارەزایی جیهانی لەم بوارەدا ئەوەی سەلماندووە کە پێوەرەکانی کارڕایی پەسەندکراو بۆ بەجێهێنانی پیشەیی لە بواری فێرکردن سەرچاوە دەگرێت لەو ڕوانگەیەوە کە بەرپرسیارێتی مامۆستا لە پێنج بواردا دەبێت:

- **بەرپرسیارێتی مامۆستا لەسەر فێرخوازان و فێرکردنیان:**

مامۆستای چالاك بەرپرسە لە خستنەگەڕی هەموو توانای خۆی بۆ ئەوەی فێرخوازان زانیاری تەواو بەدەستبێنن ، هەروەها ئاراستەکردن و ڕاستکردنەوەی ئەرکی مامۆستا لەبەر ڕۆشنایی حەز و توانا و لێهاتوویی فێرخوازان دەبێت بە پشت بەستن بە تێگەیشتنی مامۆستا بۆ چۆنێتی گەشەکردن و فێرکردنی فێرخوازان. ( سعد ، ٢٠٠٢ ، ص ١٩١ )

- **ئاشنابوونی مامۆستا بە بابەتەکانی خوێندن کە دەیڵێتەوە لەگەڵ چۆنێتی وتنەوەی بۆ فێرخوازان:**

مامۆستای کارا زانیاری تەواوی هەیە لەسەر بابەت و باسەکان کە دەیڵێتەوە و توانای دەرخستن و ئاشکراکردنی هەیە بۆ فێرخوازان ، مامۆستای چالاك توانای داهێنانی هەیە لە خستنەڕووی ڕێڕەوی زانیاری جۆراوجۆر کە گونجاوبێت لەگەڵ جیاوازییەکانی فێرخوازاندا ، هەوڵی فێرکردنی فێرخوازانی دەدات لە رێگەی دیاریکردن و دەرخستنی کێشەکانیان و دانانی چارەسەری گونجاو بۆیان. ( الشرقاوی ، ٢٠٠٣ ، ص ٧٩ )

- **بەرپرسیارێتی مامۆستا لە بەرامبەر بەڕێوەبردنی فێرکردنی فێرخوازان و چاودێریکردنیان:**

مامۆستای کارا بەرپرسە لە نوێکردنەوە و داهێنان لە دۆخی فێرکارییدا کە پارێزگاری لە هەست و حەزی فێرخوازان دەکات ، ئاشنایە بە ئامراز و ستراتیژی فێرکاری گونجاو ، خاوەن زانیاری و لێهاتوویە کە لە کاتی گونجاودا بەکاریدەهێنێت بۆ وروژاندنی پاڵنەری فێرخوازان بۆ فێربوون و رێگا و ئامرازی جۆراوجۆر بۆ چاودێریکردنی فێرکردنی فێرخوازان و پێوانی گەشەکردنیان و شیکار و ڕونکردنەوەی کارڕایی فێرخوازان بۆ بەخێوکەرەکانیان. ( احمد ، ٢٠٠٣ ، ص ١٦٩ )

- **توانای مامۆستا لەسەر بیرکردنەوە بە ڕێگەیەکی ڕێك لە فێرکردن و بەجێهێنان و گەشەی پیشەیی لە میانەی شارەزاییەوە:**

مامۆستای بەئەزموون و خاوەن پیشە و توانا و ئارەزوو لە پشکنین و هەڵسەنگاندنی بەجێهێنانی بە ڕێگەیەکی خودی ، هەوڵ ئەدات بۆ دەستکەوتنی ڕێنمایی و ئامۆژگاری کەسانی دیکە و سوود لە لێکۆڵینەوەکانی بواری پەروەردە وەردەگرێت بۆ زیادبوونی زانیارییەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان. ( البیلاوی ، ٢٠٠٦ ، ص ١٧٢ )

**٢- ٥ لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:**

لێکۆڵەر تێڕوانینی بۆ کۆمەڵێك توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی پێشوو کە پەیوەندییان بە بابەتەکەیەوە هەیە کردووە ، بەهۆی جۆراوجۆرییان لێکۆڵەر تەنها ئەو لێکۆڵینەوانەی هەڵبژاردووە کە پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە ، بەبێ گوێدانە بابەت یان نموونەی لێکۆڵینەوەکە و لایەنی سوودبەخشین و هاوسەنگی لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا خراوەتە ڕوو.

**٢-٥-١ لێکۆڵینەوەکان بە زمانی عەرەبی:**

**١- لێکۆڵینەوەی عبدالمجید ( ١٩٨٥ ):**

" هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی زمانی عەرەبی لە قۆناغی دووەمی ناوەندیدا لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر "دا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە وڵاتی بەحرێن ئەنجامدراوە ، ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە زانینی ئەو کارڕاییانەی کە پێویستە لە مامۆستایانی بابەتی زمانی عەرەبیدا هەبن لە وانەوتنەوەدا ، لێکۆڵەر نموونەکەی بریتییە لە ( ٢٣ ) مامۆستا و فۆڕمی تێبینیکردنی بەکارهێناوە ، ئامرازەکانی ئامارکردنیش

بریتین لە ڕێژەی سەدی و ناوەندی شیاو ، گرنگترین ئەنجامەكانی بریتییە لە نزمی ئاستی كارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمانی عەرەبی لە پۆلی دووەمی ناوەندیدا. ( عبد المجید ، ١٩٨٥ ، ص ٤١ )

**٢- لێكۆڵینەوەی داخل ( ١٩٨٩ ) :**

" هەڵسەنگاندنی ئاستی كارڕایی و لێهاتوویی مامۆستایانی قۆناغی پێنجەمی ئامادەیی لە بابەتی زمانی ئینگلیزیدا بە پێی پێوەرەكانی كوالێتی گشتگیر ".

ئەم لێكۆڵینەوەیە لە ساڵی ١٩٨٩ لە عێراق لە لایەن (داخل محمد علوان )ەوە ئەنجام دراوە ، نموونەی لێكۆڵینەوەكەی ( ١٤٠ ) مامۆستایە و لێكۆڵەر فۆڕمی ڕاپرسی بەكارهێناوە ، ئامانجی لێكۆڵینەوەكە هەڵسەنگاندنی توانای كارڕایی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزییە لە قۆناغی پێنجەمی ئامادەییدا ، لێكۆڵەر ناوەندی شیاو ، ڕێژەی سەدی ، كای سكوێر ، هاوكێشەی yats ، هاوكێشەی پێرسۆن وەكو ئامرازەكانی ئاماركردن بەكارهێناوە ، ئەنجامی لێكۆڵینەوەكە بریتییە لەوەی كە مامۆستایان وەك پێویست گوێ نادەن بە پەرەپێدانی كارڕایی و توانا و لێهاتووییان بەشێوەیەكی گشتی. ( داخل ، ١٩٨٩ ، ص ٢٢ )

**٣- لێكۆڵینەوەی عبدالرزاق ( ١٩٩٥ )** :

"هەڵسەنگاندنی ئاستی مامۆستایانی مێژووی قۆناغی ئامادەیی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەكانی كوالێتی گشتگیر و دانانی بەرنامەیەك بۆ گەشەپێدانیان".

ئەم لێكۆڵینەوەیە لە شاری بەغدا ئەنجامدراوە ، نموونەی لێكۆڵینەوەكەی ( ٨٤ ) مامۆستایە و فۆڕمی تێبینیكردنی بەكارهێنراوە ، لێكۆڵەر ئامانجی لێكۆڵینەوەكەی دیاریكردووە لە دانانی لیستێك لە كارڕاییەكانی وانەوتنەوەی بابەتی مێژوو لە قۆناغی ئامادەییدا ئەمەش بە پێی پێوەرەكانی كوالێتی گشتگیر و پاشان دانانی بەرنامەیەك بۆ گەشەپێدانی ، سەبارەت بە ئامرازەكانی ئاماركردن لێكۆڵەر هاوكێشەی پێرسۆن ، كای سكوێر ، ناوەندی شیاو ، ڕێژەی سەدی بەكارهێناوە.

گرنگترین ئەنجامەكانی ئەم لێكۆڵینەوەیە ئەوەیە كە لە كۆی ( ٧٠ ) كارڕایی مامۆستایان لە ( ٣٧ ) كارڕاییدا لاوازن و دەكەونە خوار پلەی پێوانەی دیاریكراوی توێژینەوەكەوە. ( عبدالرزاق ، ١٩٩٥ ، ص ٣٥ )

**٤- لێكۆڵینەوەی البرغوثی (١٩٩٧) :**

" بەراوردکردن لە نێوان هەڵسەنگاندنی فێرخوازانی قۆناغی دواناوەندی بۆ مامۆستایان ، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی خودی مامۆستایان لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر "دا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە (٦٠٥) فێرخواز لە هەردوو ڕەگەز دەبنە نموونەکەی لە پۆلی یەکەم و دووەمی دواناوەندی ، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون لە کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە ، لێکۆڵەر ئامرازی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ هەڵسەنگاندی فێرخوازان بۆ مامۆستایان و هەڵسەنگاندنی خودی مامۆستایان.

**ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش ئەمانەن:**

- بوونی جیاوازی بەڵگەیی ئاماریی لە نێوان ناوەندە هەڵسەنگاندنی فێرخوازان بۆ مامۆستایان و ناوەندە هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بۆ خۆیان و لەبەرژەوەندی مامۆستایاندا.
- بوونی جیاوازی بەڵگەیی ئاماریی لە نێوان هەر چوار بوارەکەی هەڵسەنگاندندا.
- نەبوونی جیاوازی بەڵگەیی ئاماریی لە هەڵسەنگاندنی فێرخوازان بۆ مامۆستایان بە پێی ڕەگەزی فێرخوازان.

(البرغوثي ، ١٩٩١ ، ص ٢٧ )

**٥- لێکۆڵینەوەی حمادنە (٢٠٠١) :**

" هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی زمانی عەرەبی لە قۆناغی بنەڕەتی لە ئەردەن لەبەر ڕۆشنایی پێوەری کوالێتی گشتگیر و بونیادنانی پڕۆگرامی پەرەپێدان لە وڵاتی ئەردەن "دا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامانجی ئەوەیە کە بەسبوونی فێرکاری پێویست دیاری بکات بۆ کارڕایی مامۆستایانی زمانی عەرەبی لە قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلەکانی هەشتەم و نۆیەم و دەیەم لە پارێزگای اربد بۆ فێربوونی ڕێزمانی زمانی عەرەبی و خوێندنەوە و تێکستە ئەدەبیەکان و داڕشتن ، هەروەها بونیادنانی پڕۆگرامی پێشخستنی کارڕایی مامۆستایانی زمانی عەرەبی کە لەسەر بنەمای بەسبوون جێگیر کراوە کە پێویستە بوونی هەبێت لە لایان لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندندا.

نموونەی ئەم لێکۆڵینەوەیە (٣٥) مامۆستای گرتووەتەوە لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و لێکۆڵەر هەستاوە بە دروستکردنی چوار لیستی

بەسبوونی فێرکاری پێویست بۆ کارڕایی مامۆستایان لە فێرکردنی هەریەك لە ڕێزمان و خوێندنەوە و تێکستە ئەدەبییەکان و داڕشتن ، فۆڕمی یەکەم (٧٦) بەسبوونی فێرکاری بۆ وتنەوەی ڕێزمان لەخۆ گرتووە ، هەروەها فۆڕمی خوێندنەوە (٧٦) بەسبوونی فێرکاری لەخۆ گرتووە ، و فۆڕمی تێکستە ئەدەبییەکان (٧٦) بەسبوونی فێرکاری لەخۆ گرتووە ، و فۆڕمی داڕشتن (٧٦) بەسبوونی فێرکاری لەخۆ گرتووە و لێکۆڵەر شێوازی تێبینیکردنی پۆلی بەکارهێناوە ، لەگەڵ هاوکێشەی ناوەندی گەڕاوە و کێشی سەدی وەکو ئامرازی ئاماری. لێکۆڵەر بەم ئەنجامانەی لای خوارەوە گەیشتووە:

- کارڕایی مامۆستایان باشە لە بابەتی ڕێزمان لە بواری پەیوەندی مرۆڤایەتی و بەڕێوەبردنی پۆل و ئامادەکردن و نەخشەکێشان بۆ وانە وتنەوە و وروژاندنی پاڵنەر ، بەڵام لە بوارەکانی جێبەجێکردنی وانە و بەکارهێنانی هۆکارەکانی فێرکردن و فەلسەفە و ئامانجە پەروەردەییەکان و هەڵسەنگاندندا کارڕاییەکە لاوازە.
- کارڕایی مامۆستایان باشە لە بابەتی خوێندنەوە لە بوارەکانی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و بەڕێوەبردنی پۆل و جێبەجێکردنی وانەکە و وروژاندنی پاڵنەر و ئامادەکردن و نەخشەکێشان بۆ وانەکە ، بەڵام لە بوارەکانی هۆکارەکانی فێرکردن و هەڵسەنگاندن و فەلسەفە و ئامانجە پەروەردەییەکاندا لاوازە.
- کارڕایی مامۆستایان باشە لە بابەتی تێکستە ئەدەبیەکان لە بواری پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و بەڕێوەبردنی پۆل و جێبەجێکردنی وانە ئامادەکردن و نەخشەکێشان بۆ وانە و وروژاندنی پاڵنەردا ، بەڵام لە بوارەکانی هەڵسەنگاندن و بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکاری و فەلسەفە و ئامانجە پەروەردەییەکاندا کارڕایی مامۆستایان لاوازە.
- کارڕایی مامۆستایان باشە لە بابەتی داڕشتن لە بواری پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و بەڕێوەبردنی پۆل و وروژاندنی پاڵنەر و جێبەجێکردنی وانەکەدا ، بەڵام کارڕایی مامۆستایان لە بوارەکانی ئامادەکردن و نەخشەکێشان بۆ وانەکە و هۆیەکانی فێرکاری و فەلسەفە و ئامانجە پەروەردەییەکان و هەڵسەنگاندندا لاوازە. ( حمادنە ، ٢٠٠١ ، ص ٤٤ )

**٦- لێکۆڵینەوەی النجار (٢٠٠١) :**

" هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی جوگرافیا لە قۆناغی دواناوەندیدا لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا لە دیدی فێرخوازانەوە ".
ئامانجی لێکۆڵینەوەکەش " هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی جوگرافیا لە قۆناغی دواناوەندیدا لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا لە دیدی فێرخوازانەوە لە وڵاتی عێراق ".

ئەم لێکۆڵینەوەیە نموونەکەی پێکهاتووە لە (٥٢) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەز ، دواتر هەڵسەنگاندنی کارڕاییان بەهۆی دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بۆ هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان لەسەر (١٤٢٤) فێرخواز لە هەردوو ڕەگەز ، ئامرازی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە (٥٠) پێوەر کە بەسەر چوار بواری سەرەکیدا دابەشکراوە ، لێکۆڵەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا هەڵسەنگاندنی (ت) و شیکردنەوەی جیاوازی تاکی بەکارهێناوە.
ئەم لێکۆڵینەوەیە کۆمەڵێك ئەنجامی بەدەستهێناوە وەکو:

- ڕیزبەندی هەر چوار بوارەکەی ئامرازی لێکۆڵینەوەکە بە گوێرەی گرنگی ڕێژەی لێهاتوویی وانەوتنەوەیە لەهەر بوارێکدا بەم شێوەیە :

 یەکەم: بواری تێکەڵاو بوونی پۆل و پەیوەندیکردن بە فێرخوازانەوە .

 دووەم: بواری لێهاتوویی جێبەجێکردنی وانەکانی جوگرافیا.

 سێیەم: بواری بەکارهێنانی هۆکارەکانی فێرکردن لە وانەکانی جوگرافیادا .

 چوارەم: بواری هەڵسەنگاندنی وانەکانی جوگرافیا.

- ژمارەی ئەو لێهاتووییانەی کە نمرە و ئاستی بەجێهێنانیان لە لایەن مامۆستایانەوە ناوەند یان لاوازە (٣٠) لێهاتوویی وانەوتنەوەیە لە کۆی (٥٠) پێوەر کە ئامرازی لێکۆڵینەوەکە لە خۆیانی گرتبوو ، ئەوانەشی لێهاتوویی وانەوتنەوەن کە پێویستیان بە پەرەپێدان هەیە ، پاشان بایەخ پێدانیان لە لایەن مامۆستایانەوە و زیاتر وورد بوونەوە و ڕۆچوون تیایاندا ، بە مەبەستی بەدیهێنانی فێربوونی کاریگەر و چالاك لەم بابەتەدا. ( النجار ، ٢٠٠١ ، ص ٢٥ )

**٧- لێکۆڵینەوەی المسعودی (٢٠٠٢) :**

" هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی جوگرافیا لە قۆناغی ناوەندیدا لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە وڵاتی عێراق "دا.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە " هەڵسەنگاندنی کاراییی مامۆستایانی جوگرافیا لە قۆناغی ناوەندیدا لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر"دا. ئەمەش لە ڕێگەی دیاریکردنی لێهاتوویی پێویست بۆ مامۆستایانی جوگرافیا و زانینی ئاستی کاراییی مامۆستایانی جوگرافیا لەبەر ڕۆشنایی ئەم لێهاتووییانە ، ژمارەی تاکەکانی نموونەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە (١٣٥) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەز ، لێکۆڵەر پسوڵەی تێبینی لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەکارهێناوە کە (٦٤) لێهاتوویی جوگرافیای لەخۆ گرتووە کە بەسەر ( ١٥ ) بواردا دابەشکراوە ، لێکۆڵەر چەندین ئامرازی ئاماری بەکارهێناوە لە لێکۆڵینەوەکەیدا وەکو: چوارگۆشەی کای ، و ڕێژەی سەدی و هاوکێشەی بەیەکەوە بەستنی بێرسۆن ، و ناوەند ژمێریاری و کێشی سەدی. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش ئەوەی سەلماندووە کە کاراییی مامۆستایانی جوگرافیا بۆ لێهاتوویی جوگرافیا لە قۆناغی ناوەندیدا بەشێوەیەکی گشتی باشە ، هەروەها بوارەکانی لێهاتوویی پەیوەست بە شوێنی جوگرافی دەبنە خاوەنی بەرزترین تێکڕا و بوارەکانی لێهاتوویی پەیوەست بە تاقیگەی جوگرافی یان هۆڵی جوگرافی دەبنە خاوەنی نزمترین تێکڕا ، ژمارەی لێهاتووییە جوگرافییە بەدەستهاتووەکان دەگاتە (٥٢) لێهاتوویی جوگرافی و لێهاتوویی بەدەستنەهاتوو ، بەڵام لێهاتوویی جوگرافی کە لە لایەن تاکەکانی نموونەکەوە بەجێنەهاتوون دەگاتە (٣) لێهاتوویی جوگرافی. ( المسعودي ، ٢٠٠٢ ، ص ٢٩ )

**٨- لێکۆڵینەوەی جاد (٢٠٠٣) :**

" هەڵسەنگاندنی مامۆستایانی بیرکاری بۆ کاراییی وانەوتنەوەیان لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا لە قۆناغی ئامادەیی لە وڵاتی لوبنان"دا.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە " هەڵسەنگاندنی مامۆستایانی بیرکاری بۆ کاراییی وانەوتنەوەیان لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا لە قۆناغی ئامادەیی "دا. لە پارێزگای دمیاگ ، سوود و بایەخی هەڵسەنگاندنی خوودی بۆ کاراییان لە دیاریکردن و چارەسەرکردنی پێویست بۆ فیدباکی مامۆستا تاکو باشتربوونی کاراییی وانەوتنەوە. لێکۆڵەر سێ ئامرازی لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەکارهێناوە کە ئەمانەن: ڕاپرسی کراوە بۆ کۆکردنەوەی ڕاوبۆچوونی مامۆستایانی بیرکاری ، پسووڵەی هەڵسەنگاندنی خودی مامۆستا ، پسووڵەی هەڵسەنگاندنی دەرەکی ، ژمارەی تاکەکانی نموونەی

لێکۆڵینەوەکە گەیشتوەتە (١٠٠) مامۆستا ، ئامرازەکان چوار لێهاتوویی سەرەکی گرتوەتەوە کە ئەمانەن ( نەخشە کێشان ، جێبەجێکردنی وانەکە ، پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان، هەڵسەنگاندن ) ، لێکۆڵەر هەندێك ئامرازەکانی ئاماری لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەکارهێناوە وەکو : هەڵسەنگاندنی (ت) و هەڵسەنگاندنی (ف) و هاوکێشەی بەیەکەوەبەستنەوەی بێرسۆن ، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش ئەوەی دەرخستووە کە هەڵسەنگاندنی خوودی مامۆستایان کاریگەری بەرچاوی هەبووە لە ڕوودانی گۆڕانکاری باشتربوونی کارڕایی مامۆستایان لە هەموو لێهاتووییەکاندا. ( جاد ، ٢٠٠٣ ، ص ٣٧ )

٩- **لێکۆڵینەوەی الکندی (٢٠٠٥) :**

" هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە لای مامۆستایانی هەردوو قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی و گشتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا لە سوڵتاننشینی عەمان "دا.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە " هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە لای مامۆستایانی هەردوو قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی و گشتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا لە سوڵتاننشینی عەمان "دا.. لێکۆڵەر پسوڵەی تێبینی لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەکارهێناوە کە لە (٤٠) بڕگە پێکهاتووە و دابەشکراون بەسەر (٥) تەوەری سەرەکیدا کە ئەمانەن ( بەرایی ، خستنەڕوو ، هۆکارەکان ، پاڵنەرەکان ، هەڵسەنگاندن ).

نموونەکە بریتییە لە (١٣) مامۆستا لە بازنەی دووەم و (١٣) مامۆستایش لە فێرکردنی گشتییدا. هەروەها لێکۆڵەر ( ڕێژەی سەدی و ناوەندە ژمێری و هاوکێشەی الفاکرونباح ) و هەڵسەنگادنی (ت) ) وەکو ئامرازەکانی ئامار نموونەکە بەکارهاتوون.

**ئەم لێکۆڵینەوەش بە کۆمەڵێك ئەنجام گەیشتووە وەکو:**

- دابەزینی ئاستی تاکەکانی نموونەکە لە بەجێهێنانی لێهاتوویی وانەوتنەوە کە لە پسوڵەی تێبینیدا دەرکەوتووە بۆ نزمتر لە ئاستی پەسەندکراوی پەروەردەیی ، کە لە هەموو تەوەرەکاندا دیاریکراوە.
- نەبوونی جیاوازی بەڵگەیی ئاماریی لە ئاستی بەڵگەیی (٠,٠٥ ) لە نێوان کارڕایی مامۆستایانی فێرکردنی گشتی و فێرکردنی بنەڕەتیدا ، تەنها لە چوار بڕگەدا نەبێت لە هەموو بڕگەکانی پسولەی تێبینیدا ، هەموو ئەو جیاوازیانەش بۆ بەرژەوەندی مامۆستایانی فێرکردنی بنەڕەتییە.

- لێرەدا (١٩) لێهاتوویی هەیە لە کۆی (٤٠) لێهاتوویی واتە بەڕێژەی (٥٠%) لەلای مامۆستایانی فێرکردنی گشتی کە ئاستی بەجێهێنانیان کەمترە لە ئاستی پەروەردەیی پەسەندکراو ، هەروەها (١٥) لێهاتوویی لە لای مامۆستایانی فێرکردنی بنەڕەتی ئاستی بەجێهێنانیان کەمترە لە ئاستی پەروەردەیی پەسەندکراو. ( الكندي ، ٢٠٠٥ ، ص ٣٠ )

١٠- **لێکۆڵینەوەی الزبيدی (٢٠٠٨) :**

" هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی پۆلە تایبەتەکان لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر و پەیوەندی بە ئاراستەکانیان بۆ فێرخوازانی لاواز لە فێربووندا لە عێراقدا ".

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە: " هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی پۆلە تایبەتەکان لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر و پەیوەندی بە ئاراستەکانیان بۆ فێرخوازانی لاواز لە فێربووندا ".

ژمارەی تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە (١٥٠) مامۆستایە و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون ، لێکۆڵەر دوو ئامرازی بۆ پێوانە دروستکردووە ، کە یەکەمیان فۆڕمی تێبینییە و لە (٩٤) بەسبوونی فێرکاری پێکهاتووە کە بەسەر حەوت بواردا دابەشکراوە.

دووەم ئامرازیش بریتییە لە پێوانە بۆ ئاراستەکانی مامۆستایان بۆ فێرخوازانی لاواز لە فێربووندا کە ئەمەش (٥٦) بڕگەی لەخۆ گرتووە ، لێکۆڵەر ئامرازی ئاماری جۆراوجۆری بەکارهێناوە وەکو : تاقیکردنەوەی (ت) هاوکێشەی بەستنەوەی بێرسۆن ، هاوکێشەی سپێرمان ، هاوکێشەی الفاكرونباخ ، کێشی سەدی.

**ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەش بریتیین لەمانەی لای خوارەوە :**

- کارڕایی مامۆستایانی پۆلە تایبەتەکان لەبەر ڕۆشنایی بەسبوونی فێرکاری بەشێوەیەکی گشتی نزمە و هەروەها ئەم کارڕاییە لاوازە بە پێی گۆڕاوەکانی ( دەستکەوتنی خوێندن ، تەمەن ، ساڵانی خزمەت ) لە بەرامبەردا ئەم کارڕاییە بەرزە بە تەنها لای دەرچوانی پسپۆڕانی بەکالۆریۆس.
- ئاراستەکانی مامۆستایانی پۆلە تایبەتەکان بۆ فێرخوازانی لاواز لە فێربووندا بەشێوەیەکی گشتی نەرێنییە ئەمەش بە پێی گۆڕاوەکانی ( دەستکەوتی خوێندن ، تەمەن ، ساڵانی خزمەتکردن ) بێجگە لە دەرچووانی پسپۆڕانی

بەکالۆریۆس و پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستا یان ( ٥ ساڵ ) ئەمە ئاراستەیەکی ئەرێنییە.

- پەیوەندی پێکەوە بەستن لە نێوان بەسبوونی فێرکاری مامۆستایانی پۆلە تایبەتەکان و ئاراستەکانی مامۆستایان بۆ فێرخوازانی لاواز لە فێربووندا بەشێوەیەکی گشتی بەڵگەی ئاماری هەیە بە پێی ( دەستکەوتی خوێندن ، تەمەن ، ساڵانی خزمەتکردن). ( الزبيدي ، ٢٠٠٨ ، ص ٦٨ )

**١١- لێکۆڵینەوەی سلوم و المخلافی ( ٢٠١٠ ) :**

" هەڵسەنگاندنی بەسبوونی مامۆستایانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی دەرچووانی کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی سوڵتان قابوس لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە سوڵتاننشینی عەمان "دا.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە " هەڵسەنگاندنی بەسبوونی مامۆستایانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی دەرچووانی کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی سوڵتان قابوس لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر"دا. بۆ ساڵانی خوێندنی ( ٢٠٠٣ – ٢٠٠٦ ) ، نموونەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتی بووە لە ( ١٢٠ ) دەرچووی زانکۆ و (٢٠) مامۆستای یەکەم و (١٦) سەرپەرشتیار ، هەردوو لێکۆڵەر ئامرازی ڕاپرسیان بەکارهێناوە کە بریتی بووە لە (٦٢) توانای لاوەکی کە بەسەر چوار تەوەردا دابەشکراوە داتاکان بە هۆی بەکارهێنانی ناوەندە ژمێریارییەوە بەدەستهاتووە لەگەڵ لادانی پێوەری و هەڵسەنگاندنی (ت) ، و شیکردنەوەی جیاوازی تاکی ، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش ئەوەی دەرخستووە کە ناوەندی ژمێری توانای سەرەکی لای دەرچووان بەرزە لەگەڵ بوونی کەموکورتی لە هەندێکیاندا ، هەروەها جیاوازی بەڵگەی ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێری توانای دەرچووان و ئاستی توانای (٧٥%) بۆ بەرژەوەندی دەرچووان. ( سلوم و المخلافي ، ٢٠١٢ ، ص ٥٣ )

## ٢-٥-٢ لێکۆڵینەوەکان بە زمانی بیانی:

**١- لێکۆڵینەوەی ( Hoerig , 1981 ) :**

**" هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی قۆناغی زانکۆ لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر"**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە زانکۆی مارکدیت ئەنجامدراوە کە ئامانجی توانای گشتی پێویستە بۆ کارڕایی وانەوتنەوەی سەرکەوتوو لەسەر بنەمای بەسبوونی فێرکاری و دیاریکردنی مەودای پەیوەندی لە نێوان ئەم توانایانە و کارڕایی وانەوتنەوەی

سەرکەوتوو لە فێرکارییدا کە لەسەر بنەمای بەسبوون بێت یان پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر.

ئامرازی لێکۆڵینەوەکە ڕاپرسییە کە ( ١٠١ ) بەسبوونی لەخۆگرتووە ، لێکۆڵەر پێوەری لیکرتی پێنجی بەکارهێناوە. بەڵام نمونەی لێکۆڵینەوەکە لە دوو کۆمەڵە پێکهاتووە: یەکەم لە ( ١٠٢ ) مامۆستا پێکهاتووە کە پەروەردە لەسەر بنەمای بەسبوون بەکاردێنن هەرچی کۆمەڵەی دووەمە لە (٤٨) مامۆستا پێك هاتووە کە پەروەردە لەسەر بنەمای بەسبوون بەکار ناهێنن.

لێکۆڵەر هەڵسەنگاندنی (ت)ی وەکو هۆکارێك یان ئامرازێکی ئاماری بەکارهێناوە ئەمەش بە مەبەستی دۆزینەوەی جیاوازی لە نێوان هەردوو کۆمەڵەکەدا.

لێکۆڵەر توانی لە لێکۆلینەوەکەیدا جیاوازی بەڵگەیی ئاماریی لە نێوان هەردوو کۆمەڵەکەدا لە بەسبوونی پیشەیی و لێهاتوویی ئاراستەکراو دەرخات لێرەدا شەش بەسبوون هەن کە خاوەن بەڵگەی ئاماریین بۆ سەرکەوتنی وانەوتنەوەکە توانای زانیاری و نەخشەیان بۆ لێهاتوویی و ئاراستەکردنی لێهاتویی و نەرمی و بەسبوونی پیشەیی و فەراهەمکردنی لێهاتووییە. ( Hoerig , 1981 , p 95 )

**٢- لێکۆڵینەوەی ( Wozny , 1988 ):**

" تێڕوانین لە هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان لە زانستەکاندا لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر " دا.

ئەم لێکۆڵینەوە لە ئینگلتەرا ئەنجام دراوە و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان لە زانستەکاندا لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە هەندێك قوتابخانەی باڵا لە شاری ئەلبرتا لە کەنەدا و زانینی ئاستی وەرگرتن و چاودێرییان بۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارڕایی ، نموونەی لێکۆڵینەوەکە ( ٨ ) مامۆستای گرتوەتەوە ، لێکۆڵەر ئامرازی هەڵسەنگاندنی ڕاپرسی بەکارهێناوە کە بەسەر ( ٥ ) بواردا دابەشکراوە وەکو: ( بنەما ئەلیکترۆنییەکان ، کێشەی چڕی ، بەکارهێنانی ووردبین ، یاساکانی جووڵە ). لێکۆڵەر لادانی پێوەری و هاوکێشەی پێکەوەبەستنی بێرسۆن و ڕێژەی سەدی بەکارهێناوە بۆ دەرخستنی داتاکان ، هەڵسەنگاندنەکە سێ چالاکی لەخۆ دەگرێت کە مامۆستا پێی هەڵدەستێت وەکو:

١- شیکردنەوەی هەر بوارێك لە پێنج بوارەکە.

٢- خستنەڕووی گونجاوترین ستراتیژ و ڕێگاکانی وانە وتنەوە بۆ هەر بوارێك لە بوارەکان.
٣- هەڵسەنگاندنی وانەوتنەوە لە هەموو بوارەکاندا.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە کە مامۆستایان سوودمەندن لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارڕاییان بە پێی ئەم شێوازە ، بەڵام هەندێك تێبینییان هەیە لەسەر کاتی پێویست بۆ شیکردنەوە و خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی پێنج بوارەکە. ( Wozny , 1998 , P 81 )

**٣- لێکۆڵینەوەی ( loy , 2006 ) :**

" لێهاتوویی پەیوەندیکردنی مامۆستای چالاك و کوالێتی مامۆستایان و هەڵسەنگاندنی کارڕاییان بە پێی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر ".

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان لێهاتوویی پەیوەندیکردنی مامۆستایان و دەستکەوتی فێرخوازانە ، لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکە پشت دەبەستێت بە تیۆری بونیادی کۆمەڵایەتی. لێکۆڵینەوەکە ( ٢٨٥ ) مامۆستای لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێی کردووەتە نموونە لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی لە ویلایەتی ئۆهایۆ لە ئەمریکا.

لێکۆڵەر ئامرازی ڕاپرسی لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەکارهێناوە کە پێکهاتووە لە (٣٤) لێهاتوویی دابەشکراوە بەسەر (٥) بواردا ، هەروەها لێکۆڵەر هەڵسەنگاندنی (ت) و چوارگۆشەی کای و ناوەندە ژمێریاری و لادانی پێوەری وەکو ئامرازی ئاماری بەکارهێناوە ، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئەوەی دەرخستووە کە بوونی ئەم لێهاتووییانە لە لای مامۆستایان دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی دەسکەوتی فێرخوازان ، هەروەها ئەوەشی سەلماندووە کە هیچ جیاوازی نییە لە نێوان مامۆستایانی نێر و مێ لە خاوەندارێتی ئەم لێهاتووییانەدا.( Loy , 2006 , P 68 )

**٢-٥-٣ هاوسەنگی لە نێوان ئەم لێکۆڵینەوەیە و لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا:**

لە دوای ئەوەی چەند لێکۆڵینەوەیەك بە شێوەیەکی کورت خرانە ڕوو کە پەیوەندییان بە ئەم لێکۆڵینەوەیەوە هەیە ، کە هەندێکیان لێکۆڵینەوەن بە زمانی عەرەبی و هەندێکی دیکە بە زمانی بیانی ، دەتوانین هاوسەنگی بکەین لە نێوان

لێکۆڵینەوەکانی پێشوو و ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لە ڕووی هەندێك لایەنی لێکچوون و هەندێك لایەنی جیاواز لە نێوانیاندا لەم بوارانەی لای خوارەوەدا:

**١- ئامانج:** هەموو لێکۆڵینەوەکانی پێشوو خاوەن ئامانجێکی دیاریکراو بەخۆیانن کە هەوڵیان بۆ بەدیهێنانی داوە ، ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو جۆراوجۆرن ئەمەش بەهۆی جیاوازی ئەو کێشانەی کە هەر لێکۆڵینەوەیەك هەوڵی چارەسەرکردنی داوە.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردییە لە قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا لێکۆڵینەوەکانی پێشوو ئامانجەکانیان بەم شێوەیە:

لێکۆڵینەوەی ( عبدالمجید ١٩٨٥ ) ئامانجی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی زمانی عەرەبییە لە قۆناغی دووەمی ناوەندیدا لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا ، لێکۆڵینەوەی ( داخل ١٩٨٩ ) ئامانجی هەڵسەنگاندنی توانای کارڕایی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزییە لە قۆناغی پێنجەمی ئامادەییدا ، لێکۆڵینەوەی ( عبدالرزاق ١٩٩٥ ) ئامانجی دانانی لیستێکە لە کارڕاییەکانی وانەوتنەوە و ئاشکراکردنی توانا و بەسبوونی مامۆستایان لە بابەتەکەدا ، لێکۆڵینەوەی ( البرغوثی ) ئامانجی بریتییە لە بەراوردکردنی هەڵسەنگاندنی فێرخوازانی قۆناغی دواناوەندی بۆ مامۆستایان لەگەڵ خود هەڵسەنگاندنی مامۆستایاندا لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا.

ئامانجی لێکۆڵینەوەی ( حمادنه ٢٠٠١ ) دیاریکردنی بەسبوونی فێرکاری پێویستە بۆ کارڕایی مامۆستایانی عەرەبی لە قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلەکانی هەشتەم و نۆیەم و دەیەم لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا لە دیدی فێرخوازانەوە ، لێکۆڵینەوەی ( النجار ٢٠٠١ ) ئامانجی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیایە لە قۆناغی دواناوەندیدا لەبەر ڕۆشنایی لێهاتوویی وانەوتنەوە لە دیدی فێرخوازانەوە لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا ، لێکۆڵینەوەی
( المسعودی ٢٠٠٢ ) ئامانجی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی جوگرافیایە لە قۆناغی ناوەندی لەبەر ڕۆشنایی پێوەری کوالێتی گشتگیردا ، لێکۆڵینەوەی ( جاد ٢٠٠٣ ) کە ئامانجی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی بیرکارییە بۆ کارڕایی وانەوتنەوە لە قۆناغی ئامادەییدا لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا ، لێکۆڵینەوەی ( الزبیدی ٢٠٠٨ ) ئامانجی هەڵسەنگاندنی کارڕایی

مامۆستایانە لە پۆلە تایبەتەکاندا لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر و فێرکاری و پەیوەندی بە ئاراستەکانیان بۆ فێرخوازانی لاواز لە فێربووندا.

لێکۆڵینەوەی ( Hoerig , 1981 ) ئامانجەکەی ئەوەیە کە تواناى گشتی پێویستە بۆ کارڕایی و وانەوتنەوەی سەرکەوتوو لەسەر بنەمای بەسبوونی فێرکاری و دیاریکردنی ڕادەی پەیوەندی لە نێوان کارڕایی و توانا و وانەوتنەوەی سەرکەوتوو لە پرۆسەی فێرکارییدا لەسەر بنەمای بەسبوون ، لێکۆڵینەوەی ( Wozny , 1998 ) ئامانجەکەی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زانستەکان لە هەندێك لە قوتابخانەی باڵادا و هەروەها زانینی ئاستی ڕازیبوون و چاودێرییان بۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا ، لێکۆڵینەوەی ( Loy , 2006 ) ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان لێهاتوویی پەیوەندیکردنی مامۆستایان و دەستکەوتەکانێتی ، یان زانینی لێهاتوویی پەیوەندیکردنی مامۆستای چالاك لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا.

**٢- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکان:** لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا ڕێبازی وەسفی بەکارهێنراوە ، ئەمەش بەهۆی گونجاوی ئەم ڕێبازەوە لەگەڵ سروشت و ئامانجی لێکۆڵینەوەکاندا ، هەروەها لەم لێکۆڵینەوەیەشدا ڕێبازی وەسفی بەکارهێنراوە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە کە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا.

**٣- شوێنی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان :** لێکۆڵینەوەکانی پێشوو لە شوێنی جیاوازدا ئەنجام دراون ، بۆ نموونە لێکۆڵینەوەی داخل ( ١٩٨٩ )، لێکۆڵینەوەی عبدالرزاق ١٩٩٥ ، لێکۆڵینەوەی المسعودی ( ٢٠٠٢ ) ، لێکۆڵینەوەی الزبیدی ( ٢٠٠٨ ) لە عێراق ئەنجام دراون ، بەڵام لێکۆڵینەوەی عبدالمجید ( ١٩٨٥ ) لە بەحرێن ئەنجام دراوە ، هەرچی لێکۆڵینەوەی البرغوثی ( ١٩٩٧ ) ، لێکۆڵینەوەی حمادنە (٢٠٠١) ، لێکۆڵینەوەی النجار (٢٠٠١) ، لێکۆڵینەوەی جاد ( ٢٠٠٣ ) ، لێکۆڵینەوەی سلوم و المخلافی (٢٠١٠ ) لە لوبنان ئەنجام دراون.

سەبارەت بە لێکۆڵینەوە بیانییەکان ، لێکۆڵینەوەی ( Hoerig , 1981 ) لە فەڕەنسا ئەنجام دراوە ، لێکۆڵینەوەی ( Wozny , 1998 ) لە کەنەدا ئەنجام دراوە ، لێکۆڵینەوەی ( Loy , 2006 ) ، ئەم لێکۆڵینەوەیەش لە عێراق ئەنجام دراوە.

**٤- قۆناغی خوێندن:** لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن بەکارهاتوون و تەنها لەیەك قۆناغدا قەتیس نەکراون ، بەڵکو بە پێی ئامانج و کێشەی لێکۆڵینەوەکان قۆناغی خوێندن دیاریکراون ، بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەکان بە زمانی عەرەبی لێکۆڵینەوەی عبدالمجید ( ١٩٨٥ ) لە قۆناغی دووەمی ناوەندی ، لێکۆڵینەوەی داخل ( ١٩٨٩ ) لە قۆناغی پێنجەمی ئامادەیی ، لێکۆڵینەوەی عبد الرزاق ( ١٩٩٥ ) لە قۆناغی ئامادەیی ، لێکۆڵینەوەی البرغوثی ( ١٩٩٧ ) لە قۆناغی دواناوەندی ، لێکۆڵینەوەی حمادنە ( ٢٠٠١ ) لە قۆناغی بنەڕەتی ، لێکۆڵینەوەی النجار ( ٢٠٠١ ) لە قۆناغی دواناوەندی ، لێکۆڵینەوەی المسعودی ٢٠٠٢ لە قۆناغی ناوەندی ، لێکۆڵینەوەی جاد ( ٢٠٠٣ ) لە قۆناغی ئامادەیی ، لێکۆڵینەوەی الکندی ( ٢٠٠٥ ) لە قۆناغی بنەڕەتی ، لێکۆڵینەوەی الزبیدی (٢٠٠٨) لە پۆلە تایبەتەکان ، لێکۆڵینەوەی سلوم و المخلافی ( ٢٠١٠ ) لە قۆناغی زانکۆ ئەنجام دراون.

سەبارەت بە لێکۆڵینەوە بیانییەکانیش ، لێکۆڵینەوەی ( Hoerig , 1981 ) لە قۆناغی زانکۆ ، لێکۆڵینەوەی ( Wozny , 1998 ) لە قۆناغی باڵا ، لێکۆڵینەوەی ( Loy , 2006 ) لە قۆناغی بنەڕەتی ئەنجام دراون ، هەرچی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتییدا ئەنجامدراوە.

**٥- ڕەگەزی نموونەکە:** لێکۆڵینەوەکانی پێشوو سەرجەمیان بە لێکۆڵینەوە عەرەبی و بیانییەکانەوە ڕەگەزی بەکارهێنراو لە لێکۆڵینەوەکاندا بریتییە لە ڕەگەزی تێکەڵاو ( نێر و مێ ) ، هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیەش ڕەگەزی نموونەکەی بەهەمان شێوەی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو ڕەگەزێکی تێکەڵاوە ( نێر و مێ ).

**٦- قەبارەی نموونە:** لێکۆڵینەوەکانی پێشوو لە ڕووی قەبارەی نموونەکانیانەوە جیاوازیان هەیە ، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و سروشتی کۆمەڵی لێکۆڵینەوە و بەجێهێنانە بەکارهاتووەکان لە لێکۆڵینەوەکاندا ، لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتردا گەورەترین قەبارەی نموونە لە لێکۆڵینەوەکەی (البرغوثی )یە کە قەبارەی نموونەی لێکۆڵینەوەکەی دەگاتە ( ٦٠٥ ) فێرخواز لە هەردوو ڕەگەز ، هەروەها بچووکترین قەبارەی نموونەی لێکۆڵینەوە لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتردا بریتییە لە لێکۆڵینەوەکەی ( الکندی ) کە قەبارەی نموونەی لێکۆڵینەوەکەی دەگاتە ( ٢٦ ) فێرخوازە لە هەردوو ڕەگەزەکە لە کاتێکدا قەبارەی نموونەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگاتە ( ٦٣ ) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەزەکە.

**٧- ئامرازی لێکۆڵینەوەکان:** لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا ئامرازی لێکۆڵینەوەکان جۆراوجۆر و جیاوازن بۆ نموونە ئامرازی راپرسی لەم لێکۆڵینەوانەدا بەکارهێنراوە ، لێکۆڵینەوەی داخل ( ١٩٨٩ ) ، لێکۆڵینەوەی البرغوثی ( ١٩٩٧) ، لێکۆڵینەوەی حمادنە ( ٢٠٠١ ) ، لێکۆڵینەوەی النجار ( ٢٠٠١ ) ، لێکۆڵینەوەی سلوم و المخلافی ( ٢٠١٠ ) ، لێکۆڵینەوەی ( Hoerig , 1981 ) ، لێکۆڵینەوەی ( Wozny , 1998 ) ، لێکۆڵینەوەی ( Loy , 2006 ) .

لە هەندێکی دیکەی لێکۆڵینەوەکاندا ئامرازی تێبینیکردن بەکارهێنراوە وەك لێکۆڵینەوەی عبدالمجید ( ١٩٨٥ ) ، لێکۆڵینەوەی عبدالرزاق ( ١٩٩٥ ) ، لێکۆڵینەوەی المسعودی ( ٢٠٠٣ ) ، لێکۆڵینەوەی الکندی ( ٢٠٠٥ ).

لێکۆڵینەوە هەیە زیاتر لە ئامرازێکی بەکارهێناوە وەك لێکۆڵینەوەی جاد (٢٠٠٣) کە فۆڕمی ڕاپرسی و فۆڕمی خود هەڵسەنگاندن و فۆڕمی هەڵسەنگاندنی دەرەکی بەکارهێناوە ، لێکۆڵینەوەی الزبیدی ( ٢٠٠٨ ) کە فۆڕمی تێبینیکردن و پێوانەی ئاراستەکانی بەکارهێناوە ، ئەم لێکۆڵینەوەیەش ئامرازی ڕاپرسی بەکارهێناوە.

**٨- ئامرازەکانی ئامار:** لە زۆرینەی لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا ئامرازەکانی ئامار بریتیین لە کۆمەڵێك هۆکار و ئامرازی جۆراوجۆر کە گرنگترینیان وەك : هاوکێشەی الفاکرونباخ ، هاوکێشەی بەیەکەوە بەستنەوەی پێرسۆن ، هاوکێشەی تاقیکردنەوەی ( t-test ) ، ناوەندی ژمێریاری ، شیکردنەوەی جیاوازی تاکی و بێرسۆن و کێشی سەدی و هتد ، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئامرازەکانی کێشی سەدی ، ناوەندی شیاو ، هاوکێشەی بەیەکەوە بەستنەوەی پێرسۆن بەکارهێنراون.

**٨- ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:** سەرجەم لێکۆڵینەوەکانی پێشوو گەیشتوون بە ئەنجامێك ئەویش ئەوەیە کە: هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان ڕۆڵ و بایەخێکی گەورەی هەیە لە پەرەپێدان و گەشەکردن و بەرە و پێشبردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە شێوەیەکی گشتی کە ئەمەش هێنانەدی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان ئاسانتر و سانا تر دەکات و ئەم لێکۆڵینەوەیەش گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە ئاست و ڕادەی کاریگەری پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتییدا پەسەند و باشە.

## ٢-٥-٤ لایەنی سوود بەخشین لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا:

لێکۆڵینەوەکانی پێشوو چ عەرەبی بن یان بیانی کۆمەڵێك لایەنی سوود بەخشینیان هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی ئێستا ، لە میانەی تێڕوانین و گەڕان بە ناو لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا و شیکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی سەرجەم لێکۆڵینەوەکانی پێشوو ، لێکۆڵەر بۆ لێکۆڵینەوەی ئێستای کۆمەڵێك لایەنی سوودبەخشین یان سوود بینینی بەدەستکەوتووە وەکو:

١- پەنابردنە بەر پلاندانان و بەکارهێنانی ڕێبازی وەسفی کە گونجاوە بۆ بارودۆخ و ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ، بەو پێیەی کە لە سەرجەم لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا لێکۆڵەران لە ڕووی چۆنیەتی نووسین و جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکانیاندا سوودیان لە ڕێبازی وەسفی بینیوە ، بۆیە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەش لێکۆڵەر ڕێبازی وەسفی بەگونجاو و دروست زانیوە و بەکاریهێناوە.
٢- سوود وەرگرتن لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو بۆ دیاریکردن و پۆلێنکردنی ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردییە لە قۆناغی بنەڕەتییدا و پاشان داڕشتنی بەشێوەیەکی دروست و چۆنیەتی ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی.
٣- لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لێکۆڵەر سوودی لە هۆکار و ئامرازەکانی ئاماری گونجاو بینیوە بە پێی پێداویستییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ، لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا هەندێك ئامرازی ئاماری بەکارهاتوون کە گرنگترینیان ئامرازی ڕاپرسییە و لەم لێکۆڵینەوەیەشدا هەمان ئامراز بەکارهێنراوە.
٤- سوود وەرگرتن بۆ گونجاندن و ڕێکخستنی بڕگە و باس و بابەتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە.
٥- لە هەڵبژاردنی قۆناغی خوێندندا سوود لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە ، کە زۆربەیان لە قۆناغی بنەڕەتییدا ئەنجامدراون.

## بەشی سێیەم

## پرۆگرامی توێژینەوەکە و ڕێکارەکانی

٣-١ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

٣-٢ کۆمەڵگە و نموونەی لێکۆڵینەوەکە

٣-٣ ئامرازی لێکۆڵینەوەکە

٣-٣-١ ئامادەکردنی ئامراز

٣-٣-٢ ڕاوەرگرتنی سەرەتایی

٣-٣-٣ ڕاستی دروستی ئامراز

٣-٣-٤ نەگۆڕی ئامراز

٣-٣-٥ جێبەجێکردنی ئامراز

٣-٤ ئامرازەکانی ئامارکردن

## ٣-١ پڕۆگرامی توێژینەوەکە و ڕێکارەکانی:

لێکۆڵەر ڕێبازی وەسفی لە لێکۆڵینەوەکەدا بەکارهێناوە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە ، ئەم ڕێبازە یەکێکە لە ڕێبازە گونجاوەکان کە بەکاردێت لە لێکۆڵینەوەکانی زانستە پەروەردەیی و دەروونییەکاندا بە مەبەستی وەسفکردنی دیاردەیەك یان بارێکی دیاریکراو. ( الجلبي ، ٢٠٠٥ ، ص ٧٥ )

ڕێبازی وەسفی لەگەڵ سروشتی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گونجاوە و دەتوانرێت بەهۆی بەکارهێنانی ئەم ڕێبازە وە ئاسانتر ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە بەدیبهێنرێت ، ئامانجیش لە ڕێبازی وەسفی بریتییە لە تێگەیشتن لە ئێستادا بە مەبەستی ئاراستەکردنی داهاتوو ، ڕێبازی وەسفی بە تەنها جەخت ناکاتەوە لەسەر کۆکردنەوەی داتا و ڕاستییەکان و پۆلێنکردنیان بەڵکو لە پاڵ ئەمانەشدا ئەم ڕێبازە هەوڵی شیکردنەوەی زانیاری و داتا و ڕاستییەکان دەدات بۆیە ئەم ڕێبازە وەسفی ئێستا دەکات و داتای تەواو دەخاتە ڕوو بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و تێگەیشت و ئەنجامدانی بەراوردکاری و دیاریکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان ئامرازەکان و گەشەپێدانی دەرئەنجامەکاندا. ( ناصر ، ٢٠٠١ ، ص ٢٢٦ )

## ٣-٢ کۆمەڵگە و نموونەی لێکۆڵینەوەکە:

**کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە:** پێکدێت لە مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی بەشی خوێندنی کوردی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکوك لە شاری کەرکوك کە ژمارەی قوتابخانە بنەڕەتییەکان ( ٧٦ ) قوتابخانەیە ، ئەم زانیارییانە لە بەشی خوێندنی کوردی وەرگیراوە.

**نموونەی لێکۆڵینەوەکە:** نموونەی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدێت لە ( ٦٣ ) مامۆستای بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆی ( ٧٦ ) مامۆستا ، واتە بە ڕێژەی (٨٣%) مامۆستایان وەرگیراون لە قوتابخانەکانی بەشی خوێندنی کوردی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکوك لە شاری کەرکووك. (پاشکۆی / ٥ )

### خشتەی ( ٣-١ )

خوێندنگە بنەڕەتییەکانی سەر بە بەشی خوێندنی کوردی لە سنوری شاری کەرکوك

| خوێندنگە بنەڕەتییەکان | کوڕان | کچان | کۆ |
|---|---|---|---|
| | ٣٠ | ٣٣ | ٦٣ |

### ٣-٣ ئامرازی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵەر فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە ، بەم شێوەیە:

### ٣-٣-١ ئامادەکردنی ئامراز:

بەو پێیەی ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە (( هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر )) دا دیارە ئەمەش پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان هەیە ، پاش وەرگرتنی ڕای شارەزایان ، بە پشت بەستن بە سەرچاوەکان و پشتڕاستکردنەوەی توێژەرانی پەروەردەیی ، لێکۆڵەر بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی لێکۆڵینەوەکەی فۆڕمی ڕاپرسی بە ئامرازێکی گونجاو بۆ لێکۆڵینەوەکەی پەسەند کرد. مەبەست لە ئامرازی ڕاپرسی ئەنجامدانی ڕاوەرگرتنی مامۆستایانە لەسەر بابەتی لێکۆڵینەوەکە ، هۆکاری هەڵبژاردنی فۆڕمی راپرسیش چونکە ئەم ئامرازە بە سروشتی خۆی زیاتر جەخت لەسەر بابەتی بوون و زانستی بوونی داتا و زانیارییەکان دەکاتەوە ، هەروەها ئەم ئامرازە دەتوانێت ڕەفتارە دیاریکراوەکان لە هەڵوێستە جیاجیاکانی ژیان و هەڵوێستە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان بە هەموو شێوەکانییەوە لەخۆ بگرێت ، پسپۆڕان ئامرازی ڕاپرسی بە ئامرازێکی گونجاو دەزانن بۆ هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایان ، چونکە دەکرێت لە ڕێی ئەم ئامرازەوە بۆچوونی چەندین مامۆستا وەربگیرێت ، هەروەها ئامرازێکی کاریگەرە لە وەسفکردنی ڕەفتاری مامۆستا و بەکارهێنانی وەك ئامرازێکی شیکەرەوەی وانەوتنەوە و دابینکردنی پرۆسەی فیدباك و شێوازی مامۆستا لە وانەوتنەوە و دیاریکردنی پەیوەندییەکانی ناو پۆل.

(نافع ، ١٩٩٦، ص ٦٩ )

### ٣-٣-٢ ڕاوەرگرتنی سەرەتایی:

لێکۆڵەر سەرەڕای سوود وەرگرتن لە ئامرازە ئامادەکراوەکانی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو و سەرچاوە پەروەردەییەکانی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی بۆ زیاتر گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکانی لێکۆڵینەوەکە ، هەستاوە بە ئەنجامدانی ڕاوەرگرتنی سەرەتایی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەرەتایی بۆ دروستکردنی فۆڕمی ڕاپرسی کۆتایی ، چونکە هەلێکی باشتر دەڕەخسێت بۆ زانینی باشترین ڕێگە و شێواز لە داڕشتنی فۆڕمی ڕاپرسی کۆتایی و زیاتر ناسینی تایبەتمەندی و سروشتی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

بۆ ئەم مەبەستە فۆرمێکی ڕاپرسی سەرەتایی پێشکەش بە ژمارەیەك لە مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا لە هەندێك لە قوتابخانەکانی سەر بە بەشی خوێندنی کوردی کرد کە ( ٧ ) پرسیاری لەخۆ گرتبوو (پاشکۆی / ١ ) ، کە پەیوەست بوو بە بوارە جیاوازەکانی کارڕاییەکانی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتییدا ، هەروەها داوایان لێکرابوو کە سەرنج و تێبینییەکانیان بۆ گەشەپێدانی کارڕایی مامۆستایان بخەنە ڕوو ، لێکۆڵەر هەستا بە دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی سەرەتایی بەسەر ژمارەیەك لە مامۆستایاندا ، لە پاش ئەوەی کە کاتی تەواو درا بە مامۆستایان کە نزیکەی (٢) هەفتە بوو ، دواتر سەرجەم فۆرمەکان کۆکرانەوە و زانیارییەکان خاڵی کرانەوە و پاشتر بەسەر چەند ڕەهەندێکدا زانیارییەکان دابەشکران کە ژمارەی ڕەهەندەکان (٧) ڕەهەند و ( ١٠٧ ) بڕگە بوو (پاشکۆی / ٢ ) . سەرباری ئەو زانیاریانەی کە لێکۆڵەر لە ڕێی فۆرمی ڕاوەرگرتنەوە بەشێوەی سەرەتایی بەدەستیهێنا ، هاوکات سوودیشی لە ئەدەبیاتی پەروەردەیی تایبەت بە دانانی مامۆستا و کارڕاییەکان و پرۆسەی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی و لێکۆڵینەوەکانی پێشووی ئەم بوارە وەرگرت .

ئەنجامی ئەم کارانەش بوونە هۆی داڕشتنی فۆرمی ڕاپرسی ، کە ئەم فۆرمە ( ٧ ) ڕەهەند و ( ١٠٧ ) بڕگەی لەخۆگرتبوو ، ڕەهەندەکانیش ئەمانەبوون: ( ئامانجەکان ، کەسێتی ، هەڵسەنگاندن ، هۆکارەکانی فێرکردن ، نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی وانەکە ، پەرەپێدانی لێهاتوویی و بەها و ئاراستەکان ، بەڕێوەبردنی پۆل و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان ). بە مەبەستی دڵنیابوون لە زانستیبوونی ئامرازەکە و گونجاوی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان ، دواتر ڕاستی و دروستی بۆ دەرهێنرا.

**خشتەی ( ٣ - ٢ ) ژمارەی بڕگە و ڕەهەندەکانی فۆرمی ڕاپرسی**

| ژ | ڕەهەندەکان | ژمارەی بڕگەکان |
|---|---|---|
| ١ | ئامانجەکان | ٧ |
| ٢ | کەسێتی | ١٠ |
| ٣ | هەڵسەنگاندن | ٢٥ |
| ٤ | هۆکارەکانی فێرکردن | ١٤ |
| ٥ | نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی وانەکە | ٢٢ |
| ٦ | پەرەپێدانی لێهاتوویی و بەهاو ئاراستەکان | ١٤ |
| ٧ | بەڕێوەبردنی پۆل و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان | ١٥ |
| | کۆ | ١٠٧ |

### ٣-٣-٣ ڕاستی و دروستی ئامراز:

مەبەست لە ڕاستی و دروستی هەر ئامرازێك ئەوەیە ئەو ئامرازە تا چەند توانای پێوانەکردنی ئەو تایبەتمەندییە یان ئەو دیاردەیەی هەیە کە لە پێناویدا داڕێژراوە ، ڕاستی و دروستی مەرجێکی پێویستە و دەبێت بەرجەستە کرابێت لەو ئامرازەدا کە لێکۆڵینەوەکە پشتی پێدەبەستێت ، ڕاستی و دروستی لەسەر دوو هۆکاری گرنگ ڕاوەستاوە ئەوانیش مەبەست لەو کارەی ئامرازەکە پێی هەڵدەستێت ، هەروەها ئەو گروپ و کۆمەڵەیەی کە ئامرازەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت ، ڕاستی و دروستی ئامراز ڕۆڵێکی گرنگی هەیە چونکە هەر ئەوە ڕادەی متمانەی هەر گریمانەیەکی زانستی و دیاریکردنی مانای هەر چەمکێکی دیاریکراو جێگیر و ڕوون دەکاتەوە . ( الخطیب ، ٢٠٠٢ ، ص ١٩١ )

لە پێناو سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئامرازەکە ، لێکۆڵەر بۆ دەربڕینی ڕاو بۆچوون و تێبینییەکانیان ، لەسەر ئەوەی تا چەند بڕگەکانی بە وردی داڕێژراون و ڕوون و شیاون بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە ، ئامرازەکەی لە شێوە سەرەتاییەکەیدا خستە بەردەست ژمارەیەك لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردە و پێوانە و هەڵسەنگاندن و ڕێگاکانی وانەوتنەوە ، (پاشکۆی / ٣ ).

لێکۆڵەر پشتی بەست بە بەرێژەی ( ٩٠% )ی کۆدەنگی نێوان هەڵسەنگێنەران بۆ شیاوی بڕگەکان ( واتە ١٨ دەنگ لە ٢٠ دەنگی شارەزایان ) ، وەك نزمترین ئاست بۆ پەسەندکردنی هەر بڕگەیەك لە چوارچێوەی فۆڕمی ڕاپرسییەکەدا. لەم ڕووەوە ئاماژە بەوەکراوە کاتێك ڕێژەی کۆدەنگی پسپۆڕان ( ٧٥% ) یان زیاتر بێت ئەو لە لایەنی ڕاستی ڕووالەتییەوە پەسەند دەکرێت ( حسن ، ٢٠٠٧ ، ص ٢٨١ ).

دوای ئەوەی ڕاوبۆچوون و تێبینی و پێشنیازی هەڵسەنگێنەران وەرگیرا ، بۆ گۆڕینی هەندێك وشە و چاککردنی هەندێك بڕگە لە ڕووی ناوەڕۆك و شێوە و زمانەوانی و دابەشکردنی بڕگەکانەوە ، هیچ ڕەهەند و بڕگەیەك لانەدرا بەڵکو تەنها لە وشەکاندا گۆڕانکاری ئەنجامدرا. لە دوا شێوەی فۆڕمی ڕاپرسییەکەدا ڕەهەندی یەکەم کە ڕەهەندی ئامانجەکان بوو ( ٧ ) بڕگە ، ڕەهەندی دووەم کە ڕەهەندی کەسایەتی بوو ( ١٠ ) بڕگە ، ڕەهەندی سێیەم کە ڕەهەندی هەڵسەنگاندن بوو ( ٢٥ ) بڕگە ، ڕەهەندی چوارەم کە ڕەهەندی هۆکارەکانی فێرکردن بوو ( ١٤ ) بڕگە ، ڕەهەندی پێنجەم کە ڕەهەندی نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی وانەکەیە ( ٢٢ ) بڕگە ، ڕەهەندی شەشەم کە ڕەهەندی پەرەپێدانی لێهاتوویی و بەها و ئاراستەکانە ( ١٤ ) بڕگە ، ڕەهەندی کۆتایی و حەوتەم کە ڕەهەندی

بەڕێوەبردنی پۆل و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانە ( ١٥ ) بڕگەی لەخۆ گرتبوو. بەمشێوەیە فۆڕمی ڕاپرسی کۆتایی لە ( ٧ ) ڕەهەند و ( ١٠٧ ) بڕگەدا داڕێژرایەوە ، بەمەش کۆتایی بە ئامادەکردنی ئامرازەکەدا هات ، هەروەك لە پاشکۆی ژمارە ( ٤ ) نیشانەدراوە.

**٣-٣-٤ نەگۆڕی ئامراز:**

یەکێك لە مەرجەکانی هەر ئامرازێکی زانستی پێویستە نەگۆڕبێت ، مەبەست لە نەگۆڕی واتە : وەرگرتنەوەی هەمان ئەنجام بە نزیکەیی لە ئامرازێکەوە ، ئەگەر هاتوو ئەو ئامرازەمان لەسەر هەمان گروپ یان کەسێکدا تاقیکردەوە ، یاخود وەرگرتنەوەی هەمان ئەو ئەنجامانەی لە تاقیکردنەوەیەکی نزیك و هاوشێوەدا ، بە هەمان ئامراز ، بە واتایەکی تر مەبەست لە نەگۆڕی ، واتە ( هاوشێوە بوونێك هەبێت لە وەڵامەکاندا کاتێك دووبارە ئامرازەکە جێبەجێ بکرێتەوە بەسەر هەمان ئەو کەسانەدا لە هەمان بارودۆخدابن بە نزیکەیی). ( السباعی ، ١٩٩٨ ، ص ٤٥ )

بۆ دەرهێنانی نەگۆڕی ، لێکۆڵەر هەستاوە بە دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی کۆتایی بەسەر (١٥) مامۆستای بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە شاری کەرکوك ، ئەم مامۆستایانە لە ناو سنووری کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکەدا وەرگیراون ، پاش دوو هەفتە هەمان فۆڕم بەسەر هەمان (١٥) مامۆستادا دابەشکرایەوە و پاشان فۆڕمەکان وەرگیرایەوە.

بۆ ژماردنی هاوکۆلکەی نەگۆڕی ئامرازەکە ، لێکۆڵەر (هاوکۆلکەی پێرسون )ی بەکارهێناوە ، بەو پێیەی بە بڵاوترین ئامرازێك لەم بوارەدا دادەنرێت. بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی تێکڕای ناوەندی شیاوی نمرەکانی جێبەجێکردنی یەکەم و نمرەکانی جێبەجێکردنی دووەم جاردا ، هاوکۆلکەی نەگۆڕیەکە ( ٩٣% ) بوو بۆ نموونەی ئەو مامۆستایانەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی کە بۆ نەگۆڕی لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی دەست نیشانکرابوون ، ئەم ڕێژەیەش بە باش و گونجاو دادەنرێت ئەگەر بەراورد بکرێت بە پێوەرە گشتییەکانی هەڵسەنگاندنی هاوکۆلکەی پەیوەندی ، ئاماژە کراوە بەوەی (( ئەگەر هاوکۆلکەی پەیوەندی دوجاکرا ( ر٢ ) بەهاکەی لە نێوان ٥٠% - ٧٥% ) بە بەهێز و زیاتر لە ( ٧٥% ) بە زۆر بەهێز دادەنرێت )). واتا ئامرازەکە بە زانستیانە دادەنرێت و دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی لێکۆڵینەوەکە. ( الحمادي ، ٢٠٠٤ ، ٨٥ )

### ٣-٣-٥ جێبەجێکردنی ئامرازەکە بەسەر کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکەدا:

پاش دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی و نەگۆڕی ئامرازەکە و ڕوونی بڕگەکان ، لێکۆڵەر هەستا بە جێبەجێکردنی ئامرازی لێکۆڵینەوەکە کە بریتییە لە فۆڕمی ڕاپرسی ، ئەمەش بە دابەشکردنی فۆڕمەکە دەبێت بەسەر (٧٦) مامۆستای بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا لە قوتابخانەکانی سەر بە خوێندنی کوردی لە شاری کەرکووك ، ئەم مامۆستایانە وەکو کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە پێکهاتبوون ، داوا لە مامۆستایانی بەشداربوی لێکۆڵینەوەکە کرا کە زانیاری ناو فۆڕمی ڕاپرسییەکە بە وردی و دروستی پڕ بکەنەوە پاش پێدانی کاتی تەواو فۆڕمەکان لە مامۆستایان وەرگیرایەوە و دواتر زانیارییەکانی ناو فۆڕمەکان کۆکرانەوە لە فۆڕمێکی تایبەتدا و داڕێژرانەوە و ئامادەبوون بۆ دەرهێنانی داتا و ڕێژەی سەدی و ناوەندی شیاو .

### ٣-٤ ئامرازەکانی ئامار کردن:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەندێك ئامرازی ئامارکردن بەکارهێنراون:

١- هاوکێشەی بەیەکەوە بەستنەوەی پێرسۆن بۆ دەرهێنانی ڕێژەی نەگۆڕی ئامرازەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

$$\text{ر} = \frac{\text{ن مج س ص} - \text{مج س} \times \text{مج ص}}{[\text{ن مج س}^{٢} - (\text{مج س})^{٢}]\ [\text{ن مج ص}^{٢} - (\text{مج ص})^{٢}]}$$

( حسن ، ٢٠٠٧ ، ص ٢٨٨ )

٢- ناوەندی شیاو:

بۆ شیکردنەوەی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی ئامرازی لێکۆڵینەوەکە و زانینی بەهاکەی لە چوارچێوەی هەر ڕەهەندێکدا ، هەروەها بۆ مەبەستی ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان ، ئەم یاسایە بەکارهێنراوە:

$$\text{ناوەندی شیاو} = \frac{(\text{ت٣} \times ١) + (\text{ت ٢} \times ٢) + (\text{ت٣} \times ١)}{\text{مج ت}}$$

( البیلاوي ، ٢٠٠٦ ، ص ١٠٦ )

بۆ ژماردنی هێزی بڕگەکان ، سێ نمرە بە ئەلتەرناتیڤی سێیەم ( بە پلەیەکی بەرز جێبەجێکردوە ). دوو نمرە بە ئەلتەرناتیڤی دووەم

( بە پلەیەکی نزم جێبەجێکردووە ). یەك نمرە دراوە بە ئەلتەرناتیڤی یەکەم ( جێبەجێ نەکردووە )

- ت٣ = دووبارەبوونەوەی ئەو وەڵامانەی کە لە فۆڕمەکاندا لە ئاستی (بە پلەیەکی بەرز جێبەجێکراوە ) دانراون.
- ت٢= دووبارەبوونەوەی ئەو وەڵامانەی کە لە فۆڕمەکاندا لە ئاستی ( بە پلە یەکی نزم جێبەجێکراوە ) دانراون.
- ت١ = دووبارەبوونەوەی ئەو وەڵامانەی کە لە فۆڕمەکاندا لە ئاستی (جێبەجێنەکراوە ) دانراون.
- مج = کۆی دوبارە بووەکان.

٣- کێشی سەدی: بۆ خستنەڕووی بەهای کێشی سەدی بڕگەکان و ڕەهەندەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە.

$$\text{کێشی سەدی} = \frac{\text{ناوەندی شیاو}}{\text{بەرزترین نمرە}} \times ١٠٠$$

( احمد ، ٢٠٠٣ ، ص ٤٧ )

* بەرزترین نمرە: بەرزترین پلە لە پێوەرە سێ ڕەهەندیەکەی لەخۆ گرتووە کە ( ٣ ) یە.

# بەشی چوارەم

# خستنەڕووو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

## ٤-١ خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان:

ئەم بەشە خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەو ئەنجامانە لەخۆ دەگرێت کە لێکۆڵەر پێیگەیشتووە لەبەر ڕۆشنایی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە کە بریتییە لە (( هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر ))دا .

لێکۆڵەر هەستاوە بە ڕیزکردنی بڕگەکانی هەر ڕەهەندێك بەشێوەیەکی سەربەرەوخوار بەشێوەی شیاوی زۆر بۆ کەمتر شیاوی ، لێکۆڵەر شیکردنەوەی بۆ ئەو بڕگانە کردووە کە شیاویان زۆرترە لە هەر ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانی ناو فۆڕمی ڕاپرسییەکەدا کە ئەم ڕەهەندانەیە ( ڕەهەندی ئامانجەکان ، ڕەهەندی کەسێتی ، ڕەهەندی هەڵسەنگاندن ، ڕەهەندی هۆکارەکانی فێرکردن ، ڕەهەندی نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی وانەکە ، ڕەهەندی پەرەپێدانی لێهاتوویی و بەهاو ئاراستەکان ، ڕەهەندی بەڕێوەبردنی پۆل و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان ).

لێکۆڵەر لە کاتی شیکردنەوەی ئەنجامەکاندا هەندێك هەنگاوی پەیڕەو کردووە ، وەکو:

- لێکۆڵەر بە باشی زانیوە کە تەنها بڕگە لاوازەکانی هەر ڕەهەندێك شیبکرێنەوە ، هاوکات لەبەر زۆری خشتەی ناوەندەکانی شیاو و کێشی سەدییەکانیان ، زۆرینەی بڕگە لاوازەکان پێکەوە شیکراونەتەوە.
- بۆ دەرهێنانی نرخی ناوەندی شیاوی بڕگەکان ، لێکۆڵەر وەڵامە دووبارەکانی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکەی ، بە پێی ڕەهەندە دانراوەکان (( بە پلەیەکی بەرز جێبەجێکراوە )) ، (( بە پلەیەکی نزم جێبەجێکراوە )) ، (( جێبەجێنەکراوە )) ژماردووە ، بۆ ئەژمارکردنی ئەم نرخانەش ( سێ ) نمرە دراوە بە ڕەهەندی یەکەم و ( دوو ) نمرە دراوە بە ڕەهەندی دووەم و ( یەك ) نمرە دراوە بە ڕەهەندی سێیەم.
- ناوەندی شیاوی پێوەرە سێ ڕەهەندییەکە دادەنرێت بە (٣) ، کە پێوەرێکە بۆ جیاکردنەوەی لایەنی بەهێز و لاوازی بڕگەکان ، هەر بڕگەیەك ناوەندی شیاوەکەی (٢) یان بەرزتر بوو لایەنی بەهێز دەنوێنێت ، ئەگەر لە (٢) کەمتر بوو ، لایەنی لاوازی ئاستی کارڕاییەکان دەنوێنێت.

دواتر بە پشت بەست بە دیاریکردنی ناوەندی شیاوی ڕەهەند و بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە و بەراوردکردنی بە ناوەندی ژمێرەیی و پلەی ڕەهەندەکان

ئەوەی کە بە دوای ئەوەدا دێت ، خستنەڕووییەکی وردە بۆ شیکردنەوەی ئەنجامەکان ، دەربارەی ڕەهەندەکە بەشێوەیەکی تایبەتی و بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە بەشێوەیەکی دروست ، لەبەر ڕۆشنایی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە کە بریتییە لە (( هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر ))دا .

لێکۆڵەر پشتبەست بووە بە ڕاوبۆچوونی هەندێك لەو پسپۆڕانەی کە پێشتر لێکۆڵینەوەیان لەم بوارەدا ئەنجامداوە ، هەروەها بە خوێندنەوەی هەندێك لە لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا. لەم ڕێگەیەوە گەیشت بە ئەنجامێك کە وەڵامی ئەم ئامانجە بداتەوە ، بە ئەژمارکردنی ناوەندی شیاوی سەرجەم ڕەهەندەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە.

**تێکڕای ناوەندی شیاو و کێشی سەدی ڕەهەند و بڕگەکان:**

**ڕەهەندی یەکەم/ ئامانجەکان:**

ئەم ڕەهەندە ( ٧ ) بڕگەی لەخۆ گرتووە کە ناوەندی شیاو و کێشی سەدی ئاستی کارڕاییەکانی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا سەبارەت بە ڕادەی کارڕاییەکانی بەدیهێنانی ئامانجەکان لە وانەوتنەوەدا دیاریدەکات . هەروەك لە خشتەی (٤-١) دەردەکەوێت ، لێکۆڵەر بەمشێوەیە ئاستی کارڕایی مامۆستایانی لە بەدیهێنانی ئامانجەکاندا دەخاتە ڕوو:

ئەنجامی فۆڕمی هەڵسەنگاندنی کارڕاییەکانی مامۆستایان لە ڕەهەندی ئامانجەکاندا بۆ مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی وەك لە خشتەی (٤-١)دا نیشاندراوە .

ناوەندە شیاوەکان دەکەوێتە نێوان ( ١,٦٩ – ٢,٥٦ ) کێشی سەدییەکان دەکەوێتە نێوان ( ٣٣,٥٦ – ٨٨,٥٧ )

بەشێوەیەکی گشتی تێکڕای ناوەندی ژمێرەیی ناوەندی شیاوی بڕگەکانیش دەکاتە ( ٢,١١ ) و کێشی سەدییەکەشی ( ٧٠,٤٧ )یە.

سەرجەم بڕگەکانی ڕەهەندی ئامانجەکان کە ژمارەیان (٧) بڕگەیە بە بەهێزی دەرکەوتوون تەنها بڕگەی شەشەم نەبێت ، بەرزترین ناوەندی شیاوی ڕەهەندەکە بڕگەی (٣)یە بە پێی فۆڕمی ڕاپرسییەکە کە بە پلەی (١) هاتووە لە ریزکردندا ،

ئەم ئاستە بەرزە دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدانی مامۆستایان بە ئامانجەکان و کارکردن بۆ دیاریکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

لە لایەکی دیکەوە دیاریکردنی ئەم ڕەهەندە لە پلەی یەکەمدا دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدانی ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە لە مامۆستایان کە پێویستە ئامانجەکانی بابەتەکە بێتە دی ، بەبێ دیاریکردنی ئامانجەکان بەشێوەیەکی زانستی و دروست ، پاشان پلان و نەخشەکێشان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکان ناتوانرێت پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بگاتە مەبەست ، بۆیە لە خشتەکەدا بەهێزی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وانەکە بە ڕوونی دەرکەوتووە ، کە ئەمەش خاڵێکی گرنگ و بایەخدارە.

لەم ڕەهەندەدا بڕگەکانی ( ١ ، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٧ ) بەهێزی دەنوێنن بە پێی ناوەندی شیاو و کێشی سەدی بڕگەکان ، هەرچی بڕگەی (٦) لاوازی دەنوێنێت کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئاستی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا کە تواناى دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکانیان نییە بەشێوەیەك کە توانای پێوانەکردنی ئەم ئامانجانەیان نییە بە پێی ڕێنماییەکان ، بەشێکی دیکەی هۆکاری ئەم لاوازییەی مامۆستایان دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی سەرپەرشتیاران کە بەدواداچوونیان وەك پێویست نەبووە لەگەڵ مامۆستایان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ڕەفتارییەکان و ئاشنانەکردنی مامۆستایان بەم بەشەی ئامانجەکان کە دەبێتە گرنگترین بەشی ئامانجەکان لە بواری پەروەردە و فێرکردندا ، لە لایەکی دیکەوە بەشێکی دیکەی هۆکاری ئەم لاوازییەی بڕگەی (٦)ی ڕەهەندی ئامانجەکان دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵکردنی ئامانجە جیاوازەکان لە لایەن هەندێك لە مامۆستایانەوە و جیانەکردنەوەیان لە یەکتری بە شێوەیەکی دروست.

**خشتەی ( ٤ - ١ )**
**ڕەهەندی ئامانجەکان**

| ز | زنجیرە لە فۆڕمی ڕاپرسییەکەدا | ڕەهەندی ئامانجەکان | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٣ | بەکارهێنانی پەرتووکی قوتابخانە لە دارشتنی ئامانجە فێرکارییەکاندا. | ٢.٥٦ | ٨٨.٥٧ |
| ٢ | ٥ | ئاشناکردنی فێرخوازان بە ئامانجە تایبەتەکانی وانەکان. | ٢.١٨ | ٧٢.٦٦ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ١ | دیاریکردنی ئامانجەکانی وانەکان بەشێوەیەکی پێشوەختە. | ٢.١١ | ٧٠.٣٣ |
| ٤ | ٧ | داڕشتنی ئامانجە ویژدانییەکان بەشێوەیەك توانای پێوانەی هەبێت. | ٢.٠٨ | ٦٩.٤٠ |
| ٥ | ٢ | داڕشتنی ئامانجە فێرکارییەکان بە دەستەواژەی ڕوون و ئاشکرا. | ٢.٠٥ | ٦٨.٣٣ |
| ٦ | ٤ | دیاریکردن و ڕونکردنەوەی ئامانجەکانی زمانی کوردی بۆ فێرخوازان لە سەرەتای ساڵەوە. | ٢.٠٢ | ٦٧.٣٣ |
| ٧ | ٦ | داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان بەشێوەیەك توانای پێوانەی هەبێت بە پێی ڕێنماییەکان. | ١.٦٩ | ٥٦.٣٣ |
| | | **تێکڕا** | ٢.١١ | ٧٠.٤٧ |

**ڕەهەندی دووەم / کەسێتی:**

ئەم ڕەهەندە ( ١٠ ) بڕگەی لەخۆگرتووە ، تێیدا ناوەندی شیاو و کێشی سەدی ئاستی کارڕاییەکانی مامۆستایان ، سەبارەت بە ئاستی کارڕاییەکانی ڕەهەندی کەسێتی دیاری دەکات.

هەروەك لە خشتەی ( ٤ - ٢ )دا دەردەکەوێت ، لێکۆڵەر بەمشێوەیە ئاستی کارڕاییەکانی ڕەهەندی کەسێتی مامۆستایان دەخاتە ڕوو:

ناوەندە شیاوەکان دەکەوێتە نێوان ( ١,٧٥ – ٢,٧٧ ) کێشی سەدییەکان دەکەوێتە نێوان ( ٥٨,٣٣ – ٩٢,٣٣)

ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسیکردنی کارڕاییەکانی ڕەهەندی کەسێتی مامۆستایان .

بەشێوەیەکی گشتی تێکڕای ناوەندی ژمێرەیی ناوەندی شیاوی بڕگەکانیش دەکاتە ( ٢.١٣ ) و کێشی سەدییەکەشی ( ٧١.٢٦ )ە.

زۆرینەی بڕگەکانی ڕەهەندی کەسێتی بە بەهێز دەرکەوتوون کە ژمارەیان ( ٧ ) بڕگەی بەهێز و ( ٣ ) بڕگەی لاوازە و کۆی بڕگەکانی ئەم ڕەهەندەش ( ١٠ ) بڕگەیە بە پێی فۆرمی ڕاپرسیکردنەکە ، سەبارەت بە بڕگەکانی کە دەکەونە خانەی بەهێزییەوە بریتین لە بڕگەکانی ( ٩ ، ١٠ ، ١١ ، ١٢ ، ١٣ ، ١٤ ، ١٦ )ە

ئەمەش ئەو ڕاستییە بە باشی دەسەلمێنێت کە مامۆستایان بایەخیان بە زۆرێك لە لایەنەکانی کەسێتی خۆیان داوە و تا ڕادەیەکی باش هەوڵی بەرجەستەکردنیان داوە لە پرۆسەی وانەوتنەوە و هێنانەدی مەبەست و ئامانجەکاندا لە بواری پەروەردە و فێرکردندا.

هەرچی بڕگە لاوازەکانیشە کە ( ٨ ، ١٥ ، ١٧ )ە ئەمانە دەکەونە ژێر ئاستی دیاریکراوەوە بۆ بەهێزی بڕگەکان ، دیارە پەیوەندی بە تێنەگەیشتن و بەئاگانەبوونی مامۆستایانە لەم سێ بڕگەیەدا کە وەك پێویست نەبووەتە جێی بایەخ و سەرنجیان بێ گومان کاریگەری دەبێت لەسەر ئاست و لێهاتوویی مامۆستایان لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا ، هەروەها کەمی ئاستی زانیاری گشتی و خۆڕۆشنبیرکردن لە لایەن هەندێك لە مامۆستایانەوە بوونەتە هۆکاری دەرکەوتنی ئەم بڕگانە بە لاوازی لە ڕەهەندی دووەمی فۆرمی ڕاپرسییەکەدا.

**خشتەی ( ٤-٢ )**

**ڕەهەندی کەسێتی**

| ز | زنجیرە لە فۆڕمی ڕاپرسییەکەدا | ڕەهەندی کەسێتی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٠ | ڕێزگرتن لە ڕاوبۆچوونی فێرخوازان. | ٢.٧٧ | ٩٢.٣٣ |
| ٢ | ١١ | توانای کۆنترۆڵکردنی فێرخوازان. | ٢.٢٩ | ٧٦.٣٣ |
| ٣ | ١٢ | بەکارهێنانی پاداشت و سزای شیاو لە کاتی گونجاودا. | ٢.٢١ | ٧٣.٦٦ |
| ٤ | ١٤ | بایەخدان بە جیاوازی تاکایەتی لە نێوان فێرخوازاندا لە شیکردنەوەی بابەت و چالاکییەکاندا. | ٢.١٨ | ٧٢.٦٦ |
| ٥ | ١٦ | بایەخدان بە ئاست و خواستی فێرخوازان ، هەوڵدان بۆ پەرەپێدانیان. | ٢.١٤ | ٧١.٣٣ |
| ٦ | ٩ | بوونی متمانە بەخوود. | ٢.٠٨ | ٦٩.٤٠ |
| ٧ | ١٣ | گفتوگۆکردن بە شێوازێکی باش و گونجاو لەگەڵ فێرخوازاندا. | ٢.٠٦ | ٦٨.٦٦ |
| ٨ | ١٥ | پێدانی کاتی تەواو بە فێرخوازان بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە. | ١.٩٩ | ٦٦.٣٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٩ | ٨ | بوونی کەسێتییەکی بەهێز و کاریگەر لەسەر فێرخوازان. | ١.٩١ | ٦٣.١٦ |
| ١٠ | ١٧ | بەکارهێنانی شێوازی جیاواز لە هەڵسوکەوت بە پێی ئاست و لێهاتوویی فێرخوازان. | ١.٧٥ | ٥٨.٣٣ |
| | | **تێکڕا** | ٢.١٣ | ٧١.٢٦ |

**ڕەهەندی سێیەم / هەڵسەنگاندن :**

ئەم ڕەهەندە ( ٢٥ ) بڕگەی لەخۆگرتووە ، تێیدا ناوەندی شیاو و کێشی سەدی ئاستی کارڕاییەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان دیاریدەکات ، وەك لە خشتەی ( ٤-٣ )دا خراوەتە ڕوو.

ناوەندە شیاوەکان دەکەوێتە نێوان ( ١,٣٣ – ٢,٥٠ ) کێشی سەدییەکان دەکەوێتە نێوان ( ٤٤,٣٣ – ٨٣,٣٣ )

بەشێوەیەکی گشتی تێکڕای ناوەندی ژمێرەیی ناوەندی شیاو و کێشی سەدی سەرجەم بڕگەکانی ئەم ڕەهەندە ، ناوەندی شیاو دەکاتە ( ٢.١٠ ) کێشی سەدییەکەشیان ( ٧٠.٠٣ )ە.

ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسییەکە ئەوەی سەلماندووە کە بڕگەی ( ٣٥ ) لە ڕەهەندی هەڵسەنگاندندا دەکەوێتە پلەی یەکەمەوە لە ڕووی ناوەندی شیاو و کێشی سەدییەوە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مامۆستایان لە ئاراستەکردنی پرسیارەکانیان بۆ فێرخوازان ڕێگە و شێوازی جۆراوجۆر بەکاردێنن بەوەی کە تەنها یەك جۆر پرسیار بۆ فێرخوازان ئاراستە ناکەن کە ئەمەش گرنگی خۆی هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی فێرخوازان چونکە فێربوونی چالاك پێویستی بە جۆراوجۆرکردنی پرسیارەکان هەیە و دوورکەوتنەوە لە ئاراستەکردنی پرسیاری کۆن ، هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ درککردنی مامۆستایان بە بوونی جیاوازی تاکایەتی لە نێوان فێرخوازاندا ئەمەش هۆکارە بۆ جۆراوجۆرکردنی پرسیار یان بەکارهێنانی شێواز و پرسیاری جۆراوجۆر بۆ فێرخوازان.

هەرچی بڕگەی (٢٦)ە ناوەندی شیاو و کێشی سەدی لایەنی لاواز دەردەخات ئەمەش بەهۆی نزمی ئاست و توانا و لێهاتوویی مامۆستایان لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان کات و ژمارەی پرسیارەکاندا بەشێوەیەك کە هەندێك جار فێرخوازان فریای وەڵامدانەوەی پرسیاری مامۆستا ناکەون بە هۆی زۆری یان

درێژی پرسیارەکە و کەمی کات هەر بۆیە ئەم بڕگەیە لاواز دەرکەوتووە لە ناوەندی شیاو و کێشی سەدییەوە.

لەم ڕەهەندەدا بڕگەکانی ( ١٩ ، ٢٢ ، ٢٤ ، ٢٥ ، ٢٧ ، ٢٨ ، ٢٩ ، ٣٠ ، ٣١ ، ٣٢ ، ٣٣ ، ٣٤ ، ٣٥ ، ٣٧ ، ٣٨ ، ٣٩ ، ٤٢ ) ئاستی ناوەندی شیاو و کێشی سەدییەکەیان بەهێزە ، بەڵام بڕگەکانی ( ١٨ ، ٢٠ ، ٢١ ، ٢٣ ، ٢٦ ، ٣٦ ، ٤٠ ، ٤١ ) ئاستی ناوەندی شیاو و کێشی سەدییەکەیان لاوازە.

**خشتەی ( ٤ - ٣ )**

**ڕەهەندی هەڵسەنگاندن**

| ز | زنجیرە لە فۆڕمی ڕاپرسییەکەدا | ڕەهەندی هەڵسەنگاندن | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٣٥ | ئاراستەکردنی پرسیاری جۆراوجۆر پەیوەست بە ئامانجەکانی وانەکە. | ٢.٥٠ | ٨٣.٣٣ |
| ٢ | ٢٢ | دابەشکردنی نمرەکان بە شێوەیەکی ڕاست و گونجاو بەسەر پرسیارەکاندا. | ٢.٤٥ | ٨١.٦٦ |
| ٣ | ٣٣ | ڕێزگرتنی وەڵامی فێرخوازان چ ڕاست بێت یان هەڵە. | ٢.٤٥ | ٨١.٦٦ |
| ٤ | ٢٩ | روونی پرسیارەکان لە ڕووی واتا و زمانەوانییەوە. | ٢.٣٨ | ٧٩.٣٣ |
| ٥ | ٣٤ | ئاراستەکردنی ئەو پرسیارانەی کە بیرکردنەوەی باڵای فێرخوازان دەوروژێنێت. | ٢.٣٥ | ٧٨.٣٣ |
| ٦ | ٢٤ | ریزبەندکردنی پرسیارەکان لە ئاسانەوە بۆ گران. | ٢.٣٥ | ٧٨.٣٣ |
| ٧ | ٢٧ | جۆراوجۆرکردنی هەڵسەنگاندن وەك ( زارەکی ، نووسینەکی ، کردارەکی ) | ٢.٣٠ | ٧٦.٦٦ |
| ٨ | ٣٢ | دیاریکردنی پێوەری دروست و ڕون بۆ پێوانی وەڵامی فێرخوازان. | ٢.٣٠ | ٧٦.٦٦ |
| ٩ | ٣٧ | پاڵپشتی وەڵامی ڕاست و راستکردنەوەی وەڵامی هەڵە لە ڕێگەی فیدباکەوە. | ٢.٢٧ | ٧٥.٦٦ |
| ١٠ | ٢٥ | بایەخدان بە ئاستی فێرخوازان لە | ٢.٢٤ | ٧٤.٦٦ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | دارِشتنی پرسیارەکاندا. | | |
| ١١ | ٤٢ | ئاراستەکردنی پرسیارەکان بۆ فێرخوازان وەکو یەك کۆمەڵە نەك بە شێوەی تاك. | ٢.٢٣ | ٧٤.٣٣ |
| ١٢ | ٢٨ | ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی گشتگیر وەك ( زانیاری ، هەڵچوونی) | ٢.٢١ | ٧٣.٦٦ |
| ١٣ | ٣١ | ڕەچاوکردنی دادپەروەری لە سەر ئاراستەکردن و دابەشکردنی پرسیارەکان بەسەر فێرخوازاندا. | ٢.٢٠ | ٧٣.٣٣ |
| ١٤ | ٣٩ | تۆمارکردنی تێبینییەکان لەسەر وەڵامی فێرخوازان بۆ پرسیارەکان. | ٢.١٧ | ٧٢.٣٣ |
| ١٥ | ٣٨ | بەردەوامی هەڵسەنگاندن لە کاتی وانەکەدا. | ٢.١٥ | ٧١.٦٦ |
| ١٦ | ١٩ | هاندانی فێرخوازان بۆ شیکارکردنی ڕاهێنانەکان لە ناو پۆلدا. | ٢.٠٥ | ٦٨.٣٣ |
| ١٧ | ٣٠ | بەشداریکردنی سەرجەم فێرخوازان لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا. | ٢.٠٣ | ٦٧.٦٦ |
| ١٨ | ٢١ | بایەخدانی تەواو بە شیکارکردنی پرسیاری دەرەکی . | ١.٩٣ | ٦٤.٣٣ |
| ١٩ | ٤١ | هاندانی فێرخوازان بۆ نووسینی ڕاپۆرتی بچووك لەسەر پرسیارەکان و گفتوگۆکردنیان. | ١.٨٥ | ٦١.٦٦ |
| ٢٠ | ٢٣ | خستنەڕووی پرسیارەکان بە زمانێکی پاراو و ڕاست بۆ فێرخوازان. | ١.٨٥ | ٦١.٦٦ |
| ٢١ | ٢٠ | بەکارهێنانی شێواز و ئامرازی جۆراوجۆر بۆ هەڵسەنگاندنی فێرخوازان. | ١.٧٩ | ٥٩.٦٦ |
| ٢٢ | ٣٦ | هاندانی فێرخوازان بۆ ئاراستەکردنی پرسیار بۆ مامۆستا. | ١.٧٩ | ٥٩.٦٦ |
| ٢٣ | ٤٠ | بەکارهێنانی هەڵسەنگاندنی پێشەکی و بونیادی بۆ هەموو وانەیەك. | ١.٦٩ | ٥٦.٣٣ |
| ٢٤ | ١٨ | ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کورت لە | ١.٦٧ | ٥٥.٣٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | دوای کۆتاییهاتنی هەموو وانەیەك. | | |
| ٢٥ | ٢٦ | هاوسەنگی لە نێوان کات و قەبارەی پرسیارەکاندا. | ١.٣٣ | ٤٤.٣٣ |
| | | **تێکڕا** | ٢.١٠ | ٧٠.٠٣ |

**ڕەهەندی چوارەم / هۆکارەکانی فێرکردن:**

ئەم ڕەهەندی ( ١٤ ) بڕگەی لەخۆ گرتووە ، تێیدا ناوەندی شیاو و کێشی سەدی ئاستی کارڕاییەکانی ڕەهەندی هۆکارەکانی فێرکردن لای مامۆستایان دیاریدەکات وەك لە خشتەی ( ٤ - ٤ )دا خراوەتە ڕوو.

ناوەندە شیاوەکان دەکەوێتە نێوان ( ١,٣١ – ٢,٦٥ ) کێشی سەدییەکان دەکەوێتە نێوان ( ٤٣,٦ – ٨٨,٥٧ )

بەشێوەیەکی گشتی تێکڕای ناوەندی ژمێرەیی ناوەندی شیاو و کێشی سەدی سەرجەم بڕگەکانی ئەم ڕەهەندە ، ناوەندی شیاو دەکاتە ( ٢.٠٧ ) و کێشی سەدییەکەشیان ( ٦٨.٩٩ )ە.

بڕگەی ( ٤٩ ) دەبێتە بەهێزترین بڕگەی ئەم ڕەهەندە لە ڕووی ناوەندی شیاو و کێشی سەدییەوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ درککردنی مامۆستایان بەو ڕاستییەی کە پێویستە بەکارهێنان و هەڵبژاردنی هۆکارەکانی فێرکردن بۆ وانەوتنەوە ببێتە هۆی ئەوەی کە بیرکردنەوەی فێرخوازان بوروژێنێت چونکە بەبێ بیرکردنەوەی فێرخوازان پرۆسەی پەروەردە لە ئاستێکی دیاریکراودا دەوەستێت و پێشناکەوێت ، لە لایەکی دیکەوە ئارەزووکردنی مامۆستایان بۆ ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر لە کاتی پرۆسەی وانەوتنەوەدا هۆکارێکی دیکەیە بۆ بەرزی یان بەهێزی ناوەندی شیاو و کێشی سەدی ئەم بڕگەیە.

لەم ڕەهەندەدا بڕگەکانی ( ٤٤ ، ٤٥ ، ٤٩ ، ٥٠ ، ٥٣ ، ٥٥ ، ٥٦ ) دەبنە بڕگەی بەهێز لە ڕووی ناوەندی شیاو و کێشی سەدییەکەیانەوە ، ئەمەش بەهۆی زانینی کاریگەری هۆکارەکانی فێرکردنە لەسەر ئاست و توانا و لێهاتوویی تێگەیشتنی فێرخوازان لە لایەن مامۆستایانەوە ، هەرچی بڕگەکانی ( ٤٣ ، ٤٦ ، ٤٧ ، ٤٨ ، ٥١ ، ٥٢ ، ٥٤ ) لاوازی دەنوێنن لە ڕووی ناوەندی شیاو و کێشی سەدییەکەیانەوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هۆکاری فێرکردنی پێویست و گونجاو بۆ هەندێ بابەتی وانەکان ، یان دروست بەکارنەهێنانی ئامراز و هۆکارەکانی فێرکردن لە لایەن مامۆستایانەوە و نەبوونی ئارەزووی مامۆستایان بۆ بەکارهێنانی

ئامرازەکانی فێرکردن و کەمتەرخەمی هەندێ کارگێڕی و سەرپەرشتیارەکانی بواری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

**خشتەی ( ٤ - ٤ )**

**ڕەهەندی هۆکارەکانی فێرکردن**

| ز | زنجیرە لە فۆڕمی ڕاپرسییەکەدا | ڕەهەندی هۆکارەکانی فێرکردن | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٤٩ | ئەنجامدانی ئەو چالاکیانەی کە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی فێرخواز هەیە لە پۆلدا. | ٢.٦٥ | ٨٨.٣٣ |
| ٢ | ٤٤ | بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکاری کە لە قوتابخانە هەیە وەك ئامرازەکانی ڕوونکردنەوە . | ٢.٦٠ | ٨٦.٦٦ |
| ٣ | ٥٦ | دڵنیابوون لە بینینی هۆکارەکانی فێرکاری لە لایەن سەرجەم فێرخوازانەوە بە باشی. | ٢.٤٥ | ٨١.٦٦ |
| ٤ | ٥٠ | بەکارهێنانی چالاکییە فێرکارییەکان بەشێوەی کردارەکی زیاتر لە تیۆری. | ٢.٣٩ | ٧٩.٦٦ |
| ٥ | ٤٥ | بەکارهێنانی پەرتووکی قوتابخانە و وێنە و خشتەکان لە پۆلدا. | ٢.٣٨ | ٧٩.٣٣ |
| ٦ | ٥٣ | بایەخدانی مامۆستا بە خۆشنووسی. | ٢.٣٠ | ٧٦.٦٦ |
| ٧ | ٥٥ | خستنەڕووی ئامرازەکانی فێرکاری بە باشی لە کاتی گونجاودا. | ٢.٠٨ | ٦٩.٤٠ |
| ٨ | ٤٨ | بەکارهێنانی وایتبۆرد بەشێوەیەکی ڕاست و دروست. | ١.٩٣ | ٦٤.٣٣ |
| ٩ | ٥٤ | هەڵبژاردنی ئەو ئامرازە فێرکارییانەی کە دەگونجێت لەگەڵ ئاستی گەشەی ژیری فێرخوازدا. | ١.٩١ | ٦٣.٦٦ |
| ١٠ | ٤٣ | هاندانی فێرخوازان بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەی فێرکاری جۆراوجۆر لە دەرەوەی قوتابخانە. | ١.٩٠ | ٦٣.٣٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١١ | ٥٢ | هەڵبژاردنی ئەو هۆکارە فێرکارییانەی کە زۆرترین هەستەکانی فێرخوازان دەوروژێنێت. | ١.٨٨ | ٦٢.٦٦ |
| ١٢ | ٥١ | گفتوگۆکردن لەسەر ڕۆڵی فێرخوازان لە میانەی چالاکییەکانی ناو پۆلدا. | ١.٦٦ | ٥٥.٣٣ |
| ١٣ | ٤٧ | هەڵبژاردنی هۆکاری فێرکاری گونجاو بۆ هەر بابەت یان وانەیەك. | ١.٥٤ | ٥١.٣٣ |
| ١٤ | ٤٦ | بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی ژینگەی خۆجێی وەکو سەرچاوەی فێرکردن. | ١.٣١ | ٤٣.٦٦ |
| | | تێکڕا | ٢.٠٧ | ٦٨.٩٩ |

**ڕەهەندی پێنجەم / نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی وانەکە**

ئەم ڕەهەندە ( ٢٢ ) بڕگەی لەخۆ گرتووە کە ناوەندی شیاو و کێشی سەدی ئاستی کارڕاییەکانی مامۆستایان سەبارەت بە ڕادەی نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی وانەکە دیاریدەکات ، هەر وەك لە خشتەی ( ٤ - ٥ )دا دەردەکەوێت.

ناوەندە شیاوەکان دەکەوێتە نێوان ( ١,١٥ – ٢,٥٧ ) کێشی سەدییەکان دەکەوێتە نێوان ( ٣٨,٣٣ – ٨٥,٦٦ )

بەشێوەیەکی گشتی تێکڕای ناوەندی ژمێرەیی ناوەندی شیاوی بڕگەکانیش دەکاتە ( ١.٩١ ) و کێشی سەدییەکەشی ( ٦٣.٩٣ )ە.

بڕگەی ( ٥٩ ) لەم ڕەهەندەدا دەبێتە بڕگەی بەهێز چونکە لە پلەی یەکەمدایە و لە ڕووی ناوەندی شیاو و کێشی سەدییەکەیەوە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی پێدانی کاتی گونجاو و تەواو بە فێرخوازان بۆ گفتوگۆکردن ، چونکە لە پەروەردەی سەردەمدا فێرخوازان دەبنە سەنتەر و چەقی پرۆسەی وانەوتنەوە و بایەخی تەواو دەدرێت بە فێرخوازان لە لایەن مامۆستایانەوە ئەمەش کاتێك دەبێت کە مامۆستایان کات بە فێرخوازان بدەن لە میانەی وانەوتنەوەدا بۆ دەربڕینی بیروبۆچوون و سەرنجیان لەسەر بابەت و باسەکانی وانەکان.

لەم ڕەهەندەدا بڕگەکانی ( ٥٧ ، ٥٨ ، ٥٩ ، ٦٠ ، ٦١ ، ٦٤ ، ٦٨ ، ٧٠ ، ٧٣ ، ٧٥ ، ٧٦ ) دەبنە بڕگەی بەهێز لە ڕووی ناوەندی شیاو و کێشی سەدییەکەیانەوە ، ئەمەش بەهۆی هەستکردنی بە کاریگەری و بایەخی نەخشیەکێشان و جێبەجێکردنی وانەکان لە لایەن مامۆستایانەوە ، هەروەها

جێبەجێکردنی وانەکان بەشێوەیەکی پلان بۆداڕێژراوی پێشوەختە و هەنگاو بە هەنگاو بە دوای یەکدابێت ، سەبارەت بەو بڕگانەی کە ناوەندی شیاو و کێشی سەدییەکەیان لە ئاست و پلەیەکی نزمدایە بریتیین لە بڕگەکانی ( ٦٢ ، ٦٣ ، ٦٥ ، ٦٦ ، ٦٧ ، ٦٩ ، ٧١ ، ٧٢ ، ٧٤ ، ٧٧ ، ٧٨ ) هۆکارەکەی ئەوەیە کە مامۆستایان بابەتی پلان و چۆنێتی جێبەجێکردنی بە هەند وەرناگرن یان بە پێویستی نازانن ، هاوکات مامۆستایان نایانەوێت پابەندبن بە پلانێکی دیاریکراوەوە بەهۆی کەمتەرخەمیانەوە ، هاوکات سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی وەك پێویست بایەخ نادەن بەم ڕەهەندە ، ئامانجە فێرکارییە تایبەتەکان و ڕەفتارییەکان لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە بە ڕوونی دیارینەکراوە ، هەروەها ئاشنانەبوونی هەندێ مامۆستایان بە شێواز و ڕێگا و ستراتیژی وانەوتنەوە و بەڕێکردنی وانەکە بەشێوەیەکی سادە ئەمانە هۆکارن بۆ لاوازی ناوەندی شیاو و کێشی سەدییەکەیان .

### خشتەی ( ٤ - ٥ )

**ڕەهەندی نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی وانەکە**

| ز | زنجیرە لە فۆڕمی ڕاپرسییەکەدا | ڕەهەندی نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی وانەکە | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٥٩ | پێدانی کات بە فێرخوازان بە مەبەستی گفتوگۆکردن. | ٢.٥٧ | ٨٥.٦٦ |
| ٢ | ٦١ | بەئاگابوون لە هەڵەی زانستی لە کاتی خستنەڕووی زانیاری وانەکەدا. | ٢.٥٤ | ٨٤.٦٦ |
| ٣ | ٦٤ | بەستنەوەی بابەتەکە بە بەشەکانی دیکەی ناوەڕۆکی فێرکارییەوە. | ٢.٥٠ | ٨٣.٣٣ |
| ٤ | ٦٠ | چاندنی بەهای مرۆیی و نیشتمانی و نەتەوەیی لە دەروونی فێرخوازاندا. | ٢.٤٤ | ٨١.٣٣ |
| ٥ | ٥٨ | ڕونکردنەوەی واتای چەمکە ئاڵۆزەکان لە کاتی پرۆسەی وانەوتنەوەدا. | ٢.٣٨ | ٧٩.٣٣ |
| ٦ | ٧٠ | پێداچوونەوەی هەموو یەکە و بەشێك پێش دەستکردن بە وتنەوەی بەشی دواتر. | ٢.٣٦ | ٧٨.٦٦ |
| ٧ | ٧٣ | کۆتاییهێنان بە وانەکان لە کاتی گونجاودا. | ٢.٢٩ | ٧٦.٣٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٨ | ٧٥ | کۆتاییهێنان بە وانەکە بە چالاکییەکی سوودبەخش | ٢.١٤ | ٧١.٣٣ |
| ٩ | ٥٧ | داڕشتنی پلان بە شێوەیەك کە توانای گۆڕانکاریکردنی تێدا هەبێت. | ٢.١١ | ٧٠.٣٣ |
| ١٠ | ٦٨ | بەکارهێنانی زیاتر لە ڕێگە و شێوازێك لە ڕوونکردنەوەی بابەتەکاندا. | ٢.٠٨ | ٦٩.٤٠ |
| ١١ | ٧٦ | دیاریکردنی ئەرکی ماڵەوە بۆ فێرخوازان. | ٢.٠٥ | ٦٨.٣٣ |
| ١٢ | ٦٦ | بەستنەوەی زانیاری نوێ و کۆن لە کاتی خستنەڕووی وانەکەدا | ١.٩١ | ٦٣.٦٦ |
| ١٣ | ٧٧ | ڕێکخستن و بەکارهێنانی پلان بەشێوەیەکی زانستی. | ١.٩٠ | ٦٣.٣٣ |
| ١٤ | ٧٤ | کورتکردنەوەی بابەتەکان و دیاریکردنی خاڵە سەرەکییەکان. | ١.٨٨ | ٦٢.٦٦ |
| ١٥ | ٦٥ | ڕوونکردنەوەی بیرۆکە سەرەکییەکان لە سەرەتای خستنەڕووی بابەتەکەدا. | ١.٧٢ | ٥٧.٣٣ |
| ١٦ | ٦٢ | پێدانی زانیارییەکان بەشێوەیەکی ورد و ڕاست بە فێرخوازان. | ١.٦٦ | ٥٥.٣٣ |
| ١٧ | ٧٢ | پێدانی هەلی گفتوگۆکردن بە زۆرینەی فێرخوازان لە کاتی وانەکەدا. | ١.٥٤ | ٥١.٣٣ |
| ١٨ | ٦٩ | بایەخدان بە ڕۆڵی فێرخوازان لە خستنەڕووی بابەتەکەدا. | ١.٣٣ | ٤٤.٣٣ |
| ١٩ | ٧٨ | دابەشکردنی کات بەسەر قۆناغەکانی وانەوتنەوەدا بە شێوەیەکی هاوسەنگ. | ١.٢٧ | ٤٢.٣٣ |
| ٢٠ | ٧١ | هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی فێرخوازان لە بێزاری لە کاتی خستەنەڕووی وانەکەدا. | ١.٢٢ | ٤٠.٦٦ |
| ٢١ | ٦٧ | دووبارە داڕشتنەوەی هەندێك ڕستەکان بەشێوەیەکی گونجاو بۆ زیاتر تێگەیشتنی فێرخوازان. | ١.١٦ | ٣٨.٦٦ |
| ٢٢ | ٦٣ | هاندانی فێرخوازان بۆ پێشکەشکردنی نموونەی پەیوەست بە وانەکەوە. | ١.١٥ | ٣٨.٣٣ |
| تێکڕا | | | ١.٩١ | ٦٣.٩٣ |

**ڕەهەندی شەشەم / پەرەپێدانی لێهاتوویی و بەها و ئاراستەكان**

ئەم ڕەهەندە ( ١٤ ) بڕگەی لەخۆ گرتووە كە ناوەندی شیاو و كێشی سەدی ئاستی كارڕاییەكانی مامۆستایان سەبارەت بە ڕادەی كارڕاییەكانی پەرەپێدانی لێهاتوویی و بەهاو ئاراستەكان لە وانەوتنەوەدا دیاری دەكات ، هەروەك لە خشتەی ( ٤ - ٦ )دا دەردەكەوێت.

ناوەندە شیاوەكان دەكەوێتە نێوان ( ١,٦٦ – ٢,٨٠ ) كێشی سەدییەكان دەكەوێتە نێوان ( ٥٥,٣٣ – ٩٣,٣٣ )

بەشێوەیەكی گشتی تێكڕای ناوەندی ژمێرەیی ناوەندی شیاوی بڕگەكانیش دەكاتە ( ٢.٤٥ ) و كێشی سەدییەكەشی ( ٨١.٩٧ )ە.

بڕگەی ( ٨١ ) لەم ڕەهەندەدا دەبێتە بڕگەیەكی بەهێز و لە پلەی یەكەمدا دێت لە ڕووی ناوەندی شیاو و كێشی سەدییەوە ، ئاشكرایە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدان و ئاشنابوونی مامۆستایان بەشێوەیەكی زانستی و ورد و دروست بە پێویستی بوونی گیانی هاوكاری و ڕێزگرتن و گوزارشت كردن لە لایەن فێرخوازانەوە بەشێوەیەكی ئازادانە ، لەم ڕوانگەیەوە ڕۆڵی بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیار بە ڕوونی دەردەكەوێت لە ئارامكردن و هێوركردنەوەی دەروونی فێرخوازان ئەمەش بە چاندنی گیانی ڕێزگرتن و هاوكاریكردنی یەكتری و لەگەڵ مامۆستایاندا و دەربڕینی ڕاوبۆچوونی فێرخوازان وادەكات بەردەوام لەبیركردنەوە و پرسیاركردن و داهێناندابن.

لەم ڕەهەندەدا بڕگەكانی ( ٧٩ ، ٨٠ ، ٨١ ، ٨٢ ، ٨٣ ، ٨٤ ، ٨٥ ، ٨٦ ، ٨٧ ، ٨٨ ، ٨٩ ، ٩٠ ، ٩٢ ) ناوەندی شیاو و كێشی سەدییەكەیان لایەنی بەهێزی دەردەخات ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بەئاگابوونی مامۆستایان لەسەر چۆنێتی و شێوازی گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئاست و ڕادەی بەها و لێهاتوویی و ئاراستەكان لای فێرخوازان ، چونكە جیاوازی تاكایەتی لە نێوان فێرخوازاندا بوونی هەیە بۆیە پێویست دەكات مامۆستایان هەوڵی ئەوە بدەن كە گەشەپێدانی توانای فێرخوازان بەهەند وەربگرن.

بڕگەی ( ٩١ ) لەم ڕەهەندەدا ئاستی لاوازی دەنوێنێت لە ڕووی ناوەندی شیاو و كێشی سەدییەوە ، ئەمەش بە هۆی سەرقاڵبوونی مامۆستایان تەنها بە وانەوتنەوەوە و لەبیركردنی گرنگی هەڵوێستە فێركارییەكان كە دەبنە هۆی وروژاندنی بیركردنەوە و هزری فێرخوازان.

## خشتەی ( ٤ - ٦ )

### ڕەهەندی پەرەپێدانی لێهاتوویی و بەها و ئاراستەکان

| ز | زنجیرە لە فۆڕمی ڕاپرسییەکەدا | ڕەهەندی پەرەپێدانی لێهاتوویی و بەها و ئاراستەکان | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٨١ | پەرەپێدانی گیانی هاوکاری و ڕێزگرتن و ئازادی گوزارشتکردن. | ٢.٨٠ | ٩٣.٣٣ |
| ٢ | ٨٤ | بایەخدان بە پەرەپێدانی گیانی داهێنان و نوێکردنەوە لای فێرخوازان. | ٢.٧٨ | ٩٢.٦٦ |
| ٣ | ٨٠ | ئاشناکردنی فێرخوازان بە ڕۆڵ و پێگەی زمان و ئەدەبی کوردی. | ٢.٧٥ | ٩١.٦٦ |
| ٤ | ٨٨ | ئەنجامدانی جووڵەی پێویست بۆ وروژاندنی پاڵنەری فێربوون لای فێرخوازان. | ٢.٧٤ | ٩١.٣٣ |
| ٥ | ٨٦ | بوونی حەز و ئارەزوو لای مامۆستا بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی وانەتنەوە بە شێوەیەکی کاریگەر. | ٢.٧٤ | ٩١.٣٣ |
| ٦ | ٧٩ | هاندانی فێرخوازان لەسەر ڕەفتارکردن بە شێوازی دیموکراسیانە. | ٢.٧٢ | ٩٠.٦٦ |
| ٧ | ٨٩ | بایەخدان بە وروژاندنی حەزی شیکردنەوە لای فێرخوازان. | ٢.٦٥ | ٨٨.٣٣ |
| ٨ | ٨٧ | گۆڕانکاری کردن لە تونی دەنگ و ئەنجامدانی بەرزی و نزمی لە دەنگدا. | ٢.٥٩ | ٨٦.٣٣ |
| ٩ | ٨٢ | هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی سەرنج و بیری فێرخوازان بەشێوەیەکی بەردەوام. | ٢.٣٨ | ٧٩.٣٣ |
| ١٠ | ٨٣ | پەرەپێدانی گیانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لای فێرخوازان. | ٢.٢٧ | ٧٥.٦٦ |
| ١١ | ٩٢ | بەستنەوەی هەڵوێستی فێرکاری لە پۆلدا بە پێداویستییەکانی فێرخوازان لە زانیارییەکان. | ٢.١٨ | ٧٢.٦٦ |
| ١٢ | ٩٠ | پێدانی بوار بە فێرخوازان بۆ خستنەڕووی زانیارییەکانی پێشتر یان | ٢.٠٩ | ٦٩.٦٦ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | لەسەر بابەتەکە. | | |
| ١٣ | ٨٥ | پێدانی بوار بە فێرخوازان بۆ ڕەخنەگرتن و شیکردنەوەی زانیارییەکان. | ٢.٠٨ | ٦٩.٤٠ |
| ١٤ | ٩١ | بایەخدان بەو هەڵوێستە فێرکاریانەی کە بیرکردنەوەی فێرخوازان دەوروژێنێت. | ١.٦٦ | ٥٥.٣٣ |
| تێکڕا | | | ٢.٤٥ | ٨١.٩٧ |

**ڕەهەندی حەوتەم / بەڕێوەبردنی پۆل و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان**

ئەم ڕەهەندە ( ١٥ ) بڕگەی لەخۆگرتووە کە ناوەندی شیاو و کێشی سەدی ئاستی کارڕاییەکانی مامۆستایان سەبارەت بە ڕادەی کارڕاییەکانی بەڕێوەبردنی پۆل و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان لە لایەن مامۆستایانەوە لە وانەوتنەوەدا دیاری دەکات ، هەروەك لە خشتەی ( ٤ - ٧ )دا دەردەکەوێت .

ناوەندە شیاوەکان دەکەوێتە نێوان ( ١,٢٧ – ٢,٦٢ ) کێشی سەدییەکان دەکەوێتە نێوان ( ٤٢,٣٣ – ٨٧,٣٣ )

بەشێوەیەکی گشتی تێکڕای ناوەندی ژمێرەیی ناوەندی شیاوی بڕگەکانیش دەکاتە ( ٢.١٣ ) و کێشی سەدییەکەشی ( ٧١.١٩ )ە.

لە ڕووی بەهێزی ناوەندی شیاو و کێشی سەدییەوە ، بڕگەی ( ٩٧ ) دەبێتە بەهێزترین بڕگەی ئەم ڕەهەندە ، کە ناوەندەکەی شیاو و کێشی سەدییەکەی بەرز و بەهێزە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دروستی یان سەرکەوتوویی پلان و نەخشەی مامۆستایان لە دابەشکردنی کاتەکانی هەر بەش و بڕگەیەك لە وانەوتنەوە و چالاکی ئەنجامدان ، کات و بایەخی کات لە وانەوتنەوەدا بنەمایەکی سەرەکی و گرنگە چونکە بەبێ دابەشکردن و ڕەچاوکردنی کاتی گونجاو و پێویست بۆ هەر چالاکی و بەش و لایەنێکی پرۆسەی وانەوتنەوە ، ناتوانرێت بە ئاسانی ئامانجەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن بەدیبهێنرێت ، هەروەها ئەمە دەبێتە هۆکارێك بۆ تێکەڵنەبوون و ئاڵۆزنەبوونی چالاکییەکان و مامۆستا دەتوانێت بەشەکانی وانەکە بە دروستی بڵێتەوە.

لەم ڕەهەندەدا ئەو بڕگانەی کە ناوەندی شیاو و کێشی سەدییەکەیان بەهێزە بریتین لە بڕگەکانی ( ٩٣ ، ٩٥ ، ٩٦ ، ٩٧ ، ٩٨ ، ٩٩ ، ١٠٠ ، ١٠١ ، ١٠٣ ، ١٠٤ ، ١٠٥ ) بۆ ئەمەش دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە مامۆستایان بەپێی

فۆڕمی ڕاپرسیکردنەکە توانا و ئاستیان لە بەڕێوەبردنی پۆل و بایەخدان بە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان بەهێزە ، بەڵام بڕگەکانی ( ٩٤ ، ١٠٢ ، ١٠٦ ، ١٠٧ ) لە ڕووی ناوەندی ناوەندی شیاو و کێشی سەدییەکانەوە لاوازی دەنوێنن ، بۆ ئەم بڕگانەش مامۆستایان توانای پاراستنی سیستم و پاڵپشتی کردنی ڕەفتاری دروستیان نییە بۆ فێرخوازان ، بۆ ئەمەش بایەخدانی مامۆستایان لەم ڕووەوە وەك پێویست نییە و ناتوانن بەرپرسیارێتی ببەخشنە فێرخوازان و بایەخیان نەداوە بە هەندێك هۆکاری پەیوەندیکردنی بەردەوام لەگەڵ فێرخوازاندا چونکە پرۆسەی وانەوتنەوە ئاڵۆز و گشتگیر و وردە.

**خشتەی ( ٤ - ٧ )**

**ڕەهەندی بەڕێوەبردنی پۆل و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان**

| ز | زنجیرە لە فۆڕمی ڕاپرسییەکەدا | ڕەهەندی بەڕێوەبردنی پۆل و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٩٧ | ڕەچاوکردنی کاتی دیاریکراو بۆ هەموو بەشێك لە چالاکی وانەوتنەوە. | ٢.٦٢ | ٨٧.٣٣ |
| ٢ | ١٠٠ | جێبەجێکردنی سیستمی قوتابخانەیی لە پۆلدا وەکو تۆمارکردنی فێرخوازانی نەهاتوو. | ٢.٥٩ | ٨٦.٣٣ |
| ٣ | ١٠١ | بەڕێوەبردنی پۆل بەشێوەیەك کە ئامانجە فێرکارییەکان بەدیبهێنرێت. | ٢.٥٠ | ٨٣.٣٣ |
| ٤ | ١٠٤ | توانای کۆنترۆڵکردنی خود لە کاتی ڕوودانی کێشە لە پۆلدا. | ٢.٤٢ | ٨٠.٦٦ |
| ٥ | ٩٨ | ڕێگەپێدان بە فێرخوازان بە دەربڕینی تێبینی و بۆچوونیان لە کاتی هەڵوێستی فێرکارییدا. | ٢.٢٩ | ٧٦.٣٣ |
| ٦ | ٩٣ | فەراهەمکردنی ژینگەیەکی فێرکاری گونجاو پێش هەموو وانەوتنەوەیەك. | ٢.٢٧ | ٧٥.٦٦ |
| ٧ | ١٠٣ | بایەخدان بە دادپەروەری لە بەڕێوەبردنی پۆل و ڕەفتاری فێرخوازاندا. | ٢.٢٦ | ٧٥.٣٣ |
| ٨ | ١٠٥ | ڕێکخستنی ڕۆڵی فێرخوازان بە شێوەی تاك و کۆ لە کاتی وانەوتنەوەدا. | ٢.٢٠ | ٧٣.٣٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٩ | ٩٦ | دروستکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ فێرخوازاندا لەسەر بنەمای ڕێزگرتن. | ٢.١٨ | ٧٢.٦٦ |
| ١٠ | ٩٥ | چارەسەرکردنی کێشەکان ڕاستەوخۆ دوای ڕوودانیان. | ٢.٠٩ | ٦٩.٦٦ |
| ١١ | ٩٩ | هاندانی فێرخوازان لەسەر بەردەوامی و بەشداریکردنی ئەرێنی لە وانەکاندا. | ٢.٠٥ | ٦٨.٣٣ |
| ١٢ | ١٠٦ | بەشداریکردنی فێرخوازان لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیدا وەك پاراستنی کەل و پەلەکان. | ١.٨٨ | ٦٢.٦٦ |
| ١٣ | ٩٤ | پاراستنی سیستم لە ناو پۆلدا. | ١.٧٢ | ٥٧.٣٣ |
| ١٤ | ١٠٧ | بایەخدان بە هۆکاری پەیوەندی کردنی جۆراوجۆر لەگەڵ فێرخوازاندا وەك بزەپێکەنین و هتد. | ١.٧٠ | ٥٦.٦٦ |
| ١٥ | ١٠٢ | پاڵپشتیکردنی ڕەفتاری دروست و ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری هەڵە لە پۆلدا. | ١.٢٧ | ٤٢.٣٣ |
| | | تێکڕا | ٢.١٣ | ٧١.١٩ |

# بەشی پێنجەم

## ٥-١ دەرئەنجامەکان

## ٥-٢ ڕاسپاردەکان

## ٥-٣ پێشنیازەکان

### ١-٥ دەرئەنجامەکان:

لێکۆڵینەوەکە بە کۆمەڵێك دەرئەنجامی گرنگ گەیشتووە وەك:

١. بەشێوەیەکی گشتی نواندنی کارڕاییەکانی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا لە ئاستێکی بەهێزدایە ، ئەمەش بە بەراوردکردنی تێکڕای گشتی ناوەندی شیاوی سەرجەم ڕەهەندەکان لەگەڵ پێوەری دیاریکراوی لێکۆڵینەوەکەدا ، چونکە لە کۆی حەوت ڕەهەند کە بریتین لە ( ئامانجەکان ، کەسێتی ، هەڵسەنگاندن ، هۆکارەکانی فێرکردن ، نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی وانەکە ، پەرەپێدانی لێهاتوویی و بەها و ئاراستەکان ، بەڕێوەبردنی پۆل و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان ) ، شەش ڕەهەندیان ئاستی بەهێزیان نواندووە .

٢. ئاستی نواندنی کارڕاییەکانی ڕەهەندەکانی ( ئامانجەکان ، کەسێتی ، هەڵسەنگاندن ، هۆکارەکانی فێرکردن ، پەرەپێدانی لێهاتوویی و بەها و ئاراستەکان ، بەڕێوەبردنی پۆل و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان ) لای مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتیدا ، ئاستێکی بەهێز و پەسەندیان هەیە ، چونکە بەشێوەیەکی گشتی ناوەندی شیاوی زۆرینەی بڕگەکان لە پلەی دوو تێپەڕی کردووە.

٣. ڕەهەندی ( نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی وانەکە ) ئاستێکی لاوازی نواندووە ، چونکە بەشێوەیەکی گشتی ناوەندی شیاوی زۆرینەی بڕگەکان لە پلەی دوو تێپەڕی نەکردووە .

٤. هەندێك بڕگەکان لە سەرجەم ڕەهەندەکاندا دەکەونە پلەی یەکەمەوە ، ئەمەش بە هۆی بایەخدانی مامۆستایانەوە بەم بڕگانە لە وانەوتنەوەدا ، کە ئەمانەن:

- بەکارهێنانی پەرتووکی قوتابخانە لە داڕشتنی ئامانجە فێرکارییەکاندا.
- ڕێزگرتن لە ڕاوبۆچوونی فێرخوازان.
- ئاراستەکردنی پرسیاری جۆراوجۆر پەیوەست بە ئامانجەکانی وانەکە.
- ئەنجامدانی ئەو چالاکیانەی کە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی فێرخوازان هەیە لە پۆلدا.
- پێدانی کات بە فێرخوازان بە مەبەستی گفتوگۆکردن.
- پەرەپێدانی گیانی هاوکاری و ڕێزگرتن و ئازادی گوزارشتکردن.
- ڕەچاوکردنی کاتی دیاریکراو بۆ هەر بەشێك لە چالاکی وانەوتنەوە.

لە لایەکی دیکەوە هەندێك بڕگەکان لە سەرجەم ڕەهەندەکاندا ، دەکەونە پلەی کۆتاییەوە و ئاستیان نزمە ، ئەمەش بە هۆی بایەخنەدانی مامۆستایان بەم بڕگانە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا ، کە ئەمانەن:

- داڕشتنی ئامانجە فێرکارییەکان بەشێوەیەك ، توانای پێوانەی هەبێت بە پێی ڕێنماییەکان.
- بەکارهێنانی شێوازی جیاواز لە هەڵسوکەوت بە پێی ئاست و لێهاتوویی فێرخوازان .
- هاوسەنگی لە نێوان کات و ژمارەی پرسیارەکاندا.
- بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی ژینگەی خۆجێیی وەکو سەرچاوەی فێرکردن.
- هاندانی فێرخوازان بۆ پێشکەشکردنی نموونەی پەیوەست بە وانەکەوە.
- بایەخدان بەو هەڵوێستە فێرکارییانەی کە بیرکردنەوەی فێرخوازان دەوروژێنێت.
- پاڵپشتیکردنی ڕەفتاری دروست و ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری هەڵە لە پۆلدا.

**٢-٥ ڕاسپاردەکان:**

لێکۆڵەر لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە ڕوو:

١- چاوپێداخشاندنەوە و گرنگیدانی زیاتر بە بابەتەکانی ناو پرۆگرامی ناو کۆلێژەکانی پەروەردە ، سەبارەت بە پێگەیاندن و ئامادەکردن و ڕاهێنانی فێرخوازانی ئەم کۆلێژانە ، بە تایبەت لە بوارەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و کارڕاییەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی ، چونکە دواتر فێرخوازانی ئەم کۆلێژانەن وەکو مامۆستا لە قوتابخانەکاندا وانە دەڵێنەوە.

٢- سوود وەرگرتن و پشتبەستن بە لیستی پێوەرەکان کە لێکۆڵەر لە هەڵسەنگاندنی کارڕاییەکانی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی پێیگەیشتووە.

٣- ئەنجامدانی خولی بەردەوام بۆ مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە سەر ڕێگاکانی وانەوتنەوە و هۆکارەکانی فێرکردن ، بە تایبەتی خولی شیاندن و ڕاهێنان و بەهێزکردن و جەختکردنەوە لەسەر لێهاتووییەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی ، بە تایبەتیش ئەو کارڕاییانەی کە مامۆستایان ئاستێکی لاوازیان نواندووە ، وەك کارڕاییەکانی ڕەهەندی نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی وانەکە.

٤- گرنگیدانی زیاتری لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتی پەروەردە بە دیاریکردن و دانانی بەرنامەیەکی دروست و زانستی بۆ پلان و نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی پرۆسەی وانەوتنەوە ، چونکە ئەو ڕەهەندەی تایبەتە بەم بابەتە ئاستێکی لاوازی نواندووە.

٥- دەکرێت لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتی پەروەردە سوود وەربگرن لە لیستی کارڕاییەکانی مامۆستایان لە پرۆسەی وانەوتنەوە لە لێکۆڵینەوەکەدا کە لە فۆڕمی ڕاپرسیکردنەکەدا هاتووە ، لەوانەش:

- سەرپەرشتیارەکانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان .
- خولەکانی شیاندن و ڕاهێنان و بەهێزکردنی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی .
- مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی وەك سەرچاوەیەکی زانیاری بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی خۆیان.
- هەڵسەنگاندنی ئاستی نواندنی ( فێرخوازان ، مامۆستایان ، راهێنراوان ) لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژە پەروەردەییەکاندا.

## ٥-٣ پێشنیازەکان:

دوای ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ، لێکۆڵەر لە میانەی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە ، پێشنیازی ئەنجامدانی چەند لێکۆڵینەوەیەك دەخاتەڕوو:

١. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی هاوشێوە بەڵام لەسەر ئاستی سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بێت ، ئەمەش بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و دەرخستنی وێنەیەکی گەورەتر و ڕونتری ئاستی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا.

٢. هەڵسەنگاندنی ئاستی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە سەر ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکاندا لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا.

٣. هەڵسەنگاندنی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغی دواناوەندیدا لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا.

٤. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن ( بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی ) لە قۆناغی بنەڕەتییدا لەبەر ڕۆشنایی لێهاتووییەکانی وانەوتنەوە و پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیردا.

٥. لێکۆڵینەوەیەك ئەنجام بدرێت ، بە مەبەستی دانان و ئامادەکردنی بەرنامەیەك بۆ گەشەپێدان و بەهێزکردنی ئاستی کارڕایی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەییدا.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

**قورئانی پیرۆز**

**یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی :**


١.ئەلزەغلول ، عیماد عەبدولڕەحیم ( ٢٠١٥ ) . بنەما سەرەکییەکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی ، و : ئارام ئەمین شوانی ، هەولێر : ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە .

٢. حەمەدەمین ، رەمەزان ( ٢٠١٤ ) . ڕێگا و شێوازە تیۆری و پراکتیکییەکانی وانەوتنەوە ، چ٢ ، هەولێر : چاپخانەی ڕۆژهەڵات .

٣. ڕەسول ، ئیبراهیم ڕەسول ( ٢٠١٤ ) . دەروازەیەك بۆ وانەوتنەوە ، هەولێر: چاپخانەی نارین.

٤. سیوەیلی ، ئیدریسی ( ٢٠١٤ ) . مامۆستای کارامە و وانەوتنەوەی سەرکەوتوو ، سلێمانی : چاپخانەی شڤان.

٥. عەدەس ، عەبدولڕەحمان ( ٢٠٠٥) هونەری وانەوتنەوە ، و: محەمەد سالْح مەلا حەسەن هۆرێنی ، سلێمانی : خانەی وەرگێڕان .

٦. عەدەس ، عەبدولڕەحمان ( ٢٠١٣ ) . سایکۆلۆژیای پەروەردەیی : تیۆر و پیادەکردنی سەرەکی ، و: سەڵاح سەعدی ، هەولێر : چاپخانەی نارین .

٧. عەزیز ، کەریم ئەحمەد ( ٢٠١٢ ) . پڕۆگرامی پەروەردەیی ، سلێمانی : چاپخانەی پەیوەند.

٨. عەزیز ، کەریم ئەحمەد ( ٢٠١٤ ) . بنەما گشتییەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە ، هەولێر : چاپخانەی نارین.

٩. قەرەچەتانی ، کەریم شەریف ( ٢٠٠٩ ) . پڕۆگرامی خولی شیاندن و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاکان ، سلێمانی : زانکۆی سلێمانی.

١٠.قەرەچەتانی ، کەریم شەریف ( ٢٠١٤ ) . سایکۆلۆژیا و ریگاکاکنی وانەوتنەوە ، سلێمانی : چاپخانەی پیرەمێرد.

١١.قەرەداغی ، فواد ( ١٩٩٩ ) . بابەتەکانی پەروەردەی نوێ ، هەولێر : چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

١٢.میهرئارا ، عەلی ئەکبەر و ئەوانیتر ( ٢٠٠٥ ) . مێژووی پەروەردە و فێرکردن ، سلێمانی : بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی سلێمانی.

**دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**


١٣. ابراهيم ، مجدي ( ٢٠٠٤ ) . موسوعة التدريس ، عمان : دار الميسرة للنشر والتوزيع والطباعة .

١٤. ابراهيم ، مجدي عزيز ( ١٩٨٥ ) . بعض الكفايات التدريسية ، ط٣ ، بغداد.

١٥. ابن خلدون ( ٢٠٠٦ ) . مقدمة ابن خلدون ، تحقيق علي عبدالواحد وافي ، ط٩ ، بيروت : دار الكتب العلمية .

١٦. ابو حطب ، فؤاد ( ١٩٧٣ ). التقويم النفسي ، ط٣ ، القاهرة : مكتبة الانجلو.

١٧. أبو حطب ، فؤاد ( ١٩٨٦ ) . تقويم أداء المدرسين ، القاهرة : عالم الكتب.

١٨. أبو رياش ، حسين محمد ( ٢٠٠٧ ) . التعلم المعريفي ، عمان : دار الميسرة .

١٩. أبو صعيليك ، حامد ( ٢٠٠٨ ) . اتجاهات حديثة في الادارة التربوية ، ط٢ ، عمان : دار غيداء للطباعة والنشر .

٢٠. ابو صويج ، مروان ( ٢٠٠٢ ) . القياس والتقويم في التربية وعلم النفس ، ط٥ ، عمان : دار الثقافة .

٢١. أبو علام ، رماء محمود ( ٢٠٠٥ ) . تقويم التعلم ، عمان : دار الميسرة للنشر و التوزيع والطباعة .

٢٢. أبو لبدة ، سبع ( ١٩٨٧ ) . مبادىء القياس النفسي والتقييم التربوي ، ط٢ ، عمان.

٢٣. ابو هلال ، احمد ( ١٩٨٣ ) . تحليل عملية التدريس ، عمان : بمطبعة عمال.

٢٤. احمد ، احمد ابراهيم ( ٢٠٠٣ ) . الجودة الشاملة في الادارة التعليمية و المدرسية ، ط٢ ، الاسكندرية : دار الوفاء .

٢٥. احمد ، حافظ ( ٢٠٠٣ ) . ادارة المؤسسات التربوية ، ط٢ ، القاهرة : مطبعة عالم الكتب .

٢٦. احمد ، محمد عبدالسلام ( ١٩٦٠ ) . القياس النفسي والتربوي ، ط٢ ، القاهرة.

٢٧. احمد ، مظفر جراد ( ١٩٨٩ ) . بناء مقياس لتقويم اداء مدرسين ، بغداد : مطبعة المعارف .

٢٨. بحري ، منى يونس ( ١٩٨٥ ) . المنهج والكتاب المدرسي ، بغداد : مطبعة جامعة بغداد .

٢٩. بشور ، منير ( ١٩٨٤ ) . اعداد المعلم مسؤولية مشتركة ، ط٢ ، بيروت : مطبعة الاجيال .

٣٠. بهاء الدين ، حسين كامل ( ١٩٩٩ ) . التعليم و المستقبل ، ط٢ ، القاهرة : الهيئة المصرية العامة للكتاب .

٣١. البوهي ، فاروق ( ٢٠١٠ ) . دراسات في اعداد المعلم ، بيروت : دار المعرفة .
٣٢. البياتي ، عبدالجبار توفيق ( ١٩٧٧ ) . الاحصاء الوصفي والاستدلالي ، بغداد.
٣٣. البياتي ، عبدالله سليم ( ١٩٨٥ ) . تقويم برنامج طرائق تدريس العامة ، بغداد.
٣٤. بيدي ، مهند ( ٢٠٠٤ ) . المضامين النوعية في التعليم ، ط٣ ، غزة : ندار القلم لنشر وطباعة.
٣٥. البيلاوي ، حسن حسين ( ٢٠٠٦ ) . الجودة الشاملة في التعليم ، ط٢ ، عمان : دار الميسرة.
٣٦. جابر ، عبدالحميد جابر ( ١٩٩٢ ) . مرشد المعلم ، ط٢ ، القاهرة : مطبعة عالم الكتب.
٣٧. جاد ، ايناس محمد عبدالخالق ( ٢٠٠٣ ) . تقويم معلم الرياضيات ، ط٣ ، بيروت : دار النبلاء .
٣٨. الجاعذب ، محمد عبدالرحمن ( ٢٠٠٢ ) . النهج التقويم في مهنة التعلم ، عمان : دار وائل للنشر والتوزيع .
٣٩. جامل ، عبدالرحمن عبدالسلام ( ٢٠٠١ ) . الكفايات التعليمية في القياس والتقويم ، ط٢ ، عمان : دار المناهج للنشر .
٤٠. جبر ، رضية مطر ( ١٩٨٧ ) . تقويم الكفاية المهنية لمدرسين ، ط٢ ، بغداد.
٤١. جرادات ، عزة ( ١٩٩٠ ) . التدريس الفعال ، ط٢ ، عمان : مكتبة دار الفكر .
٤٢. الجلبي ، سوسن شاكر ( ٢٠٠٥ ) . اساسيات بناء الاختبارات و المقاييس النفسية والتربوية ، دمشق : مؤسسة علاء الدين للطباعة والتوزيع .
٤٣. جويلي ، مها ( ٢٠٠٢ ) . المتطلبات التربوية لتحقيق الجودة الشاملة ، الاسكندرية : دار الوفاء للطباعة و النشر .
٤٤. حبيب ، مجدي ( ١٩٩٦ ) . التفكير والاسس النظرية والاستراتيجيات ، ط٢ ، القاهرة : مكتبة النهضة .
٤٥. الحريري ، رافدة ( ٢٠١١ ) . الجودة الشاملة في المناهج وطرق التدريس ، عمان : دار الميسرة ،.
٤٦. حسن ، عبد المنعم خيري ( ٢٠٠٧ ) . القياس و التقويم ، رياض : مركز الكتاب الاكاديمي.

٤٧. حسين ، سلامة عبدالعظين ( ٢٠٠٧ ) . استراتيجيات ادارة الصراع المدرسي ، عمان : دار الفكر.
٤٨. الحمادي ، عبدالله ( ٢٠٠٤ ) . القياس و التقويم النفسي والتربوي ، عمان : مركز يزيد للنشر.
٤٩. الحمادي ، عبدالله وآخرون ( ٢٠٠٤ ) . القياس والتقويم بين النظرية والتطبيق ، عمان : دار وائل للنشر والطباعة .
٥٠. حمدان ، محمد زياد ( ١٩٨٥ ) . التفيذ العلمي للتدريب بمفاهيم تقنية وتربوية حديثة ، عمان : دار التربية الحديثة.
٥١. الحموز ، محمد عواد ( ٢٠٠٤ ) . تصميم التدريس ، ط٢ ، عمان : دار الوائل للنشر والتوزيع.
٥٢. حياريني ، محمد سعيد ( ١٩٨٥ ) . اساسيات القياس والتقويم ، أربد : مطبعة جامعة اليرموك.
٥٣. الحيلة ، محمد محمود ( ٢٠٠٨ ) . تصميم التعلم ، ط٤ ، عمان : دار الميسرة.
٥٤. خطاب ، محمد صالح ( ٢٠٠٧ ) . صفات المعلمين الفاعلين ، ط٢ ، عمان : دار الميسرة.
٥٥. الخطيب ، محمد ( ٢٠٠٢ ) . معايير الجودة الشاملة ، ط٢ ، عمان : مطبعة دار الميسرة.
٥٦. الخوري ، توما ( ٢٠٠٨ ) . القياس والتقويم في التعليم الاساسي ، ط٣ ، بيروت :مؤسسة مجد .
٥٧. الخياط ، ماجد محمد ( ٢٠٠٩ ) . اساسيات القياس و التقويم في التربية ، عمان : دار الراية للنشر والتوزيع .
٥٨. درباس ، احمد سعيد ( ١٩٩٤ ) . جودة شاملة ، الرياض : مطبعة دار الكتب.
٥٩. الدريج ، محمد ( ١٩٩٤ ) . تحليل العملية التعليمية ، الرياض : دار عالم الكتب و الطباعة والنشر والتوزيع .
٦٠. دعمس ، مصطفى ( ٢٠٠٧ ) . ادارة الجودة الشاملة في التربية و التعليم ، ط٢ ، : دار عنيداء .
٦١. دعمس ، مصطفى نمر ( ٢٠٠٨ ) . الاستراتيجيات الحديثة في التقويم ، عمان : دار عنيداء للطباعة والنشر .
٦٢. دندش ، فايزمراد ( ٢٠٠٢ ) . دليل التربية العملية واعداد المعلمين ، ط٢ ، الاسكندرية : دار الوفاء .
٦٣. دنيا ، محمود طنطاوي ( ١٩٨٢ ) . استراتيجيات تدريس ، الكويت : مكتبة الفلاح .

٦٤. الدوسري ، راشد حماد ( ٢٠١٥ ) . تقويم المعلم ، ط٢ ، القاهرة : دار الوفاء للنشر .
٦٥. راشد ، علي ( ١٩٩٣ ) . مفاهيم ومباديء تربوية ، القاهرة : دار الفكر العربي .
٦٦. ربيع ، هادي مشعان ( ٢٠١٠ ) . القياس و التقويم في التربية و التعليم ، عمان : دار زهراء.
٦٧. الرشيد ، محمد احمد ( ١٩٨٦ ) . ملفات التقويم الذاتي ، دمشق : مطبعة الشموس .
٦٨. الروسان ، فاروق ( ١٩٩٩ ) . اساليب القياس و التشخيص في التربية الخاصة ، عمان : دار الفكر للطباعة .
٦٩. ريان ، فكري حسن ( ١٩٨٤ ) . التدريس (أهدافه ، اسسه ، اساليبه ، تقويم نتائجه وتطبيقاته ) ، ط٣ ، القاهرة : عالم الكتب .
٧٠. الزاملي ، رحيم جاسم ( ١٩٨٩ ) . تقويم اداء المشرفين التربويين ، ط٣ ، بيروت : دار النبلاء .
٧١. الزوبعي ، عبدالجليل ابراهيم ( ١٩٨١ ) . مناهج البحث في التربية ، بغداد : جامعة بغداد .
٧٢. الزوواي ، خالد ، ( ٢٠٠٣ ) . الجودة الشاملة في التعليم ، ط٣ ، القاهرة : مجموعة النيل العربية .
٧٣. زيتون ، حسن ( ٢٠٠٨ ) . اصول التقويم والقياس التربوي ، ط٢ ، الرياض : الدار الصوتية للتربية .
٧٤. الزيود ، نادر فهمي ( ٢٠٠٥ ) . مبادىء القياس و التقويم في التربية ، ط٣ ، عمان : دار الفكر للنشر والتوزيع .
٧٥. سالي براون ، فال ريس ( ١٩٩٧ ) . معايير لتقويم جودة التعليم ، ت. د. احمد مصطفى حليمة ، ط٢ ، عمان : دار البيارق .
٧٦. السباعي ، مصطفى ( ١٩٩٨ ) . التكافل الاجتماعي في الاسلام ، بيروت : دار الاوراق .
٧٧. سرايا ، عادل ( ٢٠٠٧ ) . التصميم التعليمي و التعلم ذو المعنى ، ط٣ ، عمان : مطبعة دار الرائد .
٧٨. سعد ، صالح ( ٢٠٠٢ ) . برنامج تدريبي في ادارة الجودة الشاملة ، عمان.
٧٩. سعد ، محمود حسان ( ٢٠٠٠ ) . التربية العملية بين نظرية و التطبيق ، عمان : دار الفكر .
٨٠. سعيد ، ابو طالب محمد ( ٢٠٠١ ) . العوامل التربية ( الجسمية والنفسية والاجتماعية ) ، بيروت : دار النهضة العربية للطبعة .

٨١. السفاسفة ، عبدالرحمن ( ٢٠٠٥ ) . ادارة التعليم الصفي ، عمان : مركز يزيد للنشر.
٨٢. شحاتة ، احمد النجار ( ٢٠٠٣ ) . معجم المصطلحات التربوية و النفسية ، ط٢ ، القاهرة : مطبعة الدار المصرية اللبنانية.
٨٣. الشرقاوي ، حسين ( ٢٠٠٣ ) . نظام التأكد من الجودة في التعليم ، ط٢ ، القاهرة : مطبعة الاحمدي .
٨٤. شوق ، محمود احمد ( ٢٠٠١ ) . معلم القرن الحادي و العشرين ، ط٣ ، القاهرة : دار الفكر العربي .
٨٥. الشيخ ، سلمان الخضري ( ١٩٨١ ) . الكفايات اللازمة للمعلم ، ط٣ ، القاهرة : عالم الكتب .
٨٦. الشيخ ، عمر ( ١٩٨٧ ) . ادارة الصفوف والتعينات المدرسية ، عمان : مركز التأهيل التربوي.
٨٧. صالح ، ناصر ( ٢٠٠٨ ) . ادارة الجودة الشاملة في المؤسسات التربوية ، ط٤ ، عمان : دار الشروق للنشر والتوزيع .
٨٨. صرافة ، نعيم يوسف ( ١٩٥٩ ) . اصول تدريس ، ط٢ ، بغداد : مطبعة التمدن .
٨٩. صفي ، مهدي خطاب ( ١٩٩٦ ) . تقويم اداء مدرسي الاحياء في المدارس الاعدادية ، ط٤ ، بيروت : مطبعة الاوراق .
٩٠. طافش ، محمود ( ٢٠٠٦ ) . كيف يكون معلماً مبدعاً ، عمان : دار الجهينة .
٩١. الطشاني ، عبدالرزاق ( ١٩٩٨ ) . طرق التدريس العامة ، ليبيا : منشورات جامعة عمر المختار.
٩٢. طموس ، رجاء الدين حسن زهدي ( ٢٠٠٢ ) . تقويم معلمي اللغة العربية ، غزة : جامعة الاسلامية .
٩٣. عبدالرحمن ، انور حسين ( ٢٠٠٧ ) . الانماط المنهجية وتطبيقاتها في العلوم الانسانية و التطبيقية ، بغداد : شركة الوفاق .
٩٤. عبدالرضا ، عبدالزهرة باقر ( ١٩٨٩ ) . تقويم الكفايات المهنية للطلبة المطبقين ، ط٢ ، بغداد.
٩٥. عبدالسلام ، نادية ( ١٩٩٢ ) . مشكلات عند بناء الاختبارات ، القاهرة : عالم الكتب .
٩٦. عبدالفتاح ، فيصل ( ٢٠٠٩ ) . ادوات جمع البيانات والمعلومات ، ط٣ ، منامة : مطبعة وزارة التربية.

٩٧. عبدالهادي ، نبيل ( ٢٠٠٢ ) . المدخل الى القياس و التقويم التربوي ، ط٢ ، عمان : دار وائل .
٩٨. العبيدي ، هاني ابراهيم شريف ( ٢٠٠٦ ) . استراتيجيات حديثة في التدريس و التقويم ، عمان : عالم الكتب الحديث.
٩٩. عبيس ، فرحان عبيد ( ١٩٨٨ ) . الكفايات التدريسية للمدرسين ، ط٢ ، بغداد : مطبعة المعارف .
١٠٠. عثمان ، محمد ( ٢٠١١ ) . اساليب التقويم التربوي ، عمان : دار اسامة .
١٠١. عدس ، محمد علي ( ١٩٩٤ ) . الادارة الصفية والمدرسية المنفردة ، عمان : دار مجدلاوي.
١٠٢. عطية ، محسن ( ٢٠٠٨ ) . تقويم اداء المعلم ، عمان : دار المكتبة الوطنية.
١٠٣. علام ، صلاح الدين محمود ( ٢٠٠٣ ) . التقويم التربوي المؤسسي ، ط٢ ، القاهرة : دار الفكر العربي للطباعة.
١٠٤. عواضة ، هاشم ( ٢٠٠٨ ) . تطوير اداء المعلم ، بيروت : دار العلم للملايين.
١٠٥. عودة ، احمد ( ٢٠٠٢ ) . القياس والتقويم في العملية التدريسية ، عمان : دار الأمل للنشر والتوزيع .
١٠٦. عيسان ، صالحة عبدالله ( ٢٠٠٧ ) . اتجاهات حديثة في التربية ، عمان : دار الميسرة .
١٠٧. الغريب ، رمزية ( ١٩٧٧ ) . التقويم و القياس النفسي والتربوي ، القاهرة : مكتبة الانجلو.
١٠٨. فتح الله ، عبدالكريم ( ٢٠٠٧ ) . معلم الصف ( كفاياته ، مسؤولياته ، نموه المهني ) ، ط٢ ، عمان : دار طلاس .
١٠٩. الفتلاوي ، ساجد ( ٢٠٠٠ ) . تغريد التعليم في اعداد و تأهيل المعلمين ، ط٢ ، عمان : دار الشرق.
١١٠. فضل ، نبيل عبد الواحد ( ١٩٩١ ) . استراتيجيات ومهارات التدريس لمعلم التعليم الاساسي ، طنطا : كلية التربية .
١١١. الفقي ، اسماعيل محمد ( ٢٠٠٥ ) . التقويم والقياس النفسي والتربوي ، قاهرة : دار الغريب .
١١٢. فيفر ، ايزابيل ( ٢٠٠١ ) . الاشراف التربوي على المعلمين ، ت . محمد عيد ديراني ، ط٣ ، عمان : جامعة الاردنية.
١١٣. القائيمي ، علي ( ١٩٩٥ ) . اسس التربية ، بيروت : دار النبلاء.
١١٤. القبيلان ، راجي عيسى ( ٢٠٠٥ ) . اساليب التدريس الفعال ، عمان : دار الثقافة للنشر والتوزيع.

١١٥. القضاة ، محمد فرحان ( ٢٠٠٦ ) . اساسيات علم النفس التربوي النظرية والتطبيق ، ط٣ ، عمان : دار الحامد للنشر والتوزيع .
١١٦. كانتور ، نثنايل ( ١٩٥٥ ) . المعلم وعملية التعليم والتعلم ، ت. حسن سلامة الفقي ، القاهرة : دار النهضة.
١١٧. كراجه ، عبدالقادر ( ١٩٩٧ ) . سايكولوجية التعلم ، عمان : دار البازودي.
١١٨. اللقاني ، احمد ( ١٩٩٥ ) . المنهج الاسس و المكونات ، ط٢ ، القاهرة : عالم الكتب .
١١٩. اللقاني ، احمد حسين ( ١٩٨٥ ) . التدريس الفعال ، القاهرة : عالم الكتب .
١٢٠. لومان ، جوزيف ( ١٩٨٩ ) . اتقان اساليب التدريس ، ت. حسين عبدالفتاح ، عمان : مركز الكتب الاردني .
١٢١. مارون ، جورج ( ٢٠١٠ ) . أسس التقويم التربوي ومعايره ، طرابلس : المؤسسة الحديثة للكتاب .
١٢٢. مجاور ، محمد صلاح الدين ( ١٩٧٧ ) . المناهج المدرسي . اسسه و تطبيقاته التربوية ، ط٤ ، الكويت : دار القلم.
١٢٣. محمد ، مصطفى عبد السميع ( ٢٠٠٥ ) . اعداد المعلم تنميته وتدريبه ، مطبعة عمان : دار البازودي .
١٢٤. محمود ، صلاح الدين عرفة ( ٢٠٠٥ ) . تفريد تعلم مهارات التدريس بين النظرية والتطبيق ، القاهرة : عالم الكتب .
١٢٥. مدني ، غازي بن عبيد ( ٢٠٠٤ ) . الجودة الشاملة ، بيروت : مطبعة الاجيال .
١٢٦. مصطفى ، احمد ( ٢٠٠٢ ) . برنامج ادارة الجودة الشاملة ، ط٢ ، الدوحة : دار الجامعة للنشر.
١٢٧. مصطفى ، نوال النمر ( ٢٠١٠ ) . استراتيجيات التقويم في التعليم ، عمان : دار البداية.
١٢٨. مطاوي ، ابراهيم ( ١٩٨٢ ) . التربية العملية واسس طرق التدريس ، بيروت : مطبعة دار النبلاء.
١٢٩. ملحم ، سامي محمد ( ٢٠٠٢ ) . القياس والتقويم في التربية وعلم النفس ، عمان : دار الميسرة للنشر والتوزيع والطباعة ،.
١٣٠. ملحم ، سامي محمد ( ٢٠١١ ) . القياس والتقويم في التربية وعلم النفس ، ط٥ ، عمان : دار الميسرة .
